# کۆشیعری جەمال شارباژێڕی

**یەکێتیی نووسەرانی کورد**

**مەڵبەندی گشتی ١٠٤**

ناوی کتێب: کۆشیعری جەمال شارباژێڕی  –  بەرگی یەکەم

شاعیر: جەمال شارباژێڕی

دەرهێنانی هونەری و بەرگ: فەهد شوانی

چاپی یەکەم– ٢٠١٣ هەولێر

تیراژ: ٥٠٠ دانە

چاپ: چاپخانەی شەهاب– هەولێر

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (     )ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە

مافی چاپکردنەوەی بۆ یەکێتیی نووسەرانی کورد پارێزراوە

# کۆشیعری جەمال شارباژێڕی

**جەمال شارباژێڕی**

# بلاۆكراوەكانی پێشتری ئەم بەرهەمە

١ـ كسپە و سۆز ، چاپی یەكەم ١٩٥٩
كسپە و سۆز ، چاپی دووهەم ٢٠١١
٢ ـ بەستەی مەبەست ، چاپی یەكەم ١٩٦١
بەستەی مەبەست ، چاپی دووهەم ٢٠١١
٣ ـ پارچەیەک لە جگەرم ، چاپی یەكەم ١٩٦٨
پارچەیەک لە جگەرم ، چاپی دووهەم ٢٠١١
٤ ـ فرمێسكی نهێنی ، چاپی یەكەم ١٩٦٩
فرمێسكی نهێنی ، چاپی دووهەم ٢٠١١
٥ ـ لە ئەلبوومی یادگارا ١٩٨٣
ئەلبوومێكی نوێ ٢٠١١
٦ ـ ژوانگەی هەژان و ژان چاپی دووهەم ١٩٩٨
٧ ـ خەم و خۆزگە و فریشتە ، چاپی یەكەم ٢٠١١
٨ ـ لە ناخەوە ، چاپی یەكەم ٢٠١١
٩ ـ زریانێک و داستانێک و دیوانێک ، چاپی یەكەم ٢٠١١
١٠ ـ گوڵ وەنەوشەكان چاپی یەكەم ٢٠١١
١١ ـ ملوانكەی هەزار دەنكەی شارباژێڕ چاپی یەكەم ١٩٨٥
چاپی دووهەم ٢٠١٢

# کسپەو سۆز

چاپی یەکەم — چاپخانەی کامەران
سلێمانی/ ١٩٥٩

## پێشکەشە

بۆ ئەوانەی دڵ و دەروونیان ئاوێنەی نەتەوەکەیانە
بۆ گیانی پاکی شەهیدەکانی ڕێی ئازادی کورد و کوردستان
بۆ هەمو لاوێکی کوردی دڵسۆزی نیشتمان پەروەری ڕاست

جەمال شاربازێڕی
١٩٥٩

# سۆزی نیشتمان

تا دوا هەناسەی ژینم
نیشتمانی شیرینم
لەسەرمە دەت پەرستم
تۆی تاقە خۆشەویستم
گرتوومە ڕێگەی خەبات
بۆ گەیشتن بە ئاوات
بۆ بەرزی و کامەرانیت
گیان دەکەم بە قوربانیت
لە تۆ بووم و ژیاوم
ئەمانەش لەبەر چاوم
زیاتر ڕام دەپەڕێنن
هەست و هۆش دەجوڵێنن :
هەرد و باخ و بێستانت
فێنکایی کوێستانت
گردۆلکە و شاخی سەختت
چڕی دار و درەختت
دیمەنی بەهارەکەت
هاوینە هەوارەکەت
جوانی مێرغوزارەکەت

ئاوە سازگارەکەت
لە نزار قاسپەی کەوت
تاق تاقە کەرەی شەوت
باڵندەی ڕەنگینی جوان
لەم تەلان بۆ ئەو تەلان
لەم دار بۆ ئەو دار فڕین
بە جریوە و پێکەنین
خوڕە و هاژەی قەڵبەزت
لە دۆل و پلەی بەرزت
جۆگا درێژایی دۆڵ
دەڕۆن قۆڵ دەکەنە قۆڵ
لەگەڵ ئاژەڵی جوانت
دەنگی شمشاڵی شوانت
لە گوێ چەم جێیەکی خۆش
هەموو دەدەن لەیەک کۆش
دڵ دێنێتە سەما و جۆش
زاخاوی دەماخەو هۆش
**********

ئەمانە هەمووی جوانین
سروشتی کوردستانین
بۆ جوانی یەکەمینی
بەهەشتی سەرزەمینی
پڕ لە مرواری و زێڕی
خاوەنی خێر و بێری
مایەت هەزار هەزارە
کە نایەنە ژمارە
**********

ئاخ نیشتمانی نازدار

دەستی پیسی ستەمکار
نینۆکی تێ گیر کردوویت
خێر و بێرەکەی بردوویت
نەتەوەش بێ بەرییە
هاوڕێی دەردی سەرییە
ڕووت و قووت و عوریانە
برسی و بێ دەرەتانە
ژیانی تاڵ و تارە
دیلی دەستی زۆردارە
**********

درەختێکی زێڕینی ،
خاوێن و بەر شیرینی
چی بکەم لەسەر هەرچڵێ
داڵە و بالۆرە دەلێ
داڵی شووم بە زۆرداری
دەخوات بەری نازداری
مەلەکان بجریوێنن
زوو گیانیان دەردەهێنن
**********

منیش وەکوو مەلێکم
جێ نیشتەی سەرپەلێکم
ناوێرم بە سەربەستی
بخوێنم بێ دەربەستی
بەری درەختم ببڕێت
هێلانەکەم تێک بدرێت
زەق زەق چاوم تێوە بێت
نابێت نقەم لێوە بێت
**********

بەڵام هەتا هێز و تین
لە ئەندامم دا بژین

تاوەکوو تۆزقاڵێک گیان
هاوبەشم بێت لە ژیان
ماکی خۆشەویستیت بێت
پێشکەشی سەربەستیت بێت

سلێمانی ١٩٥٨/٣/٢٤

# درەخت

درەختێک ڕەگی داکوتێت
بە هێزی بیر دەخاتەوە
لەناو قەدیشدا بیبڕن
کۆڵ نادات هەڵ دەداتەوە
میللەتێکیش بریندار بێت
ستەمە هەق نەکاتەوە

١٩٥٧

# بۆ دوژمنی کورد

" چەپکە گوڵێکی هیوای ئازادی و نەبەزین بێت بۆ کورد و دڕکەزی بێت بۆ چاوی ناحەزانی "

با ئاسمان بێنێت هەور و تەم
با بیپۆشێت بەرگی ماتەم
با تۆپ و تانک ببارێنێت
باڵداری دڵ بتارێنێت
با هەڵمەت و هێرش بردن
سڵ نەکاتەوە لە مردن
نەترووکێنێت چاوی تینووی
بۆ نیشتمان وێران کردن
با کوێرانە
نەفام و جانەوەرانە
هەڵمەت بەرێت
کوشتار بکا و لەناو بەرێت
بۆ دایک بۆ باوەشەکەی
بۆ کۆرپە جگەرگۆشە کەی
بۆ خەندە خۆش و گەشەکەی
بزە و خەنین
بکات بە شین

خونچەی هیوا هەڵوەرێنێت
کوردستان سوور هەڵگەڕێنێت
لە گەنج  و پیر
لە کوڕ ، لە کچ ..
مرۆڤی ژیر
پارێز نەکات ..
بیان شێلێت بەسەر یەکدا
بە بیری خۆی لەناویان بات
دەڵێم دوژمن خەیاڵ خاوە
هێلانەی هۆشی ڕووخاوە
کورد هەر بووە و هەر دەبێت و قەت نامرێت
هیچ هێزێک بەرگەی ناگرێت
کورد دەمێنێت
واز ناهێنێت
تۆڵەی خۆشی هەر دەسێنێت
بەڵێ ، بەڵێ بازووی دەڵێت ..
ڕیشەی ناحەز دەردەهێنێت
دوژمنی کورد
دەبێت هەڵێت
**********

با کۆشکی بەرزم زیندان بێت
با مووچەم شەق  و لێدان بێت
دیل و زویر
پاوانەکەی پێم پێوەند بێت
زڕەی زنجیر
ساز و بەستەی زەماوەند بێت
با مەلی هۆنراوەی ڕووخۆش
لە گەرروودا بکەن بێهۆش

با دوو چاوی کراوە و زەق
کۆکاتەوە کاری ناهەق
با کە ووتم ڕاستیی ناسین
ئامادەم کەن بۆ هەڵواسین
دەبا دوژمن داخ بڕێژێت
خوێن بڕێژێت
سزا بەم کوردە بچێژێت
" لاشەی بە کۆمەڵ بنێژێت "
ڕۆژێک دەبێت ، بە هێزی کورد
دەستە و یەخە بە دەست و برد
ئێسک و پروسکیان بکەن .. ورد
دەبێت دەرکەوێت نەوەی کورد
نابەزن ئازان وەکوو گورد
نەوەی ئائەم خاک و خۆڵە
هەزار ئەشکەنجەی لێ کۆڵە
با کوشتن بێت
خوێن ڕشتن بێت
لەناو خوێناودا ، شتن بێت
برسێتی بێت ، نەبوونی بێت
زەبوونی بێت
بەرنادات ڕێی تێکۆشانی
کوردی مەردی کوردستانی
**********
با نەهێڵن زبانی خۆم
بەکار بێنم بۆ گفت و گۆم
با کە وشەی کوردم هێنا
شەکەتم کەن لەناو خوێنا
پاراوم کەن بە تف ، جنێو

بڵێن : دڕندەی شاخ و کێو
باڵی پەپوولەی وشەکەم
هەڵبوەرێنن ، لەسەر دەم
دەبا دوژمن
وا ڕاوەستێت بەرامبەر من
ڕۆژێک دەبێت ..
خۆری ئازادیمان هەڵ بێت
دەبێت خاوەن ئەم وشەیە
هەڵسێت بڵێت :
مافی کورد ئا ئەم بەشەیە ؟
هێرش بەرێت بڵێت ئیتر
مل کەچ ناکەم لەمە پتر
منیش کوردم .. بەشم دەوێت
گوڵی شادی گەشم دەوێت
خوێن بەم خاکە تێکەڵ بکات
ئاڵای ئازادی هەڵ بکات
کورد هەر دەبێت ڕزگاری بێت
سەرکەوتن یادگاری بێت
دەیڵێمەوە باش ڕوونە لێم
ئەم هیوایەی من نامرێت
هەر سەر دەگرێت
کورد دەمێنێت
خوێنی گەرمی جۆش دەسێنێت
ماف دەسێنێت
ڕیشەی دوژمن دەر دەهێنێت
**********

ڕزگار دەبین لەژێر دەستان
لە خاکی پاکی کوردستان

ئەوسا ئازاد و سەربەستم
دەشکێت کۆتی قاچ و دەستم
ئەوسا لە دێبەر و باخ دا
لەناو بەهەشتی دەماخ دا
لەبن چیا بەرزەکان دا
لەگەڵ هەر چوار وەرزەکان دا
بە بەستەی ئازادی وتن
بەستەی پڕ سۆزی سەرکەوتن
پەلی ژینی شادی دەگرین
لەبیر دەبەینەوە ، گرین
بە ڕەشبەڵەک
کچ ، کوڕ ، پیاو ، ژن
بە کوێرایی چاوی دوژمن
شەو و ڕۆژ دەکەین بە جەژن
هەڵ دەمژین گوڵی ئاوات
دەخۆین بەری داری خەبات

١٩٥٨

# لایە لایە

کۆرپەکەم ، جگەرسۆزکەم
خونچەی باخی نەورۆزەکەم
تۆ ئەی ساوا پیرۆزەکەم
ئەی ئاوازە بە سۆزەکەم
سەربازێک بیت بۆ هۆزەکەم
بۆ سەربڵندی کۆزەکەم
لایەلایەت بۆ دەکەم ، من
تینوو بیت بە خوێنی دوژمن
**********

کۆرپەم کوردێکی کوردی بە
بۆ نیشتمان ، نەبەردی بە
شوانی ناو چیا و هەردی بە
عەشقی گوڵاڵەی وەردی بە
خەم خۆری دار و بەردی بە
سارێژی زام و دەردی بە
لایەلایەت بۆ دەکەم ، من
تینوو بیت بە خوێنی دوژمن
کۆرپەم کوردستانت یەکسەر
بەبێ خەبات ناچێتە سەر

ئەویش زۆر کۆسپی وا لەبەر
پڕ لە ئازارە و دەردی سەر
تیژترە لە تیر و خەنجەر
بۆ کورد سنگتی بەرە بەر
لایەلایەت بۆ دەکەم ، من
تینوو بیت بە خوێنی دوژمن
**********

لە ڕێی خەبات دا نەوەستی
هەزار دیلی و خەم و پەستی
پێت کۆڵ نەدات خاک پەرستی
بۆ ڕاکێشانی سەربەستی
مل هەڵواسە بێ دەربەستی
ئەوسا لای گەل خۆشەویستی
لایەلایەت بۆ دەکەم ، من
تینوو بیت بە خوێنی دوژمن

١٩٥٨/٥/٣

# كوردايەتی

کوردم لەو کورد پەرستانە
خەباتم بۆ کوردستانە
بەناو هەزار چقڵ و دڕکا
هەموو بنی پێم ونجڕ کا
لەڕێی کوردا پێیدا دەڕۆم
تا دەگەمە ئاواتی خۆم ..
نە کۆڵ دانە ، نە وەستانە
بۆ سەربەخۆیی و ژیانە ..
شانازی یە بۆ سەرکەوتن
خەبات و خۆ بەخت کردن

١٩٥٨

# یەکیەتی

ئێمە کوردین .. یەک ڕەگەزین
ولآت پەرست و نەبەزین
یەکیەتی ئالآی ئێمەیە
یەک نەوە و یەک هەرەوەزین
**********

ئالآی یەکیەتیمان بەرزە
دوژمن دەهێنێتە لەرزە
بۆ گێتی ئاشکرا دەکەین
گەلین دەژین لەسەر ئەم ئەرزە
**********

یەکین ، سۆران ، بۆتان ، کرمانج
هەموومان هەر بۆ یەک ئامانج
تێدەکۆشین دڵسۆزانە
بێ گوێدانە تانە و توانج
**********

لەژێر سایەی یەکیەتیدا
تا سەر لە برایەتیدا
سەر و گیانمان بەخت دەکەین
لە ڕێگەی کوردایەتیدا

١٩٥٨

# کام جەژن ؟

نەتەوەکەم پەرێشان بێت
هەژار و بێ دەرەتان بێت
ملکەچی  پارووییەک نان بێت
ناکامی شادی ژیان بێت
لە چوار لاوە خوێنی بمژن
ئایا بەمە بڵێم جەژن ؟
من لانەم وێران کرابێت
ڕێی سەربەستیم تێک درابێت
شەوی ژینم بێ چرا بێت
مایەی ڕەنجەکەم برابێت
ژاری تاڵم پێ بچێژن
ئایا بەمە بڵێم جەژن ؟
**********
هەروەختێک ڕزگاری بوو کورد
خەم و پەژارەکەی ڕابورد
بەیداخی ئازادی هەڵکرد
دەسا ئەوسا " درشت و وورد "
بە کوڕ و کچ و پیاو و ژن ..
دەگێڕین ئاهەنگی جەژن

١٩٥٨

# کورد و خەبات

کورد میللەتێکە ، دلێرە
نەوەی کاوەی بەچکە شێرە
ستەمکاری پێ نەوێرە
زۆردار تینی بۆ بهێنێت
زوو تۆڵەی خۆی لێدەسێنێت
**********

کورد هەزار ئەشکەنجەی دیوە
سەد ڕێگەی دووری بڕیوە
نەبەرد بووە و نەبەزیوە
دیارە هیچ وەختێک نابەزێت
لە ئەسپەکەی دانابەزێت
**********

کورد لە پێناوی دەوڵەتا
زۆری خۆ دی لە زیللەتا
ملی هەڵواسی بە پەتا
واش سەری دانەخستووە
هەر مافی کوردی ویستووە
**********

کورد لە ڕێگەی سەربەستیدا

زۆر کۆتی دی لە دەستیدا
زۆر خۆی دی لە برسێتیدا
بەڵام هەر کۆڵی نەداوە
بەرەو پێش هەنگاوی ناوە
**********

بەڵگەیە مێژووی گەلی کورد
ئازا و دلێرن وەکوو گورد
خەباتکەرن درشت و وورد
ئەو خوێنەی کورد ڕشتوویەتی
نەخشی پەڕەی مێژوویەتی
**********

پەیمان بەم خاکە دەبەستین
ئێمە کوردین دەیپەرستین
لە خەباتا .. ڕاناوەستین
بۆ بەرزی و کامەرانی ئەو
گیان دەکەینە قوربانی ئەو

١٩٥٨/٨/٢٦

# شێر

شێر لە ڕێوی گەر بترسێت
شێری ناو مەیدانی چی ؟
لاو لە گیان کێشان بپرسێت
هەوڵ و تێکۆشانی چی ؟
خاک پەرستێک گەر بە ڕاستی ..
کورد و ڕزگاری بوێت
با لەسەر سێدارەشا بێت
بۆ گەلە ترسانی چی ؟

١٩٥٧

# کاتێک

کاتێک چاوم ڕووناک دەبێتەوە من
ببینم کورد گەیشتووە بە هیوا
ئاڵاکەمان کوێر دەکا چاوی دوژمن
گەلیش بەری ڕەنجی شانی خۆی دەخوا

١٩٥٧

# کوردم

کوردم ، کوردم
نەوەی مەردم
ئاشتی خوازم
هەر ئاشتیە بەستەی سازم
هەر ئاشتیە وتە و باسم
ئەو دەناسم
مەڵبەندی بڕوا و سوپاسم
**********

من شەڕ کەر نیم
شەڕ پەروەر نیم
ئاسایشی گشتیم دەوێت
ئاشتیم دەوێت
ژینی شادی نۆشیم دەوێت
خۆشیم  دەوێت
**********

بەڵام ئەگەر
بکەوێتە لایەنی شەڕ
شەڕکەرێکم ..
شەڕکەر ، شەڕکەر

ئەوەی شەرم پێ بفرۆشێت
باش دەینۆشێت
هەروەکو سەگ لەناو خوێندا
دەی گەوزێنم
دەیتەزێنم
دەیڕزێنم
نام بەزێنێت ، دەیبەزێنم
وڵاتەکەم ، دەپارێزم
بەرامبەر ئیمپریالیزم
زۆر بەهێزم
**********

من دەمەوێت .. بە دڵی شاد
بژیم ئازاد
وەکوو هەموو ئادەمیزاد
من ژینی سەربەستیم دەوێت
هەزاران پێویستیم دەوێت
وڵاتی سەربەخۆم دەوێت
بۆ خۆم دەوێت
**********

وڵاتی خۆم
هەر خۆم ، بۆخۆم
ئەو سامانەی هەمە دەیخۆم
بەسمە و بەس
نایدەم بە کەس
نایخەمە ناو گەرووی ناکەس
پێی دەژیم چاک
بێ پەروا و باک
وڵاتەکەم دەپارێزم

بەرامبەر ئیمپریالیزم
زۆر بە هێزم
**********

من نامەوێت ، ژێر دەستە بم
دەستگای دەستە بە دەستە بم
ئەوەی هات تێم بسرەوێنێت
واز نەهێنێت
ژێر کوتەک و چەکوچی بم
مل کەچی بم
نەشڵێم بۆچی وام لێ دەکەن
بۆچ وا بە ئەم دەردەم دەبەن
هەرچیم هەبێت لێم بسەنێت
لە پاشدا پێم پێ بکەنێت
**********

نەء دوژمن با چاک بزانێت
کە ناتوانێت ..
چونکە کوردم
نەوەی مەردم
وڵاتەکەم دەپارێزم
بەرامبەر ئیمپریالیزم
زۆر بە هێزم
**********

من ئەو کوردەم
ئەو کوردە مەردە نەبەردەم
پەروەردەی ئەم شاخ و هەردەم
هەردەم ، هەردەم
من ئەو لاوەم
نەوەی کاوەم

لە نەوەی صلاحەدینم
بەهێزە ئایین و دینم
هێزی دوژمن
چۆن دەتوانێت کەوا لە من
نزیک دەبێت
لەوانە بێت
چونکە کوردم
نەوەی مەردم
وەک شێر دڕم
جەرگی دوژمن هەڵ دەدڕم
ئەو دار بێت من وەک ئاگرم
گڕ دەگرم
ئەو دەگرم
دەیکوژم بە .. ئازار و ئێش
دەیکەم بەچی ؟
_ بە خۆڵەمێش
*********
کوردم ، ڕۆڵەی کوردستانم
کە هەڵچووم لە نەوەستانم
نا .. نابەزم
سوارەی خەباتی سەربەرزم
دا نابەزم
بۆمبای دەروون دەتەقێنم
تەختی دوژمن دەلەقێنم
دەیڕووخێنم
با بۆ نیشتمان بێت ، خوێنم
سەر و گیانم بۆ ئەو دەوێت
خۆشم دەوێت

دەمەوێت ئاڵای نە نەوێت
سەربکەوێت
وڵاتەکەم دەپارێزم ..
بەرامبەر ئیمپریالیزم
زۆر بە هێزم

چوارتا ١٩٥٨/٩/٩

# شۆخی لادێ

ئەی شۆخ وشەنگی لادێ یی
بێ ناز گەورەبووی چۆڵ و هۆڵ
سوورەگوڵی هەمیشەیی
ئەندام وردیلەی نەرم و نۆڵ
**********

ئەو سەرنجەی ڕایکێشاوم
ئەو بەژنە ڕێک و پێکەتە
ئەو مەلەیەی دەیکات چاوم
لەناو دەریای جوانێکەتە
**********

ئەو دوو چاوە مەستە گەشەت
لە کام جوان دا وێنەی هەیە
ئەو برژانگ و ئەبرۆ ڕەشەت
ئەوەی لێی دەچیت کامەیە ؟
**********

چەند دڵگیرە خونچەی لێوت ..
بە بزەت دەگەشێتەوە
یاخود گۆنای شەکرە سێوت
گەش و ئاڵ دەدرەوشێتەوە
**********

یان کە بەرەو کانی دەڕۆیت
گۆزە بە شان هەڵ دەگریت
وەکوو کۆتر چەند لەسەر خۆیت
وردە وردە ڕێگە دەبڕیت
**********

یاخود زوڵفی تێک ئاڵاوت
داوتە بە سەریدا ، پۆشین
دەستی بازن تێکراوت
لە ئاڵ و مۆر و سوور و شین
**********

دوو سێوی بەری باخی سنگ
سوخمەی بەرز کردۆتەوە
گەییون وەختی چوونە چنگ
تۆپەرست سوێی بۆ بۆتەوە

١٩٥٨/٣/٤

## بۆ یار

ئەی جوانی ناسکۆڵەی نازدار
هەوێنی خۆشی ژیانم
ئەی ڕووناکی دڵی خەمبار
ئارام و تاسووقی گیانم
تۆی قیبلەگام
تاقە هیوام
جێگەی بڕوام
**********

ئەی جوان ، گۆنا بە وێنەی گوڵ
خەیاڵ و هەست و نەستم تۆیت
هەتاکوو دەمخەنە ژێر گڵ
ئەوەی من دەیپەرستم تۆیت
گوڵی دەستم
شنەی هەستم
تۆی مەبەستم
**********

بە ڕووی ڕوونی وەک هەتاوت

شیرینە کام تاڵی هەم بێت
بە پرشنگ و بزەی چاوت
دەڕوات ئەوەی ناوی خەم بێت
پێکەنین تۆیت
خۆشی ژین تۆیت
خوێن شیرین تۆیت
دڵم وەک پەپوولە وایە
بۆ ڕووی گەشی وەک چلچرات
سەر و گیانی لە ڕێتایە
تا ماچ ئەکات ، ئاوات ، گۆنات
ئەی هاوڕازم
بەستەی سازم
تۆی ئاوازم

١٩٥٧

# مژدەی کوردستان

بە بۆنەی گەڕانەوەی "بارزنی" لە
سۆڤیەتەوە بۆ کوردستـــــــــــــان

ئەی کوردستان
تاقە بەهەشتەکەی جیهان
خاکی پیرۆز
قیبلەگای هۆز
لوتکە و چیا بڵندەکان
جێی دڕندە و باڵندەکان
بێشەی شێر و هەڵۆ و پڵنگ
قاز و قوڵنگ
ئەی لانەی گەشت
گرد و تەپۆڵکە و دۆڵ و دەشت
هەرد و مێرگ و چەم و ڕووبار
دەوەن و دار
کەوی دڵ ڕۆشنی نزار
هوزاری عاشقی گوڵزار
ئەی پەپوولەی گیان سووک بۆ دوور
مەستی ڕەنگی گوڵاڵەی سوور

کۆتری سپی تەقڵەباز
مەلی خۆش جریوە و ئاواز
کەروێشکی نەرمیلە و قەڵەو
چاو بزی مەستی دنیای خەو
مژدەی سەربەرزی بێت لێتان
لە هەمووتان
بنوون ، بخۆن ، بژین بێ خەم
ئاوا بوو ڕۆژی پڕ ستەم
ساماڵ بوو ئاسمانی بە تەم
سروشت دای کەند بەرگی ماتەم
لەسەر کەلی ئاواتەوە
مانگی چەندان ساڵ وونبوومان
هەڵهاتەوە
ڕۆڵەی پاڵەوانی بارزان
بۆ نیشتمانی هاتەوە
**********

ئەی کوردستان
کەژ و کوێستان
باخ و بێستان
مژدە بێت لێت خاکی پیرۆز
قیبلەگای هۆز
ڕۆڵە مەردە نەبەزەکەت
تۆ پەروەرە بە ڕێزەکەت
جەنگاوەرە بەهێزەکەت
ڕۆڵەی بارزان
ڕۆڵەی گڕ ی هەوڵ و خەبات ..
لە ئاسۆی ئازادی هەڵهات

ڕووناکی کردەوە وڵات
کام قارەمان ؟
کام شۆڕشگێڕ ؟
کام شێری سەربەرزی دلێر ؟
کام هەڵۆی دوژمن پێ نەوێر ؟
ـ ڕۆڵەکەی تۆ
کە لەسەر تۆ
بوو بە پشکۆ
جەرگی دوژمن ئەو چزانی
کێ ؟
ـ بارزانی
پێشەوای لەشکری نەبەز
کوردی کوردستانی ڕەگەز
کاتێک هەستان
بەرامبەری دوژمن وەستان
لەسەر تۆ بوو ئەی کوردستان
تا ڕزگار بیت لەژێر دەستان
لەسەر تۆ ئەی خاکی کوردی
ئەو شۆڕشەی کرد کە کردی
ئا ئەو خوێنەی ڕشت کە ڕشتی
دای بە کوشت ورد و درشتی
مێژووی کوردستان شایەتە
کە بە خوێن نوسراوەتەوە
چیاکان بە ئەشکی دیدە
بە ناویا سوڕاوەتەوە
**********

ئەی کوردستان ماچ کە چاوی

ڕۆڵەی بارزانی خوێناوی
توند بیگرەرە باوەشت
تێر تێر هەڵی سوو لە لەشت
کە سۆزی تۆ وەهای لێکرد
جەستەی کرد بە قەڵغان و پرد
بۆ گوللە و تۆپ و تەیارە
بۆ لەشکری بێ ژمارە
بەڵام هیچ کاری لێ نەکرد
دوژمنەکەی هیواکەی مرد
ئارامی لەبەر هەڵگیرا
بۆی نەگیرا
ڕۆڵە مەردە نەبەزەکەت
تۆ پەروەرە بەرێزەکەت
جەنگاوەرە بە هێزەکەت
**********

ئێستاش ئەی خاکی کوردستان
هەر لە بارزان تاوەکوو " وان "
سۆران بۆتان
هەموو قوژبنێکی تۆی جوان
لاوانت تینووی ژینی تۆن
پەرژینی تۆن
تۆ پەروەرن
ڕێگای ئازادی تۆ دەگرن
لە پێناوی تۆدا دەمرن
ئەی کوردستان

١٩٥٨/٢/٢٢

# سزا و خۆشەویستی

فریشتەی ئارەزووم خنکا
لە دەریای بێ بنی خەمدا
پەپوولەی ویستنم تاسا
لەناو پاییزی ماتەمدا
بە ئازارم
لێو بە بارم
دەردەدارم
بێ قەرارم
**********

لە دووری تۆ پەشۆکاوم
هەمیشە ماتەم و بێدەنگ
ڕۆژی ڕووناک لەبەر چاوم
تاریکی یە وەک شەوەزەنگ
بێ تۆ ئەی جوان
تاڵە ژیان
سەختە و گران
پڕە لە ژان

**********

دڵەی پڕ سۆزی جارانم
گلێنەی خۆشەویستی بوو
ژیان و تین و ئیمانم
خەریکی تۆ پەرستی بوو
ئێستەش ناکام
دڵ پڕ لە زام
بێ تووانام
بەبێ ئارام
**********

بەهەر لادا کە دەڕوانم
دەبینم بەزمە ئاهەنگە
منیش چەند پارچەیەک ژانم
خەفەت بار و دڵم تەنگە
وات لێکردم
ئاهی سەردم
ڕەنگی زەردم
بوون بە دەردم
**********

نیگای ئەو جوانی یەی من دیم
پەیکەرێکە و لە پێش چاوە
دڵۆپی ئەشکی خوێناویم
بەرامبەر ئەو بە لێشاوە
ئاە ، گیان و دڵ
دوورن لە گوڵ
بگرین بە کوڵ
تاکوو ژێر گڵ

١٩٥٨

# لات و دڵداری

نەدەی ئازاری گیان و دڵ لە دنیا دا هەتا ماوی
نەکەی خۆت خەیتە بەرتیری دوو ئەبرۆ تا نەکوژراوی
ژیانت قەت نەشێوێنی بۆ زوڵف و تیشکی دوو چاوی
لە دەریای قووڵی دڵداری وەرە دەر تا نە خنکاوی
نەوەک وەک من بە ئەشکی شەو
لێڵ و پێڵ کەیت گۆماوی خەو
خۆت بێزار کەیت بۆ جوانی ئەو
سامان بیباتەوە گرەو
لە دەستت چێت

**********

لەتەک ئەم ژینە تاڵەمدا لە ژێر لێودا بە خەمباری
دەڵێم بەو یارە نازدارەی کە دڵمی برد بە یەکجاری
ئەگەرچی دڵ پەنای بردۆتە بەر باڵات بە ناچاری
بەڵام لام ڕوونە بێسوودە درۆیە لات و دڵداری
ئەگەرچی شێت و شەیدات بم
پەپوولەی عەشقی باڵات بم
هەموو کاتێک بە دڵ ، لات بم
بە من چی بێ دەس و لات بم
بەچی دەچێت ؟!

١٩٥٧

# بێکەس

لە یادی دە ساڵەی کۆچیدا

ئەی باڵندەی هەڵبەستم
خوای ئاوات و مەبەستم
ئەی مەلی خنجیلانە
جێ بهێڵە هێلانە
بفڕە بۆ یادگاری
" بێکەس " ی کوردەواری
کام بێکەس ئەو بێکەسە
کە بۆ گەلی کورد کەسە
ئاو بێکەسەی دڵسۆز بوو
خەمخۆری خاک و هۆز بوو
خەباتکەری ژیان بوو
عاشقی نیشتمان بوو
قیبلەی کوردستانی بوو
ویردی سەر زمانی بوو
خاوەن هەستێک بوو پیرۆز
خاوەن دڵێک بوو پڕ سۆز
خاوەن ئەو هەڵبەستانە
کە نەغمەی کوردستانە
خاوەن ئەو بیرە وردە

کە جێی شانازی کوردە
کێ بوو ؟ بێکەس ، بوو بێکەس
کوردایەتی ڕێی بوو ، بەس
بێکەس بوو خاک خۆشەویست
ژیانی بۆ ئەو دەویست
ئەو بوو پڕ گەرووی هەستی
بە شمشاڵی مەبەستی
بۆ ئەم کوردە وەکوو شوان
ڕۆژ و شەو دەیچریکان
هەموو هیوای ئەوە بوو
کورد بە ئاوات بگات زوو
ڕووی دەکردە کوردستان
پێی دەوت بەفری زستان
دەبێت هەر بتوێتەوە
بەهار تۆ بگرێتەوە
دەبێت تیشکی سەربەستی
لێت هەڵبێت ، بڕوات پەستی
ڕووی دەکردە میللەتی
دەی وت ئەی کورد ، یەکیەتی
هەموو یەک دڵ و یەک گیان
بۆ کوردستان یەک پەیمان
هەموو شان بە شانەوە
بێنە تێکۆشانەوە
گەر ئەم کوردە یەک بگرێت
چی خۆی لەبەردا دەگرێت ؟
بە یەکیەتی و بە خەبات
دەگەینە باخی ئاوات
**********

بێکەس بوو بۆ گەلی کورد
خۆی بە ئا ئەو دەردە برد
چەند ئەشکەنجەی ژینی دی
چەند زام و برینی دی
چەندان دەربەدەری دی
هەزار دەردە سەری دی
ژووری بەندیخانەی ، دی
کام بزەی دڵ بوو .. نەی دی
هەمووی بۆ کێ ؟ - بۆ کورد بوو
بۆ درشت و بۆ ورد بوو
بۆ ئەم هەردە و دەشتە بوو
ئەم بەهەشتی گەشتە بوو
کە دەرچێت لە ژێر دەستان
بەس بۆ کورد بێت ، کوردستان
کەچی دەیدی هەندێ کەس
کە زۆر داخ بوون بۆ بێکەس
دەیدی ئەو ناڕاستانە
لانەیان کوردستانە
لەناویا دەژین دەخۆن
بەسەریا دێن و دەڕۆن
چەند ساڵە کانگایانە
لانەی سەیرانگایانە
کەچی ناوی " کوردستان "
گەشترین وشەی زمان
بەلای گوێ یاندا بچێت
ئەندامیان پێی تێک دەچێت
ئەوانیش بوون هەمیشە
توانجیان کردبووە پیشە

وەک تیر وابوون تانەیان
بێکەسیش نیشانەیان
بەڵام پێی تێک نەدەچوو
زیاتر بۆ خەبات دەچوو
تا ئەو ساتەی کۆچی کرد
بەرەو ڕووی سەیوانیان برد
بۆ کوردستان پەرۆش بوو
دوژمنی خۆفرۆش بوو
**********

بێکەس .. پێشکەوتن خواز بوو
بەرزێتی کوردی نیاز بوو
ڕووی دەکردە خوشکانی
پێی دەوتن بە جوانی
لەگەڵ کوردا وەک یەک وان
کەوابوو لەگەڵ ئەوان
وەرن قۆڵی لێ هەڵکەن
بۆ کوردستان هەوڵ بەن
گەلەکەی لە پێش چاو بوو
وڵاتی بەشکراو بوو
دڵی بۆی هەڵقرچاو بوو
بۆیە دەیوت ڕزگاری
زانینە و خوێندەواری
زانین چاو دەکاتەوە
مرۆڤ بیر بکاتەوە
ڕاست و چەپی بناسێت
داوای ماف کاو نەترسێت
پێشڕەوی زانستی بوو

بۆ کوڕ ، کچ ، مەبەستی بوو
وێڵ بوو بۆ تێگەیاندن
بۆ لاوان پێگەیاندن
**********

ئەی مامۆستای هونەروەر
بێکەسی وڵات پەروەر
نازانم چی بنووسم
کولە نووکی پێنووسم
نازانم چۆن هەڵبەستێ ..
بێنم .. تۆی تیا ڕاوەستێ
کردارە جوانەکانت
بۆ بەرزی کوردستانت
لەناویا کۆبێتەوە
تێیدا ببریسکێتەوە
**********

بەڵام ئەڵێم مامۆستا
هەتا هەتا نەک ئێستا
تۆ نەمردوویت هەر ماویت
لە دڵماندا نەخشاویت
گوڵی ناوی تۆ هەرگیز
هیچ خەزانێکی پایز
ناتوانێت بی وەرێنێت
مەلی لێ بتەرێنێت
لە یادی گشت کوردێکا
بۆ خاکی خەبات بکا
سوورە و گەشە و بێ گرێ
هیچ کاتێک گەرد ناگرێ
تۆش چاو سەریەک نێ و بنوو

خەم مەخۆ ئێمە هەموو
ئەو ڕێ یەی تۆ دەتبڕی
بە گشتی واین لەسەری
لە جێگە پێکەی تۆوە
دەڕۆین دەچین بۆ ئەوە
کە نیازت بوو بڕۆی بۆی
کورد سەربەخۆ بێت بۆ خۆی
هەموومان پەیمان دەدەین
بیگرین بەری نەدەین
هەتا بەختیار دەبین
دەست لە ملی یار دەبین

سلێمانی ١٩٥٨/١٢/١٠

## سروودی نوێ

کوردستان ، کوردستان
نیشتمانی لانەمان
خاکی پاکی کوردی مەردی
قارەمان ..
پێشکەشی
باوەشی
تۆیدەکەین
سەر و سامان
دڵ و گیان
پڕ بەدەم هاوار دەکەین و
بانگدەکەین
کوردستان یا نەمان
*********

بیر و بڕوای
پڕ لە هیوای
ڕێ ی خەبات
لەسەر پێ یە
لەسەر ڕێ یە
هەردەڕوات

بۆ خوێن ڕشتن
بۆ گەیشتن
بەئاوات
**********

ئێمە نەوەی کۆمەڵێکی پێشڕەوین
ئەم ڕێیە یان دەمرین یان سەردەکەوین
**********

ئێمە هێزی بازووی چینی چەوساوەین
ئێمەش مەشخەڵ هەڵگری نەوەی کاوەین
گۆش کراوی یەک باوەڕ و سەرچاوەین
وریا و ژیر و چالاک و چاو کراوەین
تێ دەکۆشین
تا دەپۆشین
" سەربەستی "
بە ئومێدی ..
گەلی کوردی
دەربەستی
بەو ئاواتە
تا دەگاتە
مەبەستی
**********

ئێمە قاڵ بووی شۆڕش و کوردایەتین
ئێمە کالآی پڕ بە باڵآی میللەتین
ئێمە کوردی گوردی ڕێی مەردایەتین
تۆڵەسێن و بە هێرش و هەڵمەتین
بۆ ڕووی زۆردار
بۆ ستەمکار
ناحەزین

لە زنجیری ..
لە شەستیری
نالەرزین
لە هوروژمی
بە تەوژمی
نابەزین ،
ئێمە نەوەی کوردستانی
سەربەرزین
وەکوو لوتکەی شاخەکانی
سەربەرزین

ساڵی ١٩٦٩ لە " ڕزگاری " دا بڵاو بۆتەوە

## شەهید

شەهید ئەی مەزنترین ناونیشان
تۆ وەک ئەستێرە گەشەی لە ئاسمان
شکۆدارترین جێی تێکۆشانت
گرت هەتا کەس شان نەدا لە شانت
لە سای مەشخەڵی نەکوژاوەتا
لە بازنە گوڵی سەر کەژاوەتا
فەرمووت ، سەلماندم لە پەیمانمدا
پێشمەرگەیەک بم لە ژیانمدا
ئەوەتا جەستە و گیانم بەخت کرد
لەڕێی ئازادی کوردستانمدا

# قەزوان

بە کراسی قەزوانیت
دوو ئەوەندەی تر جوانیت
بۆچی زوو زوو نایپۆشیت
کێ زۆر جوانە دای پۆشیت
تۆ حەزی منت بزوان
بۆ پشووی ژێر دارقەزوان
بنووم لە سێبەریدا
دەست لە ملی پەریدا
تێر بێت لێی بۆی هەناسەم
دامرکێتەوە تاسەم

# ناز

کە گۆپکەی لێوی تەنک پەخشا بۆم
باڵی بروسکەی بزەت کشا بۆم
تەزوو ئەندامی هێنامە لەرزین
وام زانی مەمێک .. میوانێتی " زین "
کچە جوانەکەی لە گوڵ ناسکتر
خۆزگە دەبووینە خەمخواری یەکتر
خۆزگە لە پارتی ئەڤینداریتا
دەبوومە " ئەندام "
لێدانی دڵت لە دڵداریتا
ختووکەی دەدام
لات دادەنیشتم
لە هێشووە نازت
چەند بۆڵێکیشت بۆ دەهاویشتم
لەسای ئەم ڕەز و کۆ بەرزانەوە
ژین و سروشتمان دەڕازانەوە
شیعرم بۆ سینەت مەدالیا دەبوو
گشت عاشقێکیش لە ملیا دەبوو

# سروودی ڕاپەڕین

چەرخ چەرخی وەرچەرخانە و ڕاپەڕین
ئالای شۆڕش لە کوردستان هەڵدەبڕین
بە هەڵمەتی پڵنگ ئاسای گورچک بڕ
جەرگی دوژمن لە بێخەوە هەڵدەدڕین
بست بە بستی خاکمان پاک دەکەینەوە
داگیرکەران سەربەرەوخوار هەڵدەبڕین
لێ ناگەڕێین گەرچی بزانین دەمرین
ڕاویان دەکەین ڕاویان دەنێین ، تا " حەمرین "
پێشمەرگەین و سەنگەریان بۆ چۆڵ ناکەین
ئێمە پۆلای ئاوێتەی دەم ئاگرین
لە پێناوی ڕزگاریدا لە نەبەرد
بە خوێنی گەش مافی خۆمان وەردەگرین
ئەوسا لەسای چیا سەرکەشەکاندا
لە ئاهەنگی سەرکەوتندا دەست دەگرین

# شیرین

بەڕاستی تۆ شیرین و خوێن شیرینی
چاو شیرین و لێو شیرینی شەکرینی
لە تەماشای شێوەتا شای شادانم
خۆم بە خاوەن تەخت بەخت دەزانم
یەکەم نیگای یەکەم بینینی پێشووم
ئەوا ئێستا ئاشکرای کرد نەهێنی
ئەو نیگایەی بە حەزەوە دروست بوو
لەناو شانەی هەستا ڕشتی هەنگوینی
پرشنگیشی ئەوەندە کاریگەر بوو
لە ڕووخساردا ڕاوی نا ماتەمینی
**********

بەو کوڵمەوە بەو لەنجە جرپنەوە
پێم  ناڵێی کوا ئەو دڵەی نایبزوێنێ
وشەی شیرین لە گەرووی شیرینەوە
حەڵوای گەزۆ بۆ بینەران دەهێنێ
**********

لەو ناسکی و وردیەی لە تۆدایە
بڕوا ناکەم کەسێک هەیبێت تێبینی
ڕووی سپی بێ ئەوەی ناوی نای " شیرین "

تۆ لەوەتەی لە دایک بوویت شیرینی
وەرە شیرین با بە یەکتری شاد بین
دەمی هەموان شیرین کەین بە " شیرینی " !

# کورتە شیعرێک

لەسەر بنچینەی تێکۆشانێکی
مەردانەی بەتین
بەرەو دوارۆژی کوردستانێکی
ئاوەدان دەچین
بەڵام تا خوێنی خاوێن نەڕێژین
نەبین بە پەرژین
بۆ گوڵباخی ژین
هەرگیز شەربەتی شادی ناچێژین
پایزی ١٩٥٨

---

تێبینی : لەسەر داوای برادەرێک " مەحمود کونجرینی " یان پێ دەگوت خانوویەکی نوێی بنیات نابوو ، داوای لێکردم شیعرێکی بۆ بنووسم بە پشت دەرگای دەرەوەدا هەڵی واسێت دڵیم نەشکاند و ئەم چوارینەیەم بۆ هۆنیەوە .

# بۆ كوردستان

ئەی كوردستان ئەی مەڵبەندی نەتەوەی كورد
ئەی ئەو دایكەی بە خوێن منت پەروەردە كرد
ئەی ئەو خاكەی ، بەسەر تۆدا هەنگاو دەنێم
بەیادی تۆ دەژیم دەخۆم ، بەستە دەڵێم ..
ئەی ئەو دڵەی سەدەها لاو لەڕێی تۆدا
هەڵواسران و بێ خەم دەستیان لە گیان بەردا
منیش تاكوو تۆزقاڵێك گیان لە لەشما بێت
تا ئەو مەمكە شیرە پاكەم لە دەما بێت
تاكوو یادم تیا نەخشابێ .. ڕووی نیگارت
تا هەناسەم بۆن كا شنەی سازگارت
تاكوو دیدەم لە دیدارت بێ شك دەبێت
تا پلوسكی دەماری خوێن وشك دەبێت
مەرجە سەرم بۆ تۆ دانێم واز نەهێنم
نەكەم بۆكام زۆردار سەرم دانەوێنم
مەرجە ڕۆژ و شەوم خەوم ، حەرام بن لێم
نەمبەزێنن هەزار چقڵ هەڵچن لە پێم
تێ بكۆشم تا ڕایماڵم تاریكە شەو
لەسەركەلی ئاسۆی هیوا قاسپەی بێت ، كەو
بێنێت مژدەی هەڵهاتنی پرشنگی خۆر
ڕوون كاتەوە وڵاتی پڕ خەم و ناسۆر

# بەستەی مەبەست

بیر و باوەڕیک کە تێکەڵی خوێن و دەمارەکانی لەشی ئادەمیزاد بوو هێز نیە لەسەر ئەو بیرە لایبەرێ مەگەر مردن .

ج. ش

چاپی یەکەم
سلێمانی چاپخانەی ژین ١٩٦١

**پێشکەشە:**

- بەو کوردانەی کە نەبەزین دروشمی تێکۆشانیانە
_ ژیان بەستەیانە
- ئازادی کوردستان مەبەستیانە

# پێم خۆشە

١٩٥٧

پێم خۆشە پێم لە پێوەندا
تەوقی دیلی لە گەردن دا
لەڕێی ئازادی وەتەن دا
ئەڵێم نیشتمان پەرستم
بشمکوژن چ دەربەستم !
**********

من کە گیانم بۆی دانابێت
با لەش لەناو زیندانا بێت
لە ژێر کۆت و لێدانا بێت
چونکە ئەڵێم ئەیپەرستم
بشمکوژن چ دەربەستم
**********

ئەگەر بە ڕاستی دڵسۆز بم
تێکۆشەری گەل و هۆز بم
پێشمەرگەی خاکی پیرۆز بم
دەبێ پەیمانێک ببەستم
بشمکوژن چ دەربەستم
**********

کوردستانەکەم خۆشدەوێ
خەبات ئەکەم تا سەرکەوێ
ناهێڵم ئاڵای دانەوێ
دەچریکێنێ هۆش و هەستم
بشمکوژن چ دەربەستم

# بڕوای پتەو

١٩٥٧

لەژێر تارای شەوەزەنگ دا
لەناو زیندانێکی تەنگ دا
چوار تفەنگی
دەست بە قەمچی
چاو سوور وەک خوێن
دەم پڕ لە جوێن !
هەموو ڕۆژێک دەهاتن بۆم
من تەنها خۆم
شل کوتی لەشیان دەکردم
هەر ئەوە بوو نەدەمردم
بەڵام بڕوا بەتینەکەم
ڕووی تێدەکردن وەک ڕەشاش
ئیمانە پۆڵایینەکەم
دەیگێڕانەوە پاشەو پاش

# بڕوام

١٩٦٠

ئەو باوەشەی کە هەمیشە
شوێن و لانە و نوێنی منە
هی دایکێکە .. کوردستانە

ئەوەی تێکەڵ بیر و هۆشە
دڵ و گیان و خوێنی منە
یەک باوەڕە یەک ئیمانە

بیری پاکی .. کوردایەتی
ڕێی ڕووناکی ..
کوردایەتی

ئەوەش پاڵم پێوە دەنێ ..
چەکی تۆڵەم دەداتە دەست
بێ سڵ بڕۆم ، گوێ نەدەمێ
بەرەو ئاوات
بەرەو مەبەست

# نـەخشـە

١٩٦٠

نـەخشـە و نیگارێک لـە دڵدا
نـەخشاوە و ناکوژێتـەوە
دڵ لـە بڵندترین چڵ دا
نـەغمـەی بۆ دەهۆنێتـەوە

بـە بـەستـەوە ..
هـەڵبـەستـەوە ..
لـە هـەستـەوە

نـەخشـەی ئـەو کوردستانـەیـە
کـەیـەک پارچـەیـە و لـەت لـەتـە
نیگاری ئـەو ژیانـەیـە
کـە لێی دوورە ئـەم میللـەتـە
مـەبـەستێتی
پـەیوەستێتی
دەربـەستێتی

# کورد

١٩٦١

کورد ناگاتە باخی مراد
دڵسۆزانە کۆشش نەکات
یەک ناگرێ و نابێ ئازاد
تا هەڵنەستێ و شۆڕش نەکات

تا هەڵمەتی وەکوو کاوە
نەباتە سەر قەڵای ناپاک
کورد پەرستان لە چوار لاوە
نەشکێنن کەللەی ئەژدەهاک

هەرگیز ئاگری نەورۆزی
بەهاری ناکرێتەوە ..
ئاڵای بڵندی پیرۆزی
ڕزگاری نالەرێتەوە

# یەک گرتن

١٩٥٧

گەرچی کورد ئەمڕۆ لە سێ چوارلاوە
ڕێگای بە تۆپ و شەستیر تەنراوە
نیشتمانەکەی داگیر کراوە
ڕاست بڵێت دەرگای لێ داخراوە
بڵێت ، سەربەستی ، هەڵواسراوە

بەڵام ئەگەر گشت پشتی یەک ئەگرێت
هێزی بێگانە کەی کوا خۆی دەگرێت !

# چوارین

١٩٥٩

برا ئازاری زامی دەروونت
چاوەڕێ کردن سارێژی ناکات
خۆت ڕانە پەڕیت بۆ ڕزگار بوونت
کۆسپی ژینی تۆ کەس لێژی ناکات

# دوێنـی

١٩٦١

دوێنـێ کورد قۆڵـی ..
لـێ هـەڵ کردبوو ..
لـە تێکۆشاندا
ئـاڵای پیرۆزی ..
لـێ هـەڵکردبوو
لـە کوردستان دا
کـە خوێنـی ئـاڵـی
تێکـەڵ کردبوو
لـەگـەڵ ژیـان دا
*********
سبـەینێش قۆڵـی
هـەڵدەکاتـەوە
هـەر ئـەو ئـاڵایـە
هـەڵ دەکاتـەوە

# ڕۆژێکی ڕەش

١٩٦١

ئەمڕۆ ئەگەرچی جەژنە ، ئاهەنگە
بەهار وەک پەری ڕازاوە و شەنگە
کەژ بە گژو گیا و گەڵا و گوڵ ڕەنگە
گەردەلوولی خەم دوور و بێدەنگە
گەرووی گیان سۆزی گریەی لا نەنگە
بەڵام دڵی من ئەمڕۆ و هەمیشە
پڕ لە ئازارە و تاریک و تەنگە

چونکە ئەمڕۆ بوو ڕۆژی کورد گیرا
لە سامانەکەی
بەدەستی زۆردار لە دار داگیرا
ئاڵا ئاڵەکەی

# پەیمان

١٩٦٠

نەتەوەی کاوە
پەیمانی داوە
سنگ بەرێتە پێش
هەتاکوو ماوە
گوێ نەداتە ئێش

تا دوژمنەکەی دەتەکێتەوە
ئاڵای نەوەکەی دەشەکێتەوە
ڕێی کوردایەتی بگرێت و بڕوات
ئەتۆم نەتوانێت بیگێڕێتەوە

تا ئەو نامەیەی کە دێڕی خوێنە
دایکی کوردستان دەیخوێنێتەوە
لەسەر ئاوازی لایلایەی کوردی
گوێی ساوای بێشکەی پێ دەکرێتەوە

# هەرچەند

١٩٥٩

هەرچەند ئەمڕۆ ئاشکرایە
کە داگیرکەر خوێنم دەمژێت
دڵ لە پشکۆی ئاگرایە
بە ناسۆرەوە دەبرژێت
بەڵام وەک باپیرم وتی :
" جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێت "

منیش ڕەشاشی دەروونم
هێندەی خواردووە گوللەی قین
هاکا بۆ ڕێی ڕزگار بوونم
کەوتە .. تەقین

هاکا هەڵچووم بووم بە پشکۆ
چزام بە جەرگی ناحەزا
زۆر لەسەرخۆ
ملیم پێ کەچ کردوو بەزا

# من دەڵێم

١٩٦١

نایاتەدی هەرگیز ئامانج
ئامانجی کورد
هەتا سۆران ، بۆتان ، کرمانج
درشت و ورد
وەک یەک و پارچەیەک نەبن
یەک چەک نەبن
**********

تا ئاگری قین و تۆڵە
لەناو دەروون دا خۆش نەکرێت
نەتەوەی ئەم خاک و خۆڵە
گشت یەک نەگرێت ..
تا گڕ بگرێت

زۆر ستەمە دەرکەوتنی
لەناواندا
بەسەر کۆسپا سەرکەوتنی
لە ژیان دا
تۆڵەشی پێ ناسەندرێت

تا یەک " بڕوا "
نەبێت ئاڵای پێ هەڵگرێت
تا بۆی بڕوا
ئەوەش پاڵی پێوە بنێت
بەرەو ڕزگاری مل بنێت

# یەک ڕێگا

١٩٦٠

تا دوا هەناسەی ..
دوا ساتی عومرم
بێباک لە تاسەی
یەک ڕێگە دەگرم

ئالآی کوردانەم
هی ڕێی مەردانەم
بێ سڵ هەڵ دەگرم
***********

ڕێی ژیان دەبڕم
دەنگم هەڵ دەبڕم
کوردم و بۆ کورد
دەژیم و دەمرم
بۆی دەبم بە پرد
دای دەنێم سەرم
***********

دەڕۆم بێ وچان
بێ ترس و کۆڵدان

بۆ ئەو ئاواتە
کە چاوەڕێمە
ئەویش ئازادی
گەل و وڵاتە
مەنزڵی .. ڕێمە
***********

بەستەی مەبەستی
گەرووی خەباتە
دەڵێ با بەس بێت
دیلی و ژێر دەستی
نۆبەی بەراتە
دەسا ئەی لاوان بێنە کایەوە
بڵێن ژین بۆ کورد بەو ئالایەوە
کە لە سابڵاغ دا دەشەکایەوە

# سووره گوڵ

١٩٥٨

سووره گوڵ کام بەد کردەوە
تۆی لەو چڵە لێکردەوە ؟
کام دەستی پیسی چڵکن بوو
تۆی لە هوزار جوێ کردەوە ؟

ئێستە یارە دڵدارەکەت
وێڵە بە دەشت و هەردەوە !
بەستە خۆش و ڕووناکەکەی
خەم هەمووی لە بیر بردەوە
تۆش دانراو
پۆشتە کراو
لە ئینجانەی ڕەنگا و ڕەنگدا
لەناو کۆشکی شۆخ و شەنگدا

# بانگ

١٩٦٠

برای کوردی نیشتمان بەش بەش کراو
بەش خوراوی سەربەستی ژێر پێ نراو
خاوەن ئالآی
ئاڵ و والآی ..
.. داگیراو
دەسا .. هەستە
تۆش ڕاپەڕە .. وەکو پیاو
***********
تۆش گەلێکی وەک ئەم هەموو گەلانە
وڵاتەکەت هەمووی کانە
سامانە
هەتاکوو کەی
بڕوا دەکەی
بەوانە ..
کە پیشەیان هەمیشە تەفرەدانە
***********
چاک لە خراپ لە یەک جوێ بکەرەوە
چاو کەرەوە

کێ دۆستی کوردستانە ؟
دەرگای شادی لە نەوەت بکەرەوە
زۆر نەنگی یە ..
مردنە .. ئەم ژیانە
***********

ئەگەر کوردی و ..
بەتەما نیت لە هیچ کەس
پەلت بگرێ و
سەربەخۆییت باتە دەس
ڕێی پیرۆزی ..
کوردایەتی بگرە و بەس
لەڕێی کورد و کوردستان دا
بمرە و بەس

# ئەشکەنجە

١٩٥٩

پەڕەی دەفتەری یادم
یەک یەک هەڵم دایەوە
نەمدی کاتێکی شادم
هەتاکوو بڕایەوە !

ڕۆژێ نەبوو کە بڵێم
ئەمڕۆ شاد و دڵخۆشم
دڕکی خەم نەما لە ڕێم
ئیتر خۆشی دەنۆشم

نەمدی فریشتەی بەختم
لە سووچێکی سەرچڵی
نەختێک زەردە بیگرێ و
بەستەیەکم بۆ بڵێ

نەمدی مەلی هۆنراوەی
ماتەمیم لە گۆ کەوێت
دڵ خەم و لاوانەوەی
تۆزێک ، ساتێک ، بسرەوێت

هەر تاسە بوو
هەناسە بوو
سەرسامی بوو
ناکامی بوو
خەم نۆشی بوو
ناخۆشی بوو

# چوارین

١٩٥٩

نەخشەی هەموو کوردستانم
نەخشاوی بیر و هۆشمە
تا پێشکەشی دەکەم گیانم
بەستە و گۆرانی خۆشمە
***********

ڕوو دەکەمە دوژمنی کورد
دەڵێم وا دامدا پێنووسم
مەرجە تا ماوم منی کورد
بۆ نەتەوەکەم بنووسم

# هەڵوێستێک

١٩٦٠

هەندێ کەڕەت
کە زۆر خەمبار و پەستم
منی دەمی گیان پڕ لە داد
سکاڵا ..
کە هەمیشە بە یادێکەوە مەستم
بەدی دەکەم ..
لەناو گۆمی مەنگی شینی خەیاڵا
وردە ماسی ..
ڕەنگا و ڕەنگی هەڵبەستم
سەرە و ژوور و
سەرە و خوار دێن و دەچن
تیشکێک دەدەن ..
وەک خۆر لە چاوی هەستم
خێراش لێم ون ..
دەبن و دەکەونە ، بن

نە قولاپی پێنووسم دەیانگاتێ
نە دڵیشم ئۆقرە دەگرێت ساتێ

# تەنیا ئەو

١٩٥٨

گەلێکم دیون دیمەنی جوانی
لە تەمەنم دا
وەکوو گوڵاڵە لەناو سەوزەگیا و
گوڵە گەنم دا
وەکوو ئەستێرەی گەشی بە ورشەی
بەری بەیانی
کە چۆن دەخەنێت بەرەو ڕووی ئاسۆ
بە کامەرانی

هەروەها گەلێک ڕووی وەکوو مانگی
تابانم دیوە
وەکوو ئەو خونچەی نیگام بە سروەی
پێ نەکەنیوە

گەلێک قژ زەردی بێگەرد وەک پەریم
وا لەبەر چاوە ..
وێنەی ئەو دڵم بە گڕی عەشقی ..
هەڵنەقرچاوە

# ڕووناک " ١ "

١٩٦٠

ئەی سەیوانی
باخەوانی
ئەرخەوانی
تارای ئاڵ پۆش ..
وا هاتە لات
بە میوانی
نەوجەوانی ..
شێوە جوانی
دڵ بۆ پەرۆش ..
کە بیر و هۆش
هەرگیز ئەو ناکات فەرامۆش
دەگری بە جۆش
داخ دەکا نۆش
**********

جەستەی پاکی
کیژۆڵەیەکی ناکامە
ڕووی ڕووناکی
سینە سووتاوی پڕ زامە
**********

توخوا مەرگ چۆن دڵت هات
گڕت بەردایە ئەو گیانە
هەڵت وەراند گوڵی ئاوات
لەو باخچە خۆشەی ژیانە !

" ١ "ڕووناک .. کچی "ساڵح بەگ "ڕۆژێک پێش بووکێنی گڕی مەرگ شاڵاوی بۆ هێنا .

# فریشتەی سەربەستی

١٩٦٠

ئای کە چەند خۆشە دڵداری
لە ڕێیەکی ڕاستەوە بێت
بۆ دوارۆژی بەختیاری ..
بە ئاوات و خواستەوە بێت

چەندە خۆشە ، لە پێناوی
ئەو عەشقە ڕوون و پاکە دا
لەبەر کەیت کفنی خوێناوی
بنوویت لەژێر ئەم خاکەدا

بەڵێ خۆشە تێ بکۆشیت
بە ئارەزووی دڵ بیگەیتێ
قومێک لەو لێوەی بنۆشیت
دنیای خۆشەویستیی بەیتێ
***********

تۆش ئەی فریشتەی سەربەستی
کەوتوومە دڵداری کردن
من بە ڕاستی .. تۆ پەرستی

ئەژیم تا ناو چاڵی مردن
ئەی خوای هەموو ئاواتێکم
گوڵی گوڵزاری هۆنراوەم
خولیا و تاسەی گشت ساتێکم
نەغمەی مەلی دوور خراوەم
داوی کوشتن ..
بۆ نراوەم
***********

ئەی ئەو شۆخەی
چەند لاوی شەنگ
بەخوێنی ئاڵ لە بەهارا
کراسەکەی گردی گوڵڕەنگ
لە کوشتارا
لەگەڵ هارا
لە دەشت و شاخ
لە دێ و شارا
***********

ئەی ئەو بووکەی لە مەهاباد
کە ناسۆریمان پێکابوو
ماوەیەکی شاد و ئازاد
دەسمان لە ملی یەکدا بوو
پشتی ناحەز
پێی شکابوو
***********

ئێستاش هەرچەند
دووری و دوورم
بەڵام مادام لەسەر ڕێگەم
گەش و دڵنیا و ڕوو سوورم

کەوا دەبێت هەر پێت بگەم
خۆش بکەمەوە
شوێن جێگەم
***********

خوێنی ئاڵت بۆ دەڕێژم
دەیکەم بە تارای بووکی بۆت
سزا و ناسۆری دەچێژم
تا جوێ دەبیتەوە لە کۆت
جووت ئەبینەوە
خۆم و خۆت

# چوار برا

١٩٦٠

"بۆ شەهیدانی  نۆزدەی حوزەیران "

خۆشەویستان
کورد پەرستان
نامە هەڵگرانی ڕێگەی ..
ڕزگاری کورد و کوردستان
ڕاکشاوانی نزرگەی
قیبلەی خەبات و نەوەستان
ئەی نیشانە و ڕەنگ و بەڵگەی
گیان دان بە نەمان بۆ ژیان !
بڕوا پتەوتر لەو مەرگەی
کەوا پەتی گیر کرد لە گیان
لەبەر کەرانی ئەو بەرگەی
سەربەرزییە بۆ نیشتمان
جەنگاوان لەگەڵ ئەو گورگەی
بەرخی هیوامانی ڕفان
ئەو داگیرکەرە چوار ورگەی
مایەمانی خستە گیرفان  !
**********

ئەی چوار برا
یەک لە یەکتر
بە جەرگ و ژیر و زیرەک تر
شاگردە دڵسۆزەکانی
ئەو سەرۆکەی هەڵواسرا
لە چوارچرا
برایانی
شەهیدانی
ڕێی ژیانی
کامەرانی و شادمانی
نەتەوەی کورد
سروود و بەستە و گۆرانی
درشت و ورد
وێرد و وتەی سەر زبانی
گشت لاوێکی نیشتمانی
کە دڵی لێ بدات بۆ کورد
کوردستانی
سەد سەڵاوی
پڕ گوڵاوی
بۆن بڵاوی
لە دڵەوە هەڵقوڵاوی
سۆزی دەروون تێکەڵاوی
سکاڵاوی
لە ئێوەی کورد
ئێوەی لە گیان و ژیان بورد
سەڵاو ، سەڵاو
لە گیانە پیرۆزەکەتان
لەو بڕوا بێگەرد و گەشەی

کە ئێوەیان برد بۆ سەیوان
لەو دڵ و ئەندام و لەشەی
کە وتی ها گیان .. کوردستان !
سەڵاو لە پیت و
لە وشەی :
" بۆ کورد ژیان "
سەڵاو سەڵاو
سەڵاوێک ناسکتر لە چاو
داختر لە جەرگی هەڵقرچاو
لەو دێڕانەی کەوا کەوتنە خوارەوە
پەنجەی گوێچکەی بیر پێنووسی ..
لە بەرزایی سێدارەوە
گرتیەوە و خێرا نووسی
لە مۆخ و مێشکی مێژوو دا
مێژووی بە خوێنی لاوان ئاڵ
کە لە هەزار پەڕە و ڕوودا
کارەساتە و ژیانی تاڵ
درێژی ساڵ
جەنگی خوێنین
کوشتن و سێدارە و بڕین
کام پیت یان وشە ، کام دێڕ ؟
ئەوەی بیر دەیگرێتە زێڕ
کەتا هەتا هەر بمێنێت
ژەنگ زەفەری پێ نەهێنێت

# ئاوازەکەم

١٩٥٩

ئاوازەکەم
بەستە و مۆسیقا سازەکەم
هی دەروونە
بیر و باوەڕێکی ڕوونە
لە دڵێکی پڕ مەینەتا
لە کوردستانی لەت لەتا
هەڵقوڵاوە ..
گیانی هیوای تێکەڵاوە
تێکۆشانە
کۆڵ نەدانە
بۆ ڕزگاری کوردستانە
بۆ ژیانە
ژیانێکی سای سەربەستی
دوور لە خەم و دیلی و پەستی
ئاوازەم بۆ ئازاد بوونە
بۆ هوزاری ژین دەرچوونە
لەناو قەفەس
دوور لە ناکەس
**********

ئاوازەکەم تێکۆشانە
بۆ ڕزگاری کوردستانە

لەم وڵاتەدا خوڵقاوم
لەم هەرد و دۆڵ و چەمەدا
هەڵهات چاوم
شنەی شەماڵی کوێستانی
خونچەی ڕوومی گەشاندەوە
شیری پاک و ڕوونی جوانی
باخچەی گەرووی ژیاندەوە
باپیرانم
چەند هۆردوویان هات بە گژا
لەناودا چەند مێشک پژا
لەسەر خاکی نیشتمانم
چەند خوێن ڕژان
چەند لەش ڕزان
لەژێر گورزان
دەشبوون بە پشکۆی تۆڵە و قین
بەجەرگی ناحەزا دەچزان
لە پێناوی ژینی مندا
ڕزگاربوونی
وڵاتی شیرینی مندا
بەڵێ خوێنی گەشیان ڕژاند
تاکوو منیان پێی پێ گەیاند
منیش مەرجە تا سەربەستی
کوردەواریم نەبێت مەستی
تاکوو مافی کورد نەستێنم
نابێت سەرم دانەوێنم

گەرچی ڕێگام سەرەوژوورە
گەلێ دوورە
گەرچی ڕێی ڕزگاری سەختە
پڕە لە سزا و هیلاکی
بەڵام گیان لە ڕێ یدا بەختە
بە بێباکی
ئەرکی ماندوو بوون دەنۆشم
بە ئەندام و بیر و هۆشم
تێدەکۆشم
تا دەیپۆشم
**********

ئاوازەکەم تێکۆشانە
بۆ ڕزگاری کوردستانە
چونکە کوردم تاکوو مردن
کوردستان خۆشەویستمە
تا پەت لە گەردن گیر کردن
ئازادی کورد مەبەستمە
یەک پەیمانە و پێم داوە ، من
گیانم بۆی لەسەر دەستمە
تا گیان دەدەم
دەبێت بڕۆم
بە خوێنی سوور
نەوەک بە دەم
بۆ ئەم خاکە خۆشەویستە
کە سەدان ساڵە ژێر دەستە
**********

لە ڕێی سەربەخۆیی کوردا
سەردەکەوم بە هەورازا

بەسەر کەند و کۆسپ و گردا
وەک پڵنگ و شێری ئازا
بەسەر دڕکا ، شاخا ، بەردا
دەڕۆم نامبەزێنێ سزا
ڕێگەی ئامانجم گرتووە
توێشەبەرەم هەڵگرتووە
ڕێ دەبڕم
تا بە کۆسپا تێ دەپەڕم
**********

ئەم بەهەشتەی خۆشی ژینە
چۆن تاکووسەر ژێر دەس دەبێت ؟
ئەم کوردستانە شیرینە
چۆن هەر دیلی ناکەس دەبێت ؟
تا تۆڵەی خۆم نەکەمەوە
ئەم شەوەم ڕۆژ نەکەمەوە
مەرجە خەنجەری تێکۆشان
لە کەمەرم نەکەمەوە !
**********

تا خاکی بەشکراوی کورد
یەک کوردستان نەگرێتەوە
ئاڵای لەیەک ئاڵاوی کورد
شەماڵ نەی شەکێنێتەوە
بەری ڕەنجی براوی کورد
لەدەم دوژمن نەکرێتەوە
قەت لاوی کورد
بۆی کۆڵ نادات
هەنگاوی کورد
ڕێ بەر نادات

تا لە ئاسۆی خوێناویدا
خۆری هیوای کورد هەڵ نەیەت
خوێن وەکوو چەم لاشە بەرێت
ئەوساش هەر دەست هەڵناگرێت
لە مافی خۆی لە خاکی خۆی
لە دوا ڕۆژی ڕووناکی خۆی

# لـه گۆڕەوه

١٩٥٩

لـه جـەرگـەی گـۆڕستـانـەوه
لـه نـاخـی كـوردسـتـانـەوه
دەنـگـێـكـی دوور
دەنـگـی شـەهـیـدی ڕێـی خـەبـات
لـەجـێ یـەك سـوور
بـانـگـی نـەتـەتـەوەی كـورد ئـەكـات
دەدا لـه پـەردەی گـوێـی هـەسـتـم
ڕاپـەڕم و لـەخـەو هـەسـتـم
**********

لـه گـیـانـی بـەدرخـانـەوه
لـەو كـوردە نـەوجـەوانـەوه
كـەهـەسـتـا ئـەم كـوردسـتـانـه
بـكـات بـەیـەك جـێـگـه و لانـه

لـه قـازی مـوحـەمـمـەدەوه
لـەو دلـێـرە نـەبـەردەوه
كـه تـا لـه سـێـدارەیـان دا
كـوردسـتـانـەكـەی بـەرنـەدا

لە شێخ مەحموودی نەمرەوە
لە ئەو مەشخەڵ هەڵگرەوە
کە سەرشۆڕی نەکرد هەرگیز
بۆ ئیمپریالیستی ئینگلیز

لە کچەکەی نەغەدەوە
کام کچ ؟ کام شیرین کردەوە
- ئەوەی کە جێی شانازی یە
بۆ کورد مایەی سەربەرزی یە
ئەوەی کەوا هەردوو چاوی
بەخشی بە خاکی خوێناوی

لە دڵەوە ، لە دیدەوە
لە خوێنی شێخ سەعیدەوە
لەلای دکتۆر فوئادەوە
خاوەن بیری ئازادەوە
لە مەڵبەندی بەیداخەوە
شاخی ئاگری داخەوە
لەگەڵ داگیر کەری تورکا
سەدان جەستەی تیا پڕوکا
لە خەیری و لە خۆشناوە وە
عیزەت و قودسی لاوەوە
کەوا میوانی سەیوانن
قوربانی ڕێی تێکۆشانن
وا گوێم لێیە کە دەنگیان دێ
زۆر بە ئاستەم دەگەنە گوێ
هاوار دەکەن بۆ نەوەی کورد

بۆ من و تۆ ، درشت و ورد
کوردی ئازا
تاکەی سزا ؟
تاکەی وەستان
لەژێر دەستان ؟
تاکەی تاڵاوی خەم نۆشین ؟
گریان و شین
دەی تێکۆشین
هەموو پشتی یەکتر بگرن
ئاڵای کوردانە هەڵگرن
هەڵمەت بەرن
بێ ڕاوەستان
بۆ خوێن مژانی کوردستان
بۆ ئەوانەی دەیانەوێت
کورد بنەوێت
ئەوەی کە گەشکە دەیگرێ
لە دڵیا نامێنێ گرێ
ناوی پیرۆزی کوردستان
لەناوبرێ
نەتەوەی کوردی قارەمان
بەش بەش کرێ
لە مافی خۆی
بێ بەش کرێ
**********
منیش کوردم ڕۆڵەی ئەوان
دەبێت لەسەر
ئائەم خاک و خۆڵەی ئەوان
دای بنێم سەر

بەری نەدەم ڕێی تێکۆشان
هەتاکوو سەر

هەڵواسرێم
لەت لەت کرێم
کورد پەروەرم
بۆ کورد دەمرم

کوردایەتی ڕێگای منە
دینی منە بڕوای منە
ئازادی کورد و کوردستان
ئاواتە و مەنزڵگای منە
دەڕۆم تا خاکی کوردستان
ڕزگار دەکەم لە ژێر دەستان
بۆ شەهیدەکانیش پەیکەر
دەنەخشێنین بە زێڕ ، گەوهەر

# دایکی شەهید

١٩٦١

دایە گیان مەگری ..
جێی شانازییە کەوا ڕۆڵەکەت
گیانی خۆی بەخشی
بە کوردایەتی و خاک و خۆڵەکەت
دایە گیان مەگری ..
ئەو خوێنەی کەوا ڕۆڵەکەت ڕشتی
گوڵێکی ئاڵە
فریشتەی هیوا ناویەتە مشتی
هەتا هەتایە
لە سیس بوون نایە
تەڕ و بۆندارە
پیرۆزترینی دیاری خەباتە ..
لە دڵدا دیارە
**********
دایە گیان مەگری
ئەو نەتەوەیەی حەز کات سەرکەوێت
دەبێت خەبات کات
ئەویش خۆبەخت کردنی دەوێت ،
گەلێک بیەوێت ..

خاکی بەش بەشی یەک بخاتەوە
خێر و سامانی
زەوت کراوی
دەست خۆی خاتەوە ..
بیەوێت بگات
بە خۆزگە و هیوا و ئاوات و نیازی
سەربەرز بژی ..
بە سەربەخۆیی و بە سەرفرازی
دەبێت سڵ نەکات
نەبەزێت بە کۆت ..
بەزنجیر ، زیندان
بە دەربەدەری و بە خوێن ڕشتن و
بە سێدارە دان ..
دەبێت نەسرەوێت
تا سەردەکەوێت
بەسەر هەورازا ..
لەژێر ئاڵادا ..
جووت ئەبنەوە مام و برازا
دایە گیان مەگری جگەر گۆشەکەت
بەرزە جێگاکەی
نامرێت .. ئەژی
هەمیشە ئەژی
خۆی و بڕواکەی
لەگەڵ ئەو هەموو نەوجەوانانەی
خوێنیان ڕژاوە
شەتڵی گوڵزاری باخی ئاواتی ..
کوردیان ئاو داوە
**********

دایه گیان مەگری !
کاروانی خەبات وا بە ڕێگاوە
دەڕوات تا ماوە
پەیمانی داوە
نەیەتە دواوە
دەبێت هەر بگات ..
بەو مەنزڵگایەی بەهەشتی گشتە
گۆرانی و سۆز و ئاوازی دڵی
ورد و درشتە
دایە گیان مەگری
ئەم گەلی کوردە تاسەر دیل نابێت
تاسەر هاودەمی ..
زڕەی زنجیر و زیقەی زیل نابێت
کورد هەتاکوو سەر هەروا نامێنێت
چاو پۆشی ناکات
هەتا سەر سەری دانانەوێنێت
کڕنۆشی ناکات
دەبێت ڕۆژێک بێت
دوژمن ببینێت
پەت لە گەردن دا
ماچ و مووچ بکەن لەگەڵ دوو لێوی
ڕەشی مردن دا
*********

ئەوسا بڕوانێت
زۆر باش بزانێت
کە کورد نامرێت
هەر کە ڕاپەڕێت
بەیداخ هەڵگرێت

وەها گڕ دەگرێت
کام تەخت و کام هێز
هەرچی بێتە وێز
خۆی بۆ ناگرێت
**********

دایە گیان مەگری
تۆڵەی ڕۆڵەکەت هەر دەکرێتەوە
کۆت و پێوەندی لەپێ توند کراو
هەر دەکرێتەوە
خاکی بەشکراو یەک دەگرێتەوە
ئاڵای بڵندی دەلەرێتەوە
خزم بە خزم شاد دەبێتەوە
کەس لە کەسی خۆی جوێ نابێتەوە
تاریک و لێڵی دەڕەوێتەوە
دایە گیان مەگری
ڕۆژ دەبێتەوە

بۆ قوتابیان

# نـەورۆز

١٩٥٨

نـەورۆزەکـەم ،  نـەورۆزی کورد
ڕۆژی گـەشـی پیرۆزی کورد
جـەژنـی نـەوەی دڵسۆزی کورد
ئێمـە بـە یادت خوێنـی گـەش
بـە نیشتمـان دەکـەین پێشکـەش
دەسا لاوان
بـەرەو ژیان
**********
بـەیادی ڕۆڵـەی کورد کاوە
کـەوا دڵ و گیان و چاوە
بۆ ڕێی هیوامان هـەتاوە
دەڕۆین بۆ خاک ڕزگارکردن
ئاڵای کوردستان هـەڵکردن
کوردان وەرن
گشت یـەک گرن
**********
بـە یادی ئـەو خوێنـەی ڕژا
کـە چـەن دڵ و جگـەر برژا

تا مێشکی ئەژدەهاک پژا
دەڕۆین بۆ گیان بەخت کردن
لە ڕێی ئازادیدا مردن
**********

تا دەگەینە مەنزڵی کورد
دەپەخشێتەوە گوڵی کورد
شاد ئەبێتەوە دڵی کورد
دەڕۆین گیان پڕ هیوا و ، ورە
بەرەو کوردستانی گەورە
**********

سەرفرازی و ڕزگاری کورد
ژیانەوەی بەهاری کورد
سارێژ بوونی ئازاری کورد
لەسەر شانی ئێمەی کوردە
ئێمەین پێشمەرگە و سەرکردە
**********

دوارۆژی کوردمان دەوێ
بژی نەورۆز نەورۆزی نوێ

# نەورۆز و یاد

١٩٥٩

جەژنە و یادە ..
جەژنی نەورۆز
یادی نەورۆز
یادی ئەو ڕۆژە ئازادە
کە کاوەی قۆز
دڵ و دەروون ئاوێنەی سۆز
بڕوا پیرۆز
بۆ خاک دڵسۆز

بە هێرشێک
ڕووخاندی کۆشکی خوێن مژان
بە چەکوشێک
مێشکی ئەژدەهاکی پژان
بە شۆڕشێک
سارێژی کرد زامی پڕ ژان

**********

جەژنە و یادە

یادی ئەو نەورۆزەیە
ئەو ڕۆژە پیرۆزەیە
کە کورد لێو ماچ دەکاو شادە
ئەویش لێوی
شەکرە سێوی
ئاڵی وەکوو گوڵی کێوی
بووکی ڕازاوەی مرادە
جەژنە و یادە

*********

لە کاتێکدا کە ئەژدەهاک
ستەمکاری هاری ناپاک
خوێن دەڕێژێت
هەموو ڕۆژێک
دڵ دەکرۆژێت
کورد ئەکوژێت
بۆ خۆراکی ..
جووتە ماری زەق و زیندووی
بە خوێن تینووی
بە بێباکی

*********

کاوەم ، کاوە
بۆ نەتەوە داماوەکەی
زەبوون و لێ قەوماوەکەی
جەرگی وەک کەباب دەبرژێت
هەستی کوردانەی دەورووژێت
کاوەم ، کاوە

ئەو کورد پەرستە ئەو لاوە
ژیان دەخاتە ئەو لاوە
پۆل ڕێک دەخات
هێز یەک دەخات
پەیمان دەدات بە نیشتمان
دەڵێت یان مردن ، یان ژیان
ئازادی کورد و کوردستان
هەتاوەکوو لەپڕ هەستا
لەسەر خواست و پەیمانەکەی
ڕانەوەستا
بۆ گەل و نیشتمانەکەی
بە دەستو برد
هەڵمەتی برد
هاواری کرد
دەبێت بژی نەتەوەی کورد
بە چەکوشی چەکی دەستی
بڕوای بەهێزی .. مەبەستی
گرەوی کوردی بردەوە
ئاگری نەورۆزی کردەوە

*********

جەژنە و یادە ، یادە و یادە
هی ئەو ڕۆژەی کورد ئازادە
پێوەندەکەی پێ ی شکاوە
_ کێ شکاندی
_ کاوەم ، کاوە

*********

دەسا ئەی کورد با بەیادی
ئەو ڕۆژی ڕوونی نەورۆزە
بۆ سەربەخۆیی و ئازادی
ئەم کوردستانە پیرۆزە
خەبات بکەین کۆشش بکەین
گیان پێشکەش شۆڕش بکەین

**********

بەیادی ئەو شەهیدانەی
قوربانی ڕێگەی ژیان بوون
ئەو گوستاخ و نەبەردانەی
خوێنی دڵی کوردستان بوون
با کوردستانی بەشکراو یەک خەینەوە
سامالّی تالّ و ڕەش کراو شین کەینەوە
ئەم ، خاکە ئەم نیشتمانە
دەگری و چاوی چاوەڕوانە
ڕزگاری کەین
لەژێر دەستی
لە خەم ، پەستی
لە ئەم ، لە ئەو
لە کۆتی شەو
دەبا هەستین ڕزگاری کەین
ئازاد و بەختیاری کەین
سا یەکیەتی
برایەتی
خەباتی ڕێی ..
کوردایەتی

ژین ژمارە / ١٤٣٥ سالّی ١٩٥٩

# پێشەوا

١٩٦٠

دەرگای شادی داخراوە
دەروون بە خەم ئاخنراوە
ئاسمانی کورد ..
کوردستان گشت
تەمە و بە هەور گیراوە
درشت و ورد
کورد زمان گشت
ئارامی لێ هەڵگیراوە
کۆرپەی ژیان
لە دایکی شیرین تۆراوە
چاوی گریان
بە جارێ سوور هەڵگەڕاوە
دڵۆپی خوێن تیا تێزاوە
قەتیس ماوە
ئەموستی خەم
ژێر چەناگەی بیر دراوە
لێوی ماتەم
بە دانی قین کرۆژراوە

بزەی سەردەم
کە مەلێک بوو .. دڵ پڕ ئاهەنگ
بە هەناسەی داخ تاساوە
مات و بێدەنگ
دۆش داماوە
گڕ لە جەرگی بەردراوە
**********
وا سێدارە هەڵخراوە
دەوری بە ڕەشاش تەنراوە !
تۆپ لوولەکەی ئامادەیە
تا کەس خوار نەجووڵێتەوە
هەرچی شەقام و جادەیە
دەبابەی ڕوو گرژ و مۆنە
تازە و کۆنە
دوژمن دەیسوڕێنێتەوە
داوە .. داوە
ساز کراوە
دانراوە
بۆ کێ ؟ بۆ کێ ؟
بۆ ئەو سەرۆکە ناسراوە
کە پەیمانی بە کورد داوە :
تاکو جەستەی لە کاردا بێت
بەختی کا لە تێکۆشانا
تا تۆزقاڵێ گیانی تیابێت
داینێ لە ڕێی کوردستانا ..
ئەزانی کێ ؟ چ سەرۆکێ
- سەرۆک کۆماری کوردستان
قازی محەممەدی نەبەرد

جەسووری سووری کوردستان
.. بڕوای بێگەرد
ئەوەی کەوا :
سەری شۆڕ نەکرد بۆ نامەرد
نەیهێشت پشتی بدا لە عەرد
پێی وت سەرت داوە لە بەرد :
نەتەوەی کورد ، بکەی بە پرد
کام پێشەوا ؟
- ئەوەی کەوا :
ئەی وت دەبێت
خێر و بێری کوردەواری
هەر کورد بیخوا
بۆ کەس نەبێت
کورد بە شادی و بەختیاری
بژی و بڕوا ..
دیلی دەستی ناکەس نەبێ ..
هەڵخراوە بۆ ڕابەرێ
کە کورد داویەتی نامەکەی
ئەو بۆی بەرێ ..
بۆ مەنزڵی ئارامەکی
*********
واهات واهات
چرای ئاوات
قارەمانی :
ڕێگەی خەبات
پاڵەوانی :
سەدکارەسات
پشتیوانی :

گەل و وولات
ئەوەی گیانی دەکات خەڵات
هەیهات هەیهات !
چ شێرێکی بە جەرگ هات !!
**********

ئۆردووی دوژمن لە دوایەوە .. !
دەست و قاچی کەلەپچەیە !
مردن لە پێش ڕێگایەوە :
کەچی ئا ئەو کورد بەچەیە ..
بەو زنجیر و پێوەندەوە
بە خەندەوە ، ..!
هات بە تەکان
پەتی دارەکەی ڕاتەکاند
تۆپ و ڕەشاشی ڕاچڵەکاند !
هەتا توانی ..
چریکانی : -
وتی کوردم .. سوێندم خواردووە بەم خاکەم
خۆمی لە ڕێدا بەخت کەم !
بەم بیر و باوەڕە پاکەم
تا کۆسپی ژینی تەخت کەم
ڕۆڵەی کوردم
وڵاتی کوردستان پەرست
بۆ کورد پردم
هەتاکوو دەیپەڕێنمەوە
لە نۆکەر و ئیمپریالیست
هەتاکوو دەی بووژێنمەوە
دەیکەم سەربەست
ئاڵای کوردستانی گەورەی

دەدەمە دەست
ئەوەم کەهەم
هەر ئەوەش بووم
وا ڕۆیشتووم
هەرواش دەبم
ئەمەیە ڕێم :
بۆ وڵات و نەتەوەکەم ..
سەر دادەنێم !!
هەڵمواسن
لام شەرەفە و سەربەرزییە .. !
چاک بمناسن ،
لە ڕێی کورد و کوردستاندا
بۆ من مایەی شانازیە
لەژیاندا
ئێمە کوردین لە هەڵواسین !
نەترساوین ناترسین !
" من هەڵواسن "
بەڵام بیری کوردایەتیی
" پتەوتر " لە پۆڵا و ئاسن
هەر دەمێنێ
کورد لە گیان و دڵیایەتی !
تا هەتا لەگەڵیایەتی :
سات لە دوای سات
زیاتر گڕ و جۆش دەسێنێت
هەزار بەسەرهات ، کارەسات ،
نای نەوێنێت هەر دەمێنێت
**********
شۆڕشی سوور

لەناو دڵدا بڵێسەکەی
وەکوو تەنوور
زیاتر بەرز دەبێتەوە ..
هیچ دای نامرکێنێتەوە !
تا دوژمن دەتوێنێتەوە !
**********

سبەینێ کورد کە ڕاپەڕی
لەم پەڕیەوە تا ئەو پەڕی
چاوی ژێر تارای زۆرداری
هەڵ دەهێنێت
بۆ ڕزگاری
شۆڕشێک هەڵ دەگیرسێنێت
سوور بنوێنێت
وەکوو بورکان جۆش بسێنێت
ماف بسێنێت
لاوی ئازا و گورج و گۆڵی
توند و تۆڵی
زۆر بە جەرگی
نیشتمانی
شێری نەترس لە مەرگی
کوردستانی
تفەنگ و تفاق لە شانی
مەهاباد و کرماشانی
سنە و" وان "ی
دیاربەکر و نەخچەوانی
لاوی سۆران و بۆتانی
بادینانی
جامانە سووری بارزانی

هەڵۆکانی هەورامانی
کوردەکانی
هەموو گەرمیان و کوێستانی
هەر چوار قورنەی کوردستانی
لە شوێن جێ پێی
دوانزە سوارەی مەریوانی
لەسەر تەدبیر و بیر و ڕێی
شێخ سەعید و بەدرخانی
لەسەر بڕیار و پەیمانی
شێخ قادری شەمدینانی
هەر بە یادی :
کاوەی ئازای پاڵەوانی
بۆ ئازادی
چەکوشی ڕێی تێکۆشانی :
دەنێتە سەر دەفەی شانی
بۆ ڕزگاری کوردستانی
دەڕوا ، دەڕوا
گیان پڕ بڕوا
بۆ پژاندنی ئەو مێشکەی :
نەمانی کورد بۆتە بێشکەی
نەمانی کورد ئارامێتی
مەرامێتی
دەڕوا ، دەڕوا
دڵ پڕ لە ئاوات و هیوا
ئەم خاکە سوور دەکات بە خوێن !!!
خڵتانی خوێن !
دەکات بە نوێن !
ناحەزانیش

هەرچی بڵێن
ئەو هەر دەیباتە سەر " بەڵێن "
پەیامەکەی
نامەی خوێناوی خامەکەی
بە کارواندا ..
بە کاروانی تێکۆشاندا
دەبات هەتا .. دەیداتە دەست
بووکی کامەرانی و مەبەست
بووکی هیوا
یاری ئێسک سووکی هیوا
گوڵی هیوا
دڵی هیوا
گۆنای گەش و سوور و ئاڵی
ڕووی بێگەردی وەک ساماڵی
هەڵدەمژێت
بەجۆرێکی هەڵ ئەمژێت
تا عەتراوی لێدەڕژێت
باش دەی چێژێت
لە تامەکەی
هەتاوەکوو مەستی دەکات
خۆشی بۆن و بەرامەکەی !
کە لە کاروان گەڕایەوە
ئەم مژدەیەی هێنایەوە
بۆ دایکە بێ ئارامەکەی
وەرامەکەی
بە گەیشتنی نامەکەی
سارێژ دەبێت
یەکسەر برین و زامەکەی !

جا ، نەوەی کورد
" نەتەوەی کورد "
دایدەچەقێنێ ئاڵاکەی !
دەیگۆڕێت بەرگ و کاڵاکەی
ڕازاوەی دەکات باڵاکەی
ئەوسا دایکی منی شەهید :
کپی دەکات سکاڵاکەی
**********

کورد تۆڵەی خوێن دەکاتەوە
خۆی لە خوێن دا دەشواتەوە
تا " سەربەستی "
وەڵامەکەی دەداتەوە ..
تا ئەمجارەش بە مەبەستی :
دەگاتەوە
سەما دەکات بەیداخەکەی !
بەسەر بەرزایی شاخەکەی !
کوردستانی ئاواتەوە !!
بەڵێ ئێوە دوژمنەکان ..
برسیی گۆشت و خوێن و ئێسقان
هەرچەند کە من هەڵدەواسن
بەڵام هەڵگری ئەم بیرە
باش بناسن ..
نای بەزێنێت پۆڵا و ئاسن !
نای نەوێنێت هێزی دوژمن !
پەیام نێرانی ئەم بیرە
ملیۆنەها کوردی ژیرە !
وا بەڕێوە بۆ مەڵبەندی
بۆ شکاندنی پێوەندی !

ڕزگار بوونی لە دەست بەندی !
وڵاتەکەی لەژێر دەستان
دەردەهێنێت
نۆکەرەکانی کوردستان
دەخنکێنێت
تاکوو نیشتمانی لەت لەت
بە یەک کەڕەت
ئازاد نەبێت بست بە بستی
واز ناهێنێت . !
بەری نادا چەکی دەستی !
تا نەی بینێت
ئاڵای بەرزی ڕەنگا و ڕەنگی
بەرهەمی شۆڕش و جەنگی

---

ژین : ژمارەکانی ١٥٠٩ و ١٥١٠ و ١٥١١

# هەستی دوو مەبەست

تاقانەکەی ئێرە و ئەوێ !
بە دڵ و گیان تۆم خۆش ئەوێ !
چیت لام ئەوێ
من وام ئەوێ !
ئامۆژگاریت .. دەگرمە گوێ !
وتەکانت هەمووی ڕاستن !
خواستی من و تۆ یەک خواستن !
ئەوەی گوتت هەمووی پەندن
بە دوا ڕۆژمەوە بەندن !
بۆیە دەڵێم هەتا دەمرم
هەڵیان دەگرم
لە چوارچێوەی زێڕیان دەگرم !!

**********

بەڵێ وایە ، قوربان وایە !!
بێ گاڵتە بێگومان وایە !!
ئەم وولاتە خوار و ژووری !!
بەبێ دەستکاری سنووری !
بەشێکە لەو نیشتمانە

گەورە و پانە !!
کە وڵات و نیشتەجێتە !
چاوت لێ یەو چاوی لێتە
بیکەیت بە یەک
بە پارچەیەک
وەک ناوچەیەک !!
بەڵێ ئامادەم لەسەر پێم !
دەبێت منیش لەگەڵتا بێم !
تەپڵ و زوڕنات بۆ لێ بدەم !
بە دەست بەدەم !
بۆ سەربەرزیت !
شایلۆغانی سەرفرازیت !
مل کەچ بم بۆ پیلان بازیت !
چەپڵە بم بۆ چەنەبازیت !
ئاوا نەبم لێم نارازیت

**********

بەڵێ لەلات خۆشەویستم
ئەوەی کە دیم ئەوەی بیستم
ئەوەی کە خۆی نایە مستم
بیپەرستم !!
وەک ئەو ڕیسەی کە لەمەوپێش
پێیان ڕستم !!
**********

لە خەڵوەتیشدا وەک دەروێش
دەرگاکەتان لێ داخستم
**********

بەڵێ خۆشەویستم لەلات

دەسبەردار بم لە گەل ، ولات !!
ڕۆژ ئاوابم
بێ ڕۆژهەلات !
هەرچی بلێیت بچووکت بم !
فەرمانڕەوای لەش سووکت بم !
بۆ کوژاندنەوەی کام ئاگر
یەکەم کەس بم هەگبە هەلگر !
چەکی چاکی تەنگانەت بم !
سەربازی کۆشک و لانەت بم !!
با خۆشم جێم کەلاوە بێت !
بەلام هەر تۆم کە .. لاوە بێت
دەبێت پێم خۆش بێت هەلپەڕم
بەسەر ڕاستیدا تێپەڕم !!
کڕنۆش بەرم !
لەگەل تۆدا دەنگ هەلبڕم !
بە زبان و ئاوازی تۆ
بۆ ئامانج و بۆ قازانج و بۆ نیازی تۆ !!
خوا هەلناگرێت دلسۆزیت !
خاوەن بیرێکی پیرۆزیت !
بۆ ئەم گەلە بەشکراوە
بەش بڕاوە
دۆش داماوە
بەجێ ماوە
بۆ ئەم گەلە دل سووتاوە
بێ هەناوە
سەرشێواوە !
**********
بەلێ ڕاستە

چیم گوتووەخوا نەخواستە !
کێ گوتوویە سا ، وانیە !
خۆ ئەم خەڵکە ساوا نیە !
هەور لە هەساوا نیە !
هەموو دەزانین چالاکی !
بەرامبەر ئێمە چالاکی !
کوڕی چاکی !
کاکە من و تۆ خۆ براین ! !
چۆنی چاکی ؟ !
کێ دەڵێت جیاین ! ؟
**********

برای گەورە و قنج و قیتم ! !
قارەمانی وریا و زیتم ! !
خۆت نازانیت تا سەر چیتم ؟ !
ـ پیاز پاکەر و خزمەت چیتم !
چی دەڵێیت سەرم لە ڕێتە !
خوێنم فەڕشە هی ژێر پێتە !
چونکە زۆرم باوەڕ پێتە ! !
بێگومان ئەوەی وا نەبێت
تێنەگەیشتووە ، شێتە ! ! !

---

تێبینی : سەرتاسەری ئەم شیعرە تەوس و پلار ئامێزە بۆ " قاسم " وتراوە ، دوای بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەدا هەندێ گیرو گرفتی بۆ دروست کردم ناچاریان کردم لێکۆڵینەوەیەکی لە ژین دا لەسەر بڵاو بکەمەوە کە مەبەستم کەسێکی ترە .. سەروچاوی
عەدنان مەندەریسی گرتەوە ، بەڵام ڕۆشنبیران دەیان زانی مەسەلەکە چییە .

# کورسی

میللەت با ڕووت و برسی بێت
گیرۆدەی سەد مەترسی بێت !
گەلی برسی
دەکەم بە قوربانی کورسی !
بژی کورسی !
**********
لانەم بەرزە و خاوەن ناوم
ئاشکراشە
بۆ نەتەوەکەم سووتاوم !!
هەروەهاشە
بێ هەناوم ..
چونکە وتم : هەتا ماوم
مەرجە بۆ خاک
کوێر کەم چاوم !
بە دڵی پاک
بۆ گەلم بینێم هەنگاوم !
تێ بکۆشم
بیر و هۆشم
بخەمە کار بۆ ڕووت برسی !

ڕزگاریان کەم لە مەترسی !
بەڵام ڕاستی
دڵم لێی دا ..
بۆ یارێکی خۆشەویستی
کۆڵی نەدا
تا خۆی گەیاندە ناو مستی !
دەزانی چی ؟
گەر دەپرسی
بۆ کورسی بوو ، دینم کورسی !
ئەو کورسیەی چوومە سەری
ئیتر چیم داوە لە برسی !
قوڕ بە سەری
بژی کورسی !
**********

یەکەم جار بوو
هاتم سنگم بۆ دەرپەڕاند
دەمم بە هات و هاوار بوو
قوڕگم نووسا هێندەم نەڕاند
تا لای هەژار
بووم بە فریشتەی سەر زبان
دانیان پیا نام
وا زانرام و دانرام
کە دڵسۆزم !
جگەر سۆزم !
بۆ نیشتمان و بۆ هۆزم
گەل پەروەرم
تێکۆشەرم !
خۆ " بەشەر " م

لە ڕووی خاکدا دەکەم " شەرم " !
بۆیە جڵەویان دامەدەست
ڕۆییم سەربەست
بەرەو مەبەست !
- بۆ کام مەبەست ؟
- بۆ ڕزگاری هەژار ، برسی ؟
لە مەترسی
خوانەخواستە
ئایا ڕاستە ؟
- نەء وانیە
بۆ سەرمایە
بۆ سەر پایە
ئەو پایەیەی سوودی تیایە
ژینی تیایە
پارەی سوور و شینی تیایە
گەشتی سەرزەمینی تیایە !
دنیای تیایە ، دینی تیایە !
خەندە و پێکەنینی تیایە
بەڵێ وایە
سینەی نەرم و گەرمی تیایە
دڵ و هەم جگەرمی تیایە
ئەی ئاوایە !!
چش لە بێ نانان
چش لە هەژاری بەسەزمان !
چش لە گریان !
فرمێسک و ژان !
چش لە ئاهی سینە بوریان !
چش لە برسی !

بۆخۆم گەیشتووم بە پایە
بژی کورسی
بۆی دانام زێڕ و سەرمایە !
وا بووم بە لۆرت
پەڕیمەوە لە هەزار قۆرت
وا بووم بە پیاو !!
ئێستا لەم پەڕ نیم لەو پەڕم !
هەڵدەپەڕم !
قەل و پڵاو !
پشتێنەکەم کردۆتەوە
گرەوەکەم بردۆتەوە
باکم چیە ؟
خاک و وڵات ؟!
خاکم چیە !
دەبا بڕوات ..
با وێرانە و بەشکراو بێت !
گورگی هاری سەرکراو بێت !
خێر بڕوا و بێت !
نەتەوەش با ..
لێشاوی برسێتی بیبا
بار هەڵگرێت !
سزا بدرێت !
چش با بمرێت
بەس نیە خۆم
بە دڵی خۆم
دێم و دەڕۆم
دەبەم دەخۆم !
کۆشک و تەلار !

پایە و کورسی
ئیتر چیم داوە لە برسی ؟
یان ،، لە هەژار
بژی کورسی
**********

بەڵێ خاوەن دیوەخانم
هەموو گەل و نیشتمانم
دەکەم بە قوربانی - خانم - !
هەموو شەوێک لە دیوەخان !
خۆم لەگەڵ خان
دەیهێنمە لای خۆمەوە !
لەگەڵیدا دەخۆمەوە !
ڕابواردنە ..
داخی دەروون لابردنە
ماچ کردنە !
چەپڵە و گۆرانی و سەمایە
ـ وەی وەی وەی ـ و
ـ ئای ئای ئای ـ ـە
خەم و خەفەت نووزەی نایە
بەڵێ وایە
خۆزگە تاسەر هەر وا بوایە
قەت کۆتایی نەهاتایە
کورسی و پایە !
**********

ـ ٢ ـ

بەڵام ئەمڕۆ ، ئەی داخەکەم
شکا پەرژینی باخەکەم
شنەی .. نایە

دەماخەکەم
لەرەی .. نایە
بەیداخەکەم
ئەی داخەکەم !
کورسیم شکا
لەناو خەڵکا
حەیام تکا
توخوا ئەی خەڵکینە ـ تکا ـ تکا ـ
ئەی گەل تکا
تێکۆشەرم !
خەبات کەرم !
هەتا دەمرم
ئاڵای ڕزگاری هەڵگرم !
من ئاگرم !!
ـ ٣ ـ
گەلیش سەد ئەوەندە تکا
قبووڵ ناکا
هاوار دەکا
دەڵێ .. بڕۆ وەکوو پووشی کا
سووک بە
سووک بە
جێی کینەی گەورە و بچووک بە
هەی بێشەرم
لاچۆ نەڵێیت تێکۆشەرم
*********
ڕوو ڕەشە خۆ فرۆشەکان
بۆ کورسی بە پەرۆشەکان
ئەوە چاوی کرایەوە

بیری پاکی کورد پەرستی ..
سەر لەنوێ خستە کایەوە
بۆی ڕوون بوەوە ، ڕێگەی ڕاستی
باش تێگەیشت کامە ڕوونە
کامە ئاوێنەی دەروونە !
کامە .. لێڵە
چەوت و چێڵە
ئەو میللەتەی لەخەو هەستێت
دەزانێت کێ دڵسۆزێتی
پشت بە ئەو کەسە دەبەستێت
ڕێبواری ڕێی پیرۆزێتی
*********

ڕێبوارێک بێت گوێ نەداتە
ماندوو بوون و حەوانەوە
تا ئەو مەڵبەندەی ئاواتە
بڕوات بەبێ گەڕانەوە
بە دڵی پاک و بێ گرێ
ڕێیەک بگرێ
وەکوو چوار قارەمانەکە
خەیری ، خۆشناو ، عیزەت ، قودسی
خۆیان لەپێناو هەڵواسی
نەک بۆ کورسی !

# نەگۆڕاوم

١٩٦٠

نەگۆراوم ..
لەسەر ئەو بیرە ڕووناکەی
جاران ماوم
دەژیم بۆ ئەو گەل و خاکەی
بۆی خولّقاوم
دوێنێ لەسەر چ بیرێک بووم
هەروا ماوم
لەسەر چ ڕاو تەدبیرێک بووم
نەگۆڕاوم
ئەمڕۆش ئەوەم
دژی ئەم تاریکی شەوەم
ڕێبڕم ڕوو لە پێشەوەم
بەرەو ئاسۆی ڕوونی ژیان
بەرەو ڕووناکی بەربەیان

**********

تا ناو گۆڕم
بەرەوپێش دەینێم هەنگاوم

دڵ ناگۆڕم
نەگۆڕاوم

**********

هەروەک جاران
جگەرسۆزم ، بۆ نیشتمان
بۆی دڵسۆزم ، بە دڵ و گیان
خۆڵ و تۆزی
زۆر پیرۆزی
دەنێمە سەر هەردوو چاوم
نەگۆڕاوم
بیری پاکم
ڕێی ڕووناکم
قەت بەرنادەم ..
من ئامادەم
بۆی بڕۆم تا دواهەناسە
بێ سڵ لە خەم ، ئازار ، تاسە
ئیمان بە نەتەوایەتی
کوردایەتی
ڕێی پیاوەتی
مەردایەتی
کورد پەروەریەتیەک ، پەتی
تاسەر بڕوامە ، ڕێگامە
قیبلەگامە
پەرستگامە
خاکی کوردستان پەرستم
هەتا ماوم
دڵ و گیانم لەسەر دەستم

هەر بەردەوامە هەنگاوم
بۆ مەبەستم
نەگۆڕاوم

**********

بیرم بیرەکەی جارانە
نەترساوم لە بێگانە
لە پێوەند و کەلەپچەکەی
ناو زیندان و بەندیخانە
پشت ئەستوورم بەو مەچەکەی
هەڵگری ئاڵای ژیانە
بەو بیر و باوەڕە ، چەکەی
ڕزگارکەری کوردستانە
شکێنەری دانەی زنجیری گرانە
بڕوام هەر بە تێکۆشانە
هەروا ماوم
ئازادیم لە ئەستۆ و شانە
نەگۆڕاوم

**********

ئەو بڕوا ڕوناکە پاکەی
تەنیا و تاکەی
هەڵ قولاوە
لە جەرگەی ئەو گەل و خاکەی
دیل کراوە
لە چوار لاوە
بەشکراوە
من هەر

لەسەر
ئەوەم تاسەر
بۆی دادەنێم
گیان ، سامان ، سەر
هەردوو بیلبیلەکەی چاوم
هەتاوەکوو دەتوێتەوە
تا هێزی تیا بێت هەناوم
لە خوێنەوە
هەر لە تەکیام
لەگەڵ هەنگاو بە هەنگاوم
زیت و وریام
نەگۆڕاوم

**********

بەشیری بیری کوردانە
گۆش کراوم
گیانم ئامادەی مەیدانە
زۆر مەردانە
نەبەردانە
بەرامبەر بەو فاشستانە
دوژمنن بەم کوردستانە
بەڵێ هەر وام
هەتا ماوم ..
نەگۆڕاوم
نەگۆڕاوم
نەگۆڕاوم
گۆڤاری ڕۆژی نوێ

# گۆرانیەک بۆ ئازیز

١٩٥٩

ئازیز ، ئازیز
ئەی هێلانەی خۆشەویستم
هەرگیز ، هەرگیز
من خەریکی تۆ پەرستیم
ئەی یارە شیرینەکەی خۆم
بەو دوو چاوانەت سوێند دەخۆم
دڵداری تۆم
**********

هەر کە کشا
نیگام بۆ ڕووی مانگی گەشت
لەدڵ نەخشا
کوڵمی خرپن ، چاوی ڕەشت
بووی بە خولیایەکی گەرم
بۆ دڵ و گیان و جگەرم
ئەی خوێن گەرم
**********

تۆم خۆش دەوێت
خۆشەویستی بێگەرد و پاک
دڵ تۆی دەوێت

هەتاوەکوو چوونە ژێر خاک
بەستە و گۆرانی و هەڵبەستم
خوای دڵداریم دەتپەرستم
تۆی مەبەستم
**********

لە یادمای
وەک چۆن شەو ڕۆژی لە یادە
دڵ هەر تۆی تیای
بۆ تۆی شیرین دڵ فەرهادە
کە دوور دەبیت مات و پەستم
بۆت وێڵ دەبێت مەلی هەستم
خۆشەویستم
**********

ئەی خوای جوانی
هەرچەند دووریش کەویتەوە
وا .. نەزانی
کە تۆم لەبیر دەچیتەوە
هەمیشە وای لەبەر چاوم
لەناو دڵمایت هەت ماوم
تۆی هەناوم
**********

بێ با هەردوو
پەیمانی دڵداری بدەین
تا زوو بە زوو
بە ئاواتی خۆمان بگەین
تێر گوڵی ئاوات هەڵمژین
دڵشاد و بەختیار بژین
ئەی نازەنین

# پەری

١٩٥٩

پەری قژ زەرد
جوانی بێگەرد
گوڵاڵەی هەرد
هەڵچووی ناو وەرد
ڕەوشت بەرزی
بە کردار مەرد

ئەی ڕوو پڕ هێمنی و مەنگی
خوڵقێنەری شۆخی و شەنگی
ئەی ئەو گوڵەی دڵ بۆت ئەگری
ئەی ئەو دڵەی کە دڵ ئەگری
ئارام و هۆش
کە هەڵ ئەگری
ئەی جوانی پۆش
ئەی شاپەری
**********
ئەی ئەو کچەی لە یادمایت
کامەی زۆر جوانە ناتگاتێ

لەو دڵە دایت کە هەر تۆی تیایت
هەموو ئان و کات و ساتێ ،
کە شەونمی شەرم تک ، تک
لە چاوی ڕووی نەهێنیتا
دەڕژێتە سەر کوڵمی ناسک
گوڵاو دەکات بە جوانیتا
**********

ڕووی پرشنگاوی شەرمنیت
ڕەوشت شیرینی هەنگوینیت
ڕەوت و چرپەی بە هێمنیت
وای لێکردم تۆم خۆش بوێت
تۆ ئاوێنەی دڵی من بیت
*********

وای لێکردم کە هەمیشە
خولیاتم لا بێتە پیشە
وەک شێت
لەڕێت
بوەستم لێت
تاکوو خۆری جوانیت هەڵدێت
ئاڵتوون ڕێژی دەکات بەر پێت
دڵی منیش دەدەی زاخاو
بە زێڕی قژی زەردی خاو
**********

ئەی ئێسک سووکی ڕازاوەم
هەڵقوڵێنەری هۆنراوەم
منێک ، وەکوو مەلێ تاساو
چاوی سەرنجم حەپەساو
دەڕوانمە ئەو جوانی یە

که لە ڤینۆسیش دا نییە
یەکسەر گەرووی کامەرانی
لێ ی دەڕژێتە دەر گۆرانی
سەری دەخات ناخی دەروون
وەکوو ئاوی سەرچاوەی ڕوون
خۆشتر لە کەمان و لە تار
لە خاڵەی ڕێبوار و قەتار
پەری قژ زەرد
جوانی بێگەرد
خۆشەویستەکەی تا سەرم
هیوای داڕۆژی هاوسەرم

# هەناسەیەک

دەمێکە من خەفەتبار و  زەبوونی یاری نازدارم
دەمێکە بۆ گوڵی گوڵزار  دڵی زار پڕ لە ئازارم
ئەگەر چی زۆر لە پێشدا من وتومە قەت بەئەو ناگەم
بڵێم چی دڵ دەڵێت : من ئەم  وتە و تەوسانە تێناگەم
ئەوەندەی من گوڵی گەنجیم  لە پێناوی ئەوا ژاکاند
ئەوەندەی ئاخ لەناو لێودا  وشک بوو بۆی و نەمدرکاند
ئەوەندەی شەو بە خەو بۆ ئەو بە مەستی دەمبزرکاند بۆی
ئەوەندەی چاوی خۆم کز کرد بە فرمێسک و بە نرکان بۆی
ئەوەندەی من لە مەیخانەی ئەوا پێکی خەمم هەڵدا
لە هەردی پاییزی ئەشکا هەزاران گوڵ سەری هەڵدا
بەڵام سوودی نەبوو بۆ من
لە ڕووی تاریکی بەو لاوە
تروسکەی شادمانیم هیچ ..
نەدی لەم عەشقە جێماوە

# گوڵ و کەژاڵ

١٩٥٩

وتم بە گوڵ
ئەی گیان و دڵ
هەرچەند کەوا تۆ فریشتەی
نازەنینی
زۆر ناسک و جوان و پۆشتەی
باخی ژینی
هەرچەند بول بول
بۆیەک بزەت کەوتۆتە خول
دەچریکێنێ
دەم پڕ ئاواز
درەختی خەم دەتەکێنێ
بە لەنجە و ناز
هەزار چەشن
دڵی ڕۆشن
بۆت پەرۆشن
بە شنە شن
بەڵام ئایا ئەو جوانییە
هەتاکوو سەر

گەش دەبێت هەر ؟
- نەء وا نیە
ئاشکرایە کە بای پایز
دەتوەرێنێت
هەر ئەو بایە
مەل دەکات زیز
دەی تەرێنێت
سۆزی ئازیز
دەتەزێنێت
ئیتر هەرگیز
قەت ناخوێنێت
خۆی نانوێنێت
ناچریکێنێت
*********

تۆش چاو کەژاڵ
کچە جوانەکەی خەیاڵم
دوو کوڵمی ئاڵ
سێوی ئاواتی قەپاڵم
سبەینێ تۆش وەک ئەو گوڵە

دەڕوات جوانیت
شادمانیت
جێت ژێر گڵە
هەردووکمان هەر دەبێت بمرین
هەڵبوەرین
جێ بێڵین ژین
بۆ ژێر زەمین
*********

کەوابێتە باتا لاوین
گیانی شیرین
تاکوو ماوین
با نەهێڵین کە ناخۆشی
بمانگرێتە باوەشی
با .. بە گۆرانی و بەستەوە
ڕوو کەینە بارەگای مەبەست
لە دڵ و گیان و هەستەوە
وەکوو ـ هەڵبەست ـ
لەوحەی خۆشەویستی ی ڕەنگ کەین
باخچەی ژیان بە گوڵ شەنگ کەین

# ئاوازی تەنیایی

١٩٥٩

لێم گەڕێن با بێدەنگ بم
دڵ پەست و مەست و مەنگ بم
دوور لە خۆشی دنیا بم
ئاوارەی دڵنیا بم
ئاسمانی نائومێدی
هەمیشە لە بنیابم
لە هەردی چۆڵی خەما
حەز ئەکەم بە تەنیا بم
وەکوو پەپوولەی تەریو
لە عەزرەت گوڵی وەریو
ڕوو کەمە دەشت و چیا
کە پێم نا بە هەرچی یا
وەک چزوو پێمەوە بات
ژیانم لەبیر وەبات
با ئاوازەی دڵ و گیان
دەست کاتەوە بە گریان
شمشاڵی ناڵەی لێوان
زامی بێتەوە سوێ و ژان

کەمانی خەمی شەوان
تک تک بتوێنێتەوە
وزەی ژیان
سۆزی ناکامی لاویم
دەروونی ئاگراویم
ئەوەندەی تر بێنە جۆش
نە بیر بمێنێ ، نە هۆش
**********

ئەی هەستیاری گۆرانی
تەریوی کامەرانی
چونکە دۆستی گریانی
دەمێکە گوێم لێگرتوویت
لەو ئاوازەی دەیزانی
زۆرم لەگەڵدا وتوویت
هەر جێگیری لە دڵما
توخوا وەرە لەگەڵما
ڕوو بکەینە دنیایەک
دوور بێت لە هەموو لایەک
بە ئاوازی خەماوی
بپێچینەوە ، لاوی
بنێژین ئەو تەمەنەی
نەماندی زەردەخەنەی
**********

ئەی فریشتەی کەساسی
کاتێک چاوم کردەوە
هەر بە تەنها تۆم ناسی
تۆم لەگەڵ خۆم بردەوە
بۆیە گەرووی هەناسەم

پڕە لە خەم و تاسەم
بۆیە دوور بیت لێم کاتێ
دڵ هاوارت ئەکاتێ
دەسا هەر لەگەڵما بە
لەناو سینە و دڵما بە

# فرمێسک و زام

١٩٦٠

جار جار ئاسمان کە دەتۆرێت لە بەهار
نم نم فرمێسک لە چاویەوە دێتە خوار
ئاوا خەم لام دەتوێتەوە بە ئازار
شێوەی دووری ڕووی جوانی تۆیە ئەی یار
**********

وا کوورەی دڵ
جۆشی داوە وەک هاوین
هاتۆتە کوڵ
سۆزی دەروونی بەتین
لێی تاڵ کردم
شیرینی ژین ، پێکەنین
حاڵی بردم
بۆ دنیای زام و برین
**********

وەکوو پایز
ڕەنگم زەرد هەڵگەڕاوە
بێ تۆ ئازیز
گوڵی لاویم ژاکاوە

مەلی ئارام
هەردوو باڵی شکاوە
هەناسە و زام
گڕی لە گیان بەرداوە
**********

ئەو کراسەی لەبەری دەکات ، زستان
دایدەپۆشێت ، زەمینی ڕەنگینی جوان
بەرگی منە ، کفنی مەرگم دوای ژیان
جێ دێڵم ژین دەڕۆم بۆ دنیای نەمان
**********

با لە دوای یار
لانەم بێت باوەشی خاک
ئەویش تەلار
لای پارەدار بەبێ باک
پێ بکەنێت
بە دنیای گەش و ڕووناک
گۆڕ هەڵکەنێت
بۆ دڵێک بێگەرد و پاک

ژین ژمارە ١٥٥٢

---

لەزمان لاوێکی ناکامی کۆچ کردووەوە .

# دیاری و فرمێسک

١٩٦٠

کاتێک ژیان لە جۆلانەی ئارام دا
خۆشەویستی و پەنجەی ناز ڕای دەژەنێ
پەری شادی و بەختیاری لە لامدا
تریق و هوڕ وەک هوزار پێدەکەنێ
**********

لەو کاتەمدا بە کشتەکی یادگار
کەوتبوومە مرواری هۆنینەوە
کام مرواری ؟ _ هی هۆنراوەی ئاڵ بۆ یار
دەنکە دەنکە جوان جوان دەمچنینەوە

هۆنیمەوە تا بوو بەیەک ملوانکە
بە ڕابەری دڵدا بۆم نارد بە دیاری
تا گەردنی ڕازاوە بێت وەک لانکە
دڵی ساوام شنە شن کات لە دیاری

کە فریشتەی ڕابەری دڵ هاتەوە
پەپولەکەی زەردەخەنەی تەری بوو
بەسەر گوڵی لێوی سیس بووی ماتەوە

باڵی ناسک بە هەناسەی وەری بوو
فرمێسکی ڕشت خۆی دا بە سنگ و جەرگا
ئەو سنگەی وەک مەنجەڵێک هاتبووە کوڵ
وتی بینیم .. لە کاڵای سەرەمەرگا
پچڕا دیاری مرواریم و ، وەری گوڵ
**********

ئەی خوای تەلی کەمانی سۆز پچڕێنەر
ئەم  کسپەیە چی بوو جەرگت پێ داخ کرد ؟!
ئەی دوو گیان و جەستە و دڵ لە یەکتر کەر
بۆ .. بەهاری ئاواتت بێ گوڵباخ کرد ؟!

# بۆ
# جوانێکی سیل گرتوو

١٩٦٠

ژین ژمارە ١٤٧٧

ئەی فریشتەی گوڵی گۆنا زەرد هەڵگەڕاو
خەیاڵی تۆ
وای لێکردم سەرینی ژێر
سەری ئارامم دەرزی بێت
کەوتوومە ناو
گەردەلوولی لێکدانەوە بۆ حاڵی تۆ
سەر لێ شێواو
فرمێسکی چاو
زۆر بە لێشاو
لە دیدەم دێت
**********
ئەی مەلی گیان لەسەر چڵی
وشکی خەفەت کز هەڵنیشتوو
کام پەپوولەی ..
ئومێد لەناو
دەروونتا خۆی حەشار داوە
ئەی ئاوارەی
ئازار چەشتووی

باخی خۆشی بەجێ هێشتوو
توخوا چی بوو
خونچەی گەنجی
وەراندی و دای بەدەم باوە
**********

ئەی فریشتە
دەردە سیلی کوشندەی پڕ سزا و ناڵە
چۆن دڵی هات هەڵکوتێتە
سەر تۆی جوان
وات .. بکات .. باریک
شەرمی نەکرد لەو چاوانە ؟
لەو کوڵمە ؟
لەو لێوە ئاڵە
دیلی کردی بەو نیازەی
بتبات بۆ ناو
گۆڕی تاریک
ئەی بەندی ناو
قەفەزی زام ، ئەی تەریوی
کەیفی دەماخ
لەتاوی تۆ ..
بەسەر دەریای ئازارەوە
بووم بە کەشتی
مەگەر هەتا ئەو ڕۆژەی سەر
دەنێمەوە ..
هەر بڵێم ئاخ
بۆ جوانێکی شەنگی مەنگی
پەریزادە ..
کە سیل کوشتی

# ئەی مەرگ

١٩٥٨/٦/٢٦
ژین ژمارە ١٣٩٨

کە هەڵمەت دەبەیت
جانەوەرێکی زۆر برسیت
نە چاک نە خراپ دەپرسیت
گەر هەژار بێت
پارەدار بێت
گەورە بێت یان بچووک بێت
نەشمیلە و ئێسک سووک بێت
منداڵێکی ساوا بێت
یان کیژێکی
وەک مانگی چواردە وابێت
یان لاوێکی
تازە پێگەیشتوو بێت
بەری شادی
لە ژینی نە چەشتوو بێت
سەد هیوا و ئاوات
لە ڕێیدا بێت
کە بۆی بچێت

تا لێی بخوات
نینۆکی تیژی بۆ درێژ دەکەیت
ژینی لێژ دەکەیت
لەپڕدا دەیبەیت
کە هەڵمەت دەبەیت
**********
بۆ ؟ لەسەر چی ؟
ئەی خوێنەخۆری
تێر نەخۆر
بۆ ؟ لەبەرچی ؟
ئەو گیانە زۆر شیرینە
لەو جەستە نازەنینە
دەکەیتەوە
دەیبەیتەوە
ئەم گشت ئاوات و هیوایە
بۆچی لەلات ناڕەوایە ؟
بۆچی بەزۆر
دەیخەیتە گۆڕ
بۆ ئەو جێ تەنگ و بێدەنگە
کە تروسکەی لەلا نەنگە
لەسەر چیە
لەبەر چیە ؟

**********
چۆن دڵت دێ
بەرامبەر بەم فرمێسکانە
ڕادەوەستیت بێ شەرمانە
لەناکاوا ..

کە خۆ دەکەیت بە ناوماڵدا
پڕتاو دەکەیت بە مناڵ دا
کۆرپەی ساوا ..
لە گڕو گاڵەکەی دەبڕیت
بەرگی ژیانی لێ دەدڕیت
هێندە دڕیت
زامیش لەناو جەرگ و دڵ دا
لەگەڵ فرمێسکی بە کوڵ دا
دەمێنێتەوە
دەکولێتەوە
نابڕێتەوە
چۆن ئەم هەموو ستەمە
ئەم هەموو ناڵە و خەمە
دەگریتە خۆت
هەر وەکوو کۆت
لەسەر ئەستۆت
ئەی وێرانکەری شار و دێ
چۆن دڵت دێ

**********

پێم ناڵێیت بۆ ؟
باوک لە ماڵ دەکەیتەوە ؟
ڕەش و ڕووتی دەخەیتەوە
دایک و منداڵ
دەخەیتە سواڵ
دەستیان پێ پان دەکەیتەوە
لە زۆر ناکەس
ئاوا دەیانهێڵێتەوە

تەنیا و بێکەس
بە گریە و ڕۆ
پێم نالێیت .. بۆ ؟

**********

کەی ڕەوایە ؟
هەڵمەت بەریت بۆ ئەو گوڵە
کە خۆشەویستی بولبولە
بەڕۆژ و شەو
بەستە دەڵێت بەرامبەر ئەو
بچیت خێرا ئەو دوو دڵە
ئەو بلبل و سوورە گوڵە
لە یەک بکەیت
لەناویان بەیت
ئەم سەودایە
کەی ڕەوایە ؟
بۆیە دەڵێم ..
ئەوەی کە لە هەل دەگەڕێت
تا بێ گوناە ، لەناو بەرێت
هەرچی ئەمە بێت مەبەستی
دوورە لە دیدە و لە یاسای
داد پەرستی
بێ بەزەیی و تاوانکارە
بێ هاوتایە ، نالەبارە

# جەژن

١٩٦٠

ئـەمرۆ جـەژنـە خۆی گۆڕیوە یاری من
بۆیـە شادم ، حـەز دەکـەم لـە یاری ـ من
کچەکە گیان ئـەم جـەژنـەت لـێ پیرۆز بێت
ها .. ئـەم چـەپکـە گوڵـەی دڵم دیاری من
لـەناو باخـی سۆز و خۆشەویستیمدا
بۆم چنیویت .. سامـاڵی بـەهاری من
دەتوخوا تۆش لـەو گوڵی ئاڵی لێوەت
بـەیـەک مژین سووکـی کە ئازاری من
دەمێکە من عاشقی تۆم ، فریشتـە
بێ تۆی نازدار بێ بۆنـە گوڵزاری من
بـەندت کردووم لـە شـەوی تاری ژین دا
ئاگادارن چوار دیواری دیاری من
کـە چـەند سزام دیوە لـە ڕێی تۆی جوان دا
ئاخ بووە و داخ ڕۆژان و شـەوگاری من
ئـەمڕۆش جـەژنـە با بڕۆین بۆ ئـەو باخـە
تا بۆت باس کـەم ئـەمساڵ ، پار ، پێراری من
ئـەوسا ئاسان دەمناسیت و دەینۆشیت
میوەی داری خاوێنـی دڵداری من

ژین ژمارە ١٥٥٦

# نیگارێک لە دڵ دا

١٩٦٠

ئەی کیژۆڵەی نەرمۆڵەی کەمێک باریک
تریفەی مانگ بۆ دڵی پەست و تاریک
دوو چاو گەشی گەورەی ڕەشی وەک ئاسک
باخەوانی دوو سێوی سووری ناسک
ئەی قژ خاوی زەردی زاخاوی زێڕین
خەندەی سەرلێو سارێژکەری زامی ژین
ئەی بزوێنی مەلی سۆزی دەروونم
خۆشەویستی سەرچاوەی کانی ڕوونم
ئەی شۆخ و شەنگ ئەی تاقانەی شار و دێ
منی هەژار هەر ئەوەندەم لە دەست دێ
بە کامێرای نیگام شێوەی وەک پەریت
دەربێنم و لە چوارچێوەی یادا بیت
چونکە هەر ئەم وەختە پڕ لە بەختەیە
ئەو پرشنگەی تۆ لێم دات ئەم نەختەیە
تێر بڕوانە ، تێر بیکە بە تیر نیگات
بۆ زامداری دڵی وێڵی سەر ڕێگات
نیشانەی تۆم بیپێکە ناخی دڵم
بیخەرە خوار لە هێلانەی سەر چڵم
زامدارم کە و خۆت وون کە لێم لە دوایی
وەک زۆری تر شێتم کە بە خۆڕایی

ژین ١٥١٣

# سەرنجێک

١٩٦٠

ماڵی حاجی قات لەسەر قات
سەڵاو دەکات لەسەر قەڵات
شۆخ و شەنگ و ڕازاوەیە
زوهرەی گەشی ئەو ناوەیە
لەهەر چوار لایەوە باخە
سەرتاپای پۆشتە و پەرداخە
پەنجەرەکانی مەڕمەڕن
چاوی کۆشک و مایەی فەڕن
تیشکی خۆر و ئاسمانی شین
لەناو بریقەی دا دەژین
تا سەرنج بدەیت جوانیە
سەرچاوەی شادمانیە
**********

لە ماڵی حاجی شایی یە
جێی رابواردن بۆ شایی یە
لەناو هەموو ژوورەکاندا
هۆڵە زەرد و سوورەکان دا
چەپڵە ڕێزانە ئاهەنگە

غەڵبەی دەڵێی پورەی هەنگە
دمبەڵەکە مۆسیقایە
سەما و خەنین و قاقایە
لە ژوور سۆزی کەمانچەیە
لەدەر تەقەی دەمانچەیە
دەس گیراوە هەڵپەڕکێ یە ؟!
هەی هوو کێ ئاگای لە کێ یە
زرمەی دەهۆڵ گوێ کەڕ دەکات
تا بە کاروان چیش گەڕ دەکات
شادی لەگەڵ خەم شەڕ دەکات
دڵی وشکی پیر تەڕ دەکات
ورشەی جل و خشەی خشڵ
لەرەی گوارە و گەردانە و گوڵ
بۆنی عەتر ، مێخەک سمڵ
ختووکەیەک دەدەن لە دڵ
کە پێبکەنێ وەکوو گوڵ
پڵپڵەی ناو دەسماڵی شین
وەک ساماڵی ئەختەر نشین
لەگەڵ بەرز بوونەوەدا
بە تەنیشتا چوونەوەدا
دەڵێی پەپولەن باڵ دەگرن
گوڵی دڵی ئینسان دەگرن
ژین ژمارە ١٦٠٤

# بەستەی خۆشەویست

١٩٦٠

چاو ڕەشی تۆخی پرشنگدار
جوانترین شۆخی ، بەهرەدار
ئەی ئەو جوانە
نەرمیلانە ، نەشمیلانە ، وردیلانە
نەخشاوی ئەو
دڵ و گیانەی
بە ڕۆژ و شەو
تۆی هێلانەی
**********

خۆشەویستم
بەستەی هەستم
ئەی مۆسیقای شیعری تازەم
بەسۆز تری کە .. ئاوازەم
لەو لێوانەوە بزەیەک
کە دڵ بخاتە لەرزەیەک
تەلی کەمان
شمشاڵی شوان
بەهاری جوان

بێنێتە ژان
شەپۆل بات گیان
لەو دەمەوە شەکرە دەنگێ
پڕ ئاهەنگێ
تاکو منیش لە گوڵزار دا
لە پەرداخی یادگار دا
لەگەڵ ڕۆژان و شەوگاردا
شەربەتێکی پێ خۆش بکەم
ژیان مەست و سەرخۆش بکەم
*********

چاوڕەشی تۆخی پڕ جوانی
خەوی میوانی شەوانی
پڕ لە یادی تا بەیانی
ئەگەر هاتیشو جێت هێشتم
تاڵی تەنیاییت پێ چێشتم
ئەوسا توخوا چاو جوان ئەگەر
بە ڕێکەوتێ ڕێگات بڕی
پێت نا ، لە دڵ ، لەگیان ، جگەر
بە ئاستەم چاوێک هەڵبڕی
تا لەبەر پرشنگی نیگات
دڵی چلوورەی خەم چێشتووم
نەختێ تینی تۆی پێ بگات
تێر بێت تاسەی
تینووی ماندووم
بڕژێت کاسەی ..
لە ئاخ پڕ بووم
*********

چونکە ئەی گوڵ ، ئەی فریشتە

چاو گەش پەریزادەی پۆشتە
ئەو چاوانەی دڵ بۆی دەگری
خەوبینینی ئاواتمە
بەس جار جارە تێمی بگری
شادی ژینی گشت کاتمە
ژین ژمارە ١٦١٧

---

تێبینی : ئەم شیعرە لە چاپی یەکەمی " بەستەی مەبەست " دا پێشکەش بە " شێرکۆ بێکەس " ی شاعیر کراوە .

# سکاڵا
# و
# گوڵەباخ

سەرەتای ١٩٥٨

ئەی گوڵەباخ
گەش و بۆنخۆش و بەدەماخ
خەندەی لێوی فریشتەی باخ
ئەی بزوێنی دڵ .. لەگەڵ تۆ
گیانم هاتۆتە گفت و گۆ
تۆ سوور و ئاڵ
بۆ ڕووی ساماڵ
بە ئاهەنگ و بە پێکەنین
لەگەڵ شەماڵ
سەما و جووڵە و بزەی شیرین
منیش گرین
کز و بێ تین
هەر زامە و ئازارە و ئەشکە
بۆ ژیانم بوونە بێشکە
خەم گرتوومیەتیە باوەشی

هەر هەڵم دەسوێت لە لەشی
سیس و ژاکاو
لێو بزرکاو
لە گریان دام ، هەمیشە زیز
لە خەزان دام ، وەکو پایز
**********

ئەی سوورە گوڵ
ڕاکێشی دڵ
تۆ ببینە ڕەنگی زەردم
ئاهی سەردم
منی بێزار
لەبەر ئازار
هەنیسکاویم ، هەمیشە زیز
فرمێسکاویم ، وەکوو پایز
**********

بۆ ئەی گوڵ خەم
قەت لە یەخەم
نابێتەوە
سکاڵاکەم نابڕێتەوە
ئەی شیرینی خۆش ڕەنگ و بۆ
دەزانیت بۆ ؟
دڵم خاوەنی یارێک بوو
وەک تۆ جوان و نازدارێک بوو
نەرمیلانە و باڵا .. ڕێک بوو
ئەندام وردیلانە و بچووک
وەک بووک ..
ڕازاوە و ئێسک سووک
قژ وەک ئاڵتوونی زەرد وا بوو

لێو وەک خونچەی بێگەرد وا بوو
دڵ خۆشکەری مەلی دڵ بوو
فریشتەی ئەمەلی دڵ بوو
شمشاڵی ئاوازەم ئەو بوو
سۆزی شیعری تازەم ئەو بوو
بەڵام دینار
بردی وەک هار
بۆ ناو تەلار
منی هەژار
خەمبار ، پەژار
بە ناکامی
بێ ئارامی
وا مامەوە
بەو زامەوە
**********
بەڵێ دراو
چەکی دەستی دەسمایە دار
کە کەوتە ڕاو
دڵی پێکام هێنایە خوار
دای لە ناخی خۆشەویستیی
بۆ ئەو ئامانجەی خواوەندی ..
دەوڵەمەندی
بۆ خۆی ویستی
**********
ئەی گوڵەباخ
منی دەم پڕ لە ئاخ و داخ
مۆمی ژینم واکز بووە
وەڕز بووە

چاوەڕوانی توانەوەم
بە بای ناسۆر کوژانەوەم
برانەوەم
جا تۆش ئەی گوڵ
ئەی گیان و دڵ
توو بی جوانیت
توو بی پرشنگی ئاونگی بەربەیانیت
تاک و تانیام
بێرە فریام
تێر لێوی تەڕت هەڵمژم
لە دڵ دەرکەم کەمێک ئازار
بە یادی پار
یادی ڕۆژەکانی بەهار
لەناو گوڵزار

# پارچەیەک لە جگەرم

چاپی یەکەم ١٩٦٨
چاپخانەی کامەران
سلێمانی

## پێشکەشە

بە قوتابیانی قوتابخانەی هۆنراوەی نوێ .
بەوانەی ڕێزی هونەر و هۆنراوە دەگرن و نرخی خۆی دەدەنێ ..
بەو هەست و مەبەست و بیرانەی ئەم هۆنراوانەم بۆ هۆنیونەوە و بوونە پارچەیەک لە جگەرم .

جەمال شارباژێڕی
١٩٦٨

# هیوا

چرۆی چڵی داری شادیم دەپشکوێ
بە شەماڵی هیوا دەلەرێتەوە
لەودیو ئاسۆ ئاوازێک دەگاتە گوێ
دەڵێ شەوی خەم وا دەڕەوێتەوە
**********

بەڕێوەیە ڕۆژێکی نوێ
نەورۆزە
گەشەی گیانە ، زەردەخەنەی
پیرۆزە

# من

مەپرسە لێم ، بۆ بێدەنگم
گەر دڵشادم ، گەر دڵ تەنگم
گەر دەتەوێ تێبگەی لێم
من چیم ، چۆنم ، چی دەکەم ، کێم ؟
چیم لە دڵ و لە هەستایە
لە چوارچێوەی هەڵبەستایە
هەرچیم بە مێشکا هاتبێت
لەگەڵ فرمێسکا هاتبێت
یان لەهەڵ بزە و گەشەدا
توابنەوە لە ووشەدا
ڕشتوومنە ناو ڕستەوە
بە ئاخەوە یان بەستەوە
بیانخوێنەوە و بمناسە
کەمێ خەندە و زۆر هەناسە
خەندە و خۆشی دەوروپشتم
چەپکە گوڵێکن لە مشتم
ناگوزەری و ناسۆریشی
ڕەشپۆشین بۆ تیشکی خۆشی
*********

بەڵام چونکە .. بەندە هەستم
زیاتر ئەوەندەی تر پەستم
سەرنجێکیش بەیت لە ڕەنگم
ئاشکرایە بۆ بێدەنگم !

١٩٦٣

## مەلی هۆنراوە

هەردەمەی سەرچلێک دەگریت
یان پێدەکەنیت یان دەگریت
هەندێک جار دەنگ هەڵدەبڕیت
لەپڕ دەوەستی و دەیبڕیت ..
یان بە ماتەمی و بە کزی
لە کۆشی خەمدا دەلەرزی
دڵت دەتۆرێت لە لانە
بۆ ؟ ئەی مەلی خنجیلانە
ئەی فریشتەی دەروونی من
هەرگیز کەچی نەکەیت ، گەردن
ئەی مەلی هۆنراوە ، وتن
بەس بێت تاڵاوی خەم ڕشتن
دەبێت وەک بیرم باڵ بگریت
نامەی دەروونم هەڵبگریت
وەک گڕ ، دڕکی ناحەز بگری
پێ بکەنە ، با خەم بگری
***********

گۆرانی بڵێ بۆ ژیان
کە تێکۆشانە و کۆڵ نەدان
ئەی پێنووسی گەرووی هەڵبەست
بەستە بڵێ ، بۆ ڕووی مەبەست

١٩٦٢

# لەگەڵ سروشتا

هەور گلی کردە چاوی
ئەستێرەی گەشی مانگەشەو
ئاسمان دڵی هەڵقرچاوی
جوانی سروشتی کردە خەو
ڕەهێڵەی فرمێسکی ..
ڕژان
ئارامی منی خستە
ژان
***********

ئەی سامالّی بەهرەی ڕووناک
پێڵووی چاو هەڵبدەرەوە
بەهاری خۆشەویستی پاک
سروشت پۆشتە بکەرەوە
بۆ گیان ، چەند زەردەیەک
شیرین
لەگەڵ بەستەیەکدا ..
بۆ ژین

## ئاخێک

لەگەڵ ناڵەی ..
شەوانی دوور لە شادی دا
بە بێزاری
لە نەغمەی نامرادیدا
خەفەت زەنگی
گەرووی گیانی کە لێ دا
زەبوونی گوێگری ئۆفە
لەوێدا
لە سینەمدا
لەگەڵ خەمدا
پەنام برد بۆ
سروشت و بۆ زەمانی
ئەوەندەی تر ..
لە گورزی دام بەسەردا
دڵی شەیدای
ژیانی کامەرانی
فڕێ داو .. دای ..
بەسەر عەردا
بە بەردا

لەسەر ڕێ دا
لەژێر پێ دا
ئەرێ ئاوات و خواستی خۆ
لە ئاسمان یان لە ڕێسمانی ؟
شەقەی شاباڵ و شەوقی تۆ
چ کاتێک دێت بە میوانی

١٩٦٤

# قژ

قژە زەردە خاوەکەت
بە برژانگ دادەهێنم
بە عەتری خۆشەویستی و
فرمێسکم دەیپرژێنم
**********

بڕوانە تریفەکەی
چۆن پرشنگ دەداتەوە
گرەو لە زێڕی هەتاو
لە گەوهەر دەباتەوە

١٩٦٤

# لە شەوێکدا

شەونمی ئەشک ئەو شەوە
لە گلێنەی وەنەوشەوە
بە بروسکەی وەکوو ئاگر
دەبوو بە هەڵمی گیان هەڵگر
ئاسمان کە چاوی ماچ  دەکرد
ئەختەر لە ئاستیدا دەمرد
مانگیش کە دی ، بریسکەکەی
هاتە لەرزین .. فرمێسکەکەی
مانگی دڵی ساماڵی شەو
ئەستێرەکانی کردە خەو
ئەو هەر دەگریا لەتاوا
بەسەر جەستەی بەجێ ماوا
ئەویش دوایی ، ماڵ ئاوایی
کرد لە چۆڵی و لە ئاوایی
تارای ڕەشی کرد بە بەرگ
بۆ کیژێکی جوانەمەرگ
ڕەهێڵەی فرمێسکی ئێمەش
ڕژایە سەر گوڵاڵەی گەش
بەڵام ئایا بگرین بۆ چەن ؟

ئـەو لـە دەشت و سـەدیش لێرەن
**********

سینـەی هـەموو داخ لـە دڵـێ
لـەناوەوە ، هـەر دەکوڵـێ
بـەڵام ڕۆژێک دێت ڕۆڵـەیان ..
دەسێنێتـەوە .. تۆڵـەیان

١٩٦٣

# زستان

پایزی زەرد ، مرد تەمەنی
کفن ئاڵا ، لە دیمەنی
هەناسەی سارد
زستانی نارد
ئەویش گەلێ قوڕی پێوا
بەسەر شاخ و دەشت و کێوا
ناڵەی هەوری ڕەشی دەست کرد
ئاسمانی زستانی پڕ کرد
بروسکەی هەنیسکی گەردوون
گەلێک گیانی کرد سەرنگوون
**********
گەلێ دڵی بەهار پەرست
خۆی لەو نوێنە سپیەدا ، خست
چەندە جوان بوون ئەو دوو ڕەنگە
سپی و سوری لێوی بەهار
بزەیەک دەردەچوو ، ڕەنگە
بۆی گریابێت ، پەری ی گوڵزار
**********
خوێن کە بەفری کرد پەمەیی

هەوێنی كۆشش بوو ، مەیی
تازە گەردوون زۆر ستەمە
بیكاتەوە بە ئەو تەمە
**********

دەبێت بەهار
بیكاتەوە دوگمە و یەخەی
خۆزگە بگۆڕێت بە ئۆخەی
یاری نازدار
بگاتەوە ، نەوەكەمان
دەنگ هەڵبڕێتەوە ، كەمان
بۆ دوو دڵدار
بۆ بەهار و نەورۆزەكەی
بە ئاوازە بەسۆزەكەی

١٩٦٢

# بەهارە خان

لە نەوبەهاردا ، خونچەم دیاری دا
بە خۆشەویستی دڵ گەشامەوە
لە لالەزاری بەختیاریدا
بە شنەی شەماڵ دەشەکامەوە
**********

بەڵام کە هەوری ڕەهێڵەی پایز
بروسکەی مەرگی ڕوو لە جەرگ بوو
ئاخ بەجێم هێشتی شەماڵی ئازیز
دایکی دڵسۆزت جوانەمەرگ بوو

١٩٦٣

بەهارە خان: خێزانی حەسەن فکری، بە گوللەی وێڵی نەیار شەهید بوو.

# خۆشەویستیی من

خۆشەویستیی من بەهرەیە
فریشتەی خوای دڵداری یە
لام زۆر بە نرخ و گەورەیە
پیرۆز ترینی دیاری یە
**********

خۆشەویستیی من ئاوازە
ناخی هەستم دەبزوێنێت
بەهەشتی خۆزگەی دڵخوازە
نائومێدی دەتەزێنێت
**********

خۆشەویستیی من ، بەهارە
خەندەی سەرلێوی گوڵزارە
وەک پەلکە زێڕینەی ڕەنگین
هەوری خەم ، دێنێتە خەنین
**********

خۆشەویستیی من گەوهەرە
ئەڵماسی ناخی ، جەوهەرە
کۆن بوونی بۆ نیە هەرگیز
زستان ، بەهار ، هاوین ، پایز
**********

خۆشەویستیی من ، بڕوایە

لە گۆشت و خوێن دا، جێگیرە
لە گشت هەناسەیەکدایە
هەڵقوڵاوی دڵ و بیرە
**********

خۆشەویستی من ئاسمانە
سامالێکی شینی پاکە
تریفەی بەری بەیانە
هەمیشە ئاسۆی ڕووناکە
**********

خۆشەویستی من ، ئاواتە
هەمیشە بەستەی بۆ دەڵێم
بەرهەمی زۆر بەسەرهاتە
ئەو گڕەشە ، پێی دەکوڵێم
**********

خۆشەویستی من جوانی یە
سەلیقەی پەنجەی سروشتە
سەرچاوەی کامەرانی یە
نیشتمانێکە ، بەهەشتە
**********

من ئەم جوانی پەرستییەم
گۆرانییە و بۆ ژیانە
ئەم هەموو خۆشەویستی یەم
ئاوازەکەی کوردستانە
**********

کسپە و سۆزی
دڵ و گیانە
قەڵای بەرزی
کۆڵ نەدانە

# تۆ بڵێیٚ !

تۆ بڵێی ، گەردوون هەر
وا هەور و هەڵا بێت
نەمامی هیوامان ..
بیٚ چرۆ و بیٚ گەڵا بێت
**********

تۆ بڵیٚی کزە بای
زستان بشکێتەوە
ڕەهێڵەی ڕێی ژیان
" تاو " ی خۆش بێتەوە
**********

تۆ بڵێی شەو تارای
ڕەشی خەم دادڕێت
لە ئاسۆ .. کەژاوەی
شەبەق سەر هەڵبڕێت
**********

خۆر تیشکی زێڕینی
وڵاتم نەخش کات

شەماڵیش بە شنەی ..
ئارام ، دڵ پەخش کات
**********

ئەو ڕۆژەی ئاواتی ..
بەهرەی گشتیمانە
سەیران و ئاهەنگ و
بەهار و .. ژیانە
**********

شیرینی گەیشتن
بەیەکتر بنۆشین
بەرگی بەختیاری و
دڵشادی بپۆشین
**********

ئەی گوڵی کە بۆ دڵ ...
ئاوات و ئومێدی ..
تۆ بڵێی مەبەست و
خەوبینین بێتە دی !
**********

تۆ بڵێی نەوبەهار
ڕووکەینە ئەو دەشتە
پێکەوە بە شادی ..
ئەی شێوە فریشتە !
**********

بە بەرگی ڕەنگینی ..

ئاڵ و واڵای نوێ وە
سەربەست و خۆشەویست
ورد بڕۆین بەرێ وە
**********

بۆ سەر کانی و ئاوی
ئارامگای سەیرانمان
بۆ یەکتر ، وەیسێنین
گۆرانی .. ژیانمان
**********

چیمەن و سەوزەگیا
ببێتە .. دۆشەکمان
چەند خۆشە لەسەری
دانیشین هەردوکمان
**********

تریقەی پێکەنین ..
تێکەڵی شەماڵ بێت
تەمی دڵ ئاسمانی ..
بەڕووی تۆ ساماڵ بێت
**********

لەوێشدا کە هەڵساین
بچینە .. لالەزار
دەست لەناو دەستی یەک
دڵشاد و بەختیار
**********

لە گوڵزار لەکاتی
گوڵ چەپکە کردن دا
بە بژار دڕکی خەم
هەڵکەنین لەبن دا
**********

کەمانچەم ئاواز بێ و
تۆش بەستەم بۆ بڵێی !
بەستەی ئەم هەڵبەستەم ..
ئەی پەری تۆ بڵێ ی !
**********

تۆ بڵێی دوا ڕەنجی ..
ڕۆژانی ژان چێشتوو
تێر بخۆین لە میوەی ..
هیوای پێگەیشتوو ؟!

١٩٦٣/٢/١

# نیگا

ئەی چاوی خۆشەویستی
نیگایەکم .. لێ ویستی
تووبی .. ئەو تیشکە گەشە
کە دڵمی لە باوەشە
بە پێڵووی فەرامۆشی
نەکەی گیانە دایپۆشی !

**********

نەکەی ئارامم وێڵ کەیت
سەرچاوەی شادیم لێڵ کەیت
ئەو نیگایەی تێم دەگری
لای بەری ، ژینم دەگری

**********

ئەی چاو توخوا مەترووکێ
هەتا ئۆقرەم نەپرووکێ
حەز دەکەم ، لەخۆمەوە
وشەی دڵ ، بخۆمەوە
تۆش لە قوڵپی خوێنەوە

موچڕکەم بخوێنەوە

**********

ئەگەر دڵ ئاوێنەیە
وا لە چاوا وێنەیە
خۆشەویستیش ، لە چاودا
دەڕوات بەناو هەناودا
**********

دەبڕوانە ئەی چاو ، جوان
بەهرەی خۆشەویستی ی گیان
با خۆشەویستیت زیاتر
دڵم پڕکات لە ئاگر
دەروونم بجووڵێنە
هەڵبەستێک .. هەڵقوڵێنە
دەیکەم بە دیاری و بگا ..
بە خۆشەویستی ی نیگا

١٩٦٢

## ئـەگـەر !

ئـەگـەر هـاتـو لـێیان پرسیت ...
هـەستت چۆنـە ، بـەرامبـەری
لـەهیـچ سڵ نـەکـەیت ، نـەترسیت
گیانـە شیرینـەکـەم ، پەری
تۆ بـەجـەرگترین کـەسیت
پەنـا هـەر بۆ ڕاستـی بـەری
**********
دەفتـەری دڵ بکـەرەوە
وەرامـی جوان بدەرەوە !

**********

زۆر بـە سـەربـەستانـە بڵـێ
من شارەزام لـە ڕەوشتـی
بلبل ، نـاچێتـە سـەر چڵـێ
گوڵزار نـەبێت ، دەوروپشتـی
گوڵیش بۆی نـەگـەشێتـەوە
دڵـی لـێی نـانیشێتـەوە !
**********
بڵـێ ئـەو بلبلـە و من گوڵ

ئاوازەکەی لە گوێمدایە
بۆ ئەوم هەڵگرتووە ، دڵ
چونکە گیانی لەڕێمدایە
خۆشەویستیمان بەهرەیە
دوور لە تاوان و تەفرەیە
**********

بڵێ پەیمان ، زۆر پیرۆزە
داومە بەوەی دڵی لامە
ئەو بۆ دڵم زۆر دڵسۆزە
ڕاستە و پاکە و بە هیوامە
**********

خۆری خۆزگەی داناپۆشم
نائومێدی پێ نانۆشم !

١٩٦٤

# پێکەنینەکەی

چەند خۆشە پێکەنینەکەی
تریقەکە و لەرینەکەی
وەکوو لەرەی تار و کەمان
تەزووی ئارام دەدات بە گیان

**********

ئاواز دەڕژێتە گوێمەوە
هەر ئەوەتا ناتوێمەوە
چەشنە تامێکە لە زاردا
باوەش دەکات بە ئازاردا

**********

کۆرپەی دڵم ڕادەژەنێت
کە خۆشەویست پێدەکەنیت
لە گوێمدا دەزرنگێتەوە
کڵۆی خەم دەتوێنێتەوە
گۆمی هەستم دەشڵەقێنێت
کانی ی وشکم دەتەقێنێت
گوڵی دڵداریم ئاو دەدات

دڵ بە گەشەی زاخاو دەدات
ئای چەند خۆش و بەلەزەتە
ژین بۆ مەزەی بەعەزرەتە
**********

ئای چەند خۆشە تریقەکەی
وەکوو ئاوێنەی دەم هەتاو
دەدات لەچاو بریقەکەی
عەتری شادی دەکاتە ناو
**********

دنیای دڵ ، لە شەوی تارا
ڕووناکی دەیگرێتەوە
لەسەر خۆی لادەدا ، تارا
لەگەڵیا ، دەتریقێتەوە
**********

خۆزگە کاتێک پێدەکەنێت
لەو دەمەوەی ، خەم ، دەسەنێت
ئەو دەمەی وەک گوڵ هەنارە
شیلەی دڵگیری تیا دیارە
پەپولەی گیانم بژیایە
ئاخۆ تامی ئەو مژینە
وەک تریقەکەی شیرینە ؟!

١٩٦٢

دڵم باخچەیە بۆ خۆشەویستی
لەهەموو جۆرە گوڵێکی تیایە
بەڵام بەتەنها ، گوڵی سەربەستی
بۆن خۆشترینی گوڵی هیوایە

١٩٦١

# دڵ

دڵ پەرداخێکی ناسک بوو ..
پڕ لە بادەی خۆشەویستیی
لەسەر سینی .. سینەم دام نا و ..
.. لەگەڵ گیاندا ، دامە دەستی
*********

کە ئەو دەستی بەردا و شکا و
ئەو شووشەی بادەیەش ڕژا
چیە سووچ و گوناهی من
ئاهم بۆ دەکەن بەگژا

١٩٦٥

## هەڵبەست

داوا دەکەیت ، کە هەڵبەستێ
بنووسم تۆی تیا ڕاوەستێ
چوانیتی تیا .. توابێتەوە
بە گۆناتا .. بشنێتەوە
پرشنگی ڕووتی بەرکەوێت
وێنەکەتی تیا دەرکەوێت

**********

زەردەی بزەی خونچەی لێوبێت
عەتری پەرچەمی پەشێوبێت
مۆسیقا بێت ، لەگەڵ لەنجەت
ئەمۆستیلە بێت ، بۆ پەنجەت
وەک بازن ، بیکەیتە دەستت
گەشە بێت بۆ دڵی پەستت
یان وەک ملوانکەی مرواری
دیاری دڵ بێت ، بۆ دڵداری

**********

بەڵام گیانە ببوورە لێم

کەناتوانم دێڕێک بڵێم
چۆن دەتوانم هەر بە قەڵەم
وەسفی ئەو چاوانەت بکەم
ئەو قژە زەردە ، ئەو لێوە
کوا ، چی دەیگاتێ ، بەشێوە
ئایا تا ئێستا نازانیت
هیچ نیە بگات بە جوانیت ؟ !
کێ زۆر شاعیر ، هونەرمەندە
لەڕووی تۆدا پێنووس بەندە
**********

تا گۆرانیش پەنجەی شل بوو نەگەیشتە
وەسفی شێوەی ڕوخساری تۆ ئەی فریشتە
چونکە پەری ، ئەی سامالّی خۆشەویستیی
تۆ خۆت بەستەی
خۆت مۆسیقای
خۆت هەڵبەستی

١٩٦٢

## بیری ئەکەم

چۆن دەتوانم ، بیری نەکەم
ئێسک سووکە ، شیرینەکەم
نیگای پڕ لە عەتری مەستیی
لێی دەپرژێت ، خۆشەویستیی
گوڵی لێوی کە دەپشکوێ
نازانم هۆش دەگاتە ، کوێ
کاتێک کە بۆم پێدەکەنێت
خەم لە ڕەگدا هەڵدەکەنێت
کە بە وشەی شیرین دەدوێ
نازانم چۆن بۆی شل کەم گوێ
بەمن بێت هەر قووتی بدەم
دەم نوقڵە .. شیرینەکەم
**********
ئێستا لێم دوورە داخەکەم
داخە تاسەی
بێ ڕەنگ و بۆیە باخەکەم
بێ هەناسەی
**********
چەند شاد ئەبووم بە بینینی

دڵ تۆمار بوو بۆ خەنینی
کە دادەنیشت بەرامبەرم
گەشە دەگەیشتە سەرم
وام دەزانی هەموو دنیا
هەر هی خۆمە و خۆمی وام تیا
هەرکاتێکیش نەم دەبینی
دایدەگرتم ماتەمینی
دنیام لەلا تاریک دەبوو
بە پەنهانی
مەلی ئارام بۆ کوێ دەچوو ؟
نەم دەزانی
چۆن دەتوانم بیری نەکەم
شەربەتە زۆر شیرینەکەم

# پەری

پەری گوڵە بۆن خۆشەکەی
باخی هیوام
پەری دنیای خۆشەویستی و
لانەی ئارام
پەری بەهرەی خەو بینینی
یەکەم جارم
فریشتەکەی خەم ڕەوێنێ
دڵی زارم
**********
پەری گیانە خۆشەویستە
شیرینەکەم
ئەم بەستەیەت وەکوو دڵم
پێشکەش دەکەم
**********
لەسەرچاوەی گیان و ناخی
دەروونەوە
لە هەستێکی زۆر پیرۆزی
زۆر ڕوونەوە
**********

تێکەڵاوی بۆنی باخچە و
لالەزارە
بزەی بەسۆزی ناسکی ..
سازی زارە
**********
بە شەماڵی نەرمی گەشەی
بەربەیانی
گەش بۆتەوە و ناخی هەستە
جێ و نیشانی
**********
پێشکەشت بێت پەریزادەی
خۆشەویستم
وێنە و نیگای کامێراکەی
دڵ و هەستم
دەری دەخاو قەسەم دەخوا
بەو جوانی یە
لەتۆ زیاتر کەس لە دڵی
مندا نییە

١٩٦٣

# ئـەزانیت ؟ !

گیانـە ئـەزانیت ، تۆ بوویت یـەکـەم کـەس
کـەمنت فێری خۆشـەویستـی کرد ؟ !
پێنووسی گـەرووی جوانیت دامـە دەس
پێت هۆنیمـەوە و بـە هـەڵبـەستـی کرد
ئـەی پـەری جوانـی ..
گوایـە نازانـی ؟ !
**********

گیانـە ئـەزانیت ، لـەپێش تۆ بینین
هـەڵبـەستـەکانم ، بێتام و کاڵ بوون
گوڵزاری بـەستـەی ، ناو دیوانـی ژین
بـێ زەردەی هـەتاو ، بـەبـێ ساماڵ بوون
سیس و ژاکا بوون
لێو لـەخاکا بوون !
بـەڵام ئێستا ، وا خۆری جوانـی تۆ
بزە و پرشنگی وا بـە هـەڵبـەستم
دیوانـەکـەم بوو بـە دیوانـی تۆ
پێشکـەشم کردی بـەرهـەمی هـەستم
وەکوو جوانـی خۆت
دەشنێتـەوە ، بۆت
**********

بەڵام گیانەکەم ، بەرهەمی تۆیە
خۆم بە خاوەنی نازانم هەرگیز
ئەوەم لەسەرە بە نەخش و "بۆیە "
مەکیاج کەم وشەی نازداری ئازیز
گوڵی بەسەردا ..
بکەم بە سەردا

١٩٦٢

# کام ئاوازە

وتیان کەمانچە تا بڵێ ی
دڵگیرە و هەر تێر نابیت لێ ی
خۆشترین ، سازی ئاوازە
گیان دەپێویێت وەک ئەندازە
**********

یان پیانۆی ناڵەی ژێر پەنجە
دێنێتە یاد ، لار و لەنجە
یان هوزاری جەرگەی باخچە
کە خۆشترە لە کەمانچە
**********

بەڵام ئەگەر لەگەڵ منای
دەڵێم عود و کەمان و نای
لە ئۆرکسترای ، ئاهەنگدا
لەگەڵ ناسکترین ، دەنگدا
خۆشترین ئاواز بخوێنن
بە گوێی هەستمیا بپژێنن
ناگەنە تامی وشەیەک

یان خەندەیەک ، یان گەشەیەک
کە لە لێوی دەم خونچەوە
دەڕژێتە ناخی باخچەوە
باخچەی هەست و دڵ و دەروون
دەکات بە یاقووت و ئاڵتوون
**********

کام ئاوازە زۆر شیرینە
ناگاتە ئەو پێکەنینە !
کەمانچەکەی ئەو قاقایە
لام خۆشترین مۆسیقایە

مارت /١٩٦٣

# پەیامی یەکەم جار

تازە دڵم لێی دەدا بۆ جوان پەرستی
دەیڕوانیە خوای بەهەشتی جوانیی سیما
تازەش تاقە پەپولەکەی خۆشەویستی
باڵەفڕەی پێکەوتبوو لە لاویما
کە هەڵفڕی چوو نیشتەوە
بە گوڵی ڕووی فریشتەوە
عەتری خۆشەویستیی مژی
لەناو دڵمدا ڕشتی ڕەنگ
تا ئەو پەپوولەیە بژی
چۆڵ ناکا باخی شۆخ و شەنگ
ئەگەرچی دڕکەزیش دژی
داوی نابێتەوە بێدەنگ
**********
گیانە ئەی ئەو نازدارەی پار
کە بەڕێکەوت
ڕێبوارێک بووم بۆ یەکەم جار
چاوم پێت کەوت
**********
یەکەم بینین

شڵەقانت گۆمی هەستم
بە پێکەنین
دەستی سرەوتنت بەستم
**********

ئێستا وا لەو کاتەوە بوو بە ماوەیەک
لە قووڵایی دڵدا بوویتە سەرچاوەیەک
هەر سۆزە و هەڵدەقوڵێ و خەم دەخواتەوە
لەگۆماوی دەروونیدا پەنگ دەخواتەوە
**********

بۆیە لە گەرووی خامەوە
بۆم هەڵرشتی زۆر بە وردی
بە پەڕەی دڵ پێچامەوە
وا بەهەناسە بۆم ناردی
**********

گیانە ئێستاش هەر ئەو کاتە و ئەو دەمەیە
چاوی پڕ پرسیاری دڵم ڕووی تێکردوویت
چاوەڕوانی پەخشی خونچەی ئەو دەمەیە
بۆ وەرامی ئەم پەیامەی کە بۆی ناردوویت
**********

توخوا کۆتری نامەکەم
شپرزە و دڵشکاو مەکە
چەپکە گوڵی .. ئارامەکەم
بە بای ناسۆر ژاکاو مەکە

١٩٦٢

# هەستی خۆشەویستیی

ژیانم بۆیە لا شادە
پەری قژ زەردی وەک نەسرین
بە تیشکی خۆشەویستی تۆ
وشک بوو شەونمی ئەسرین
ژیانم خۆشدەوێ گیانە
کە تۆ هاوژینمی ئازیز
ئەگەر تۆی تیا نەبوویتایە
خەزانم بوو لەگەڵ پایز
دڵم ئاوێنەیە وێنەی
نیگاری تۆ کە دەنوێنێ
لە نوێنی یادگارایە و
خەمی ڕابووردوو دەنوێنێ
پەری ئاوازی پڕ سۆزی
دەروونی پەست و خەمگینم
نیگای ڕەنگینی گوڵزاری
خەیاڵ و بەختی سەنگینم
شنەی بۆنی هەناسەی تۆ
نەبێت بێ ڕەونەقە ژینم
دڵم هێلانە شێواوی

دەبینێت ڕۆژێ نەتبینم
مەلی گیانم بە ئاسمانی
بەهاری خۆشەویستی دا
هەوای مەستی ی شنەی شادی
لە هەستمدا لە پەستی دا
بە باڵی بەختیاری بۆی
فڕی تابوو بە ئەستێرە
جریوەی ئەو مەلە ورشە و
تریفەی مانگە شەو نێرە
ئەرێ ئەستێرەکەی گیانی
شەپۆلی گۆمی سامالْم
بەڵێ ڕازیم لە پێناوا
کەوا داینێم سەر و ماڵم
هەتا ماوم ، دڵ و چاوم
بە سەربەرزی دەبەم ناوت
" بە کوێری دادەنیشم گەر لەبەر چاوم نەبێ چاوت "

---

نیوە دێڕی کۆتایی هی " حەمدی " شاعیرە .

# بۆ شمشاڵ دۆستێکی کوێر

قاڵبووی ژینی کوێرەوەری
لە ڕووناکی چاو بێبەری ..
تەمەنی دوور بەسەر بردوو
پیری پشت کۆماوەی تێکچوو
شمشاڵێکی زەردی ، خەمبار
جەرگی کون کون لەشی زامدار
بوو بوو بە پلووسکی تاسە
تێکەڵی دەکرد ... هەناسە
**********
ئەو لەو گەرووە وشکەوە
گلێنەی نامە ئەشکەوە
هەڵی هێنجا قوڵپی گریان
لە چاوگەی سینەی دڵ و گیان
**********
خاڵۆی دوولێو تینووی لێوی
شمشاڵی پڕ سۆزی حەزین
دەی بە ئاوازی بزێوی ..
دڵ هێنەرە جۆش و لەرزین
بیهێنە یاد کارەساتی

بەسەرهاتی مەم لەگەڵ زین
**********

مەرگەوەڕ ، بۆ هات ئەمەی کرد
ئەو دوو دڵدارەی لە یەک کرد
دەستی داوێن پاکی بەردا
گڕی لەو دوو گیانە بەردا
**********

خاڵۆی کزی بێ ڕووناکی
دڵم خەفەتە .. خۆراکی
وا بۆم شل کردوویت هەردوو گوێ
ساوای هەستم وەختە بنوێ
بەسۆز تر کە لای لایەکە
با ئەندامم .. یەکە یەکە
سست بێ و لەجێی خۆی بکەوێت
هەموان خەویان لێ بکەوێت
**********

دەی خاڵە زیاتر مەستم کە
گریان تێکەڵ .. هەڵبەستم کە

١٩٦٢

# کۆڵـەدار

ئـەی ژیانـی    زۆرداری بێفـەڕ و پیت
هـەر ئـەو کـەسە    قازانجی کرد کە نـەیدیت
لای ئێوارەی    ئاوارەی حوزەیرانم
هـەوری نـاسۆر    تـەرزەی داخـی بـارانم
خـەمێک دەرگای    دەروونـی خستـە سـەرپشت
بـێ ئـارامـی    ورووژاند و شادی ی کوشت
ئـای چـەند دڕکی    تـیژی ئـازاری پیاچوو
کـە تۆم بینـی    خالۆی هیلاکـی تێکچوو
**********

سـەرم قالّـی    خـەیالێک بوو بـە وردی
نـازانم چۆن    لـە هـەڵوێستێکدا تۆم دی
خـەیالّـی چی ؟    هیچ نـەما هـەمووی ڕۆیی
کـەدیم شێوەی    کـەساسی و ڕەنجـەڕۆیی
**********

خـالّۆ چاوم    لێتـە لـەو شـەقامـەدا
بـەو کۆمیـە    لـەو سیما سـەرسامـەدا
بـە کۆڵێکی    قورسـی داری ڕەقـەوە
گوللـەی تانـە    دەنێیت بـەزۆر خـەڵقەوە
**********

تۆ کۆڵێک دار		من کۆڵێک خەم با هەردوو
بە هەورازی		ژیندا سەرکەوین ماندوو
هەتاوەکوو		گوێ ی هەژاری کەڕ دەکەین
لێوی ژیان		بە گەشەی دڵ تەڕ دەکەین

سلێمانی / ١٩٦٢/٦/٩

# بە ئاگری

بە ئاگری خۆشەویستی ی
هەزارەها دڵ گڕی گرت
سۆزی سەربەرزی و سەربەستی
چەکی بە هەزاران هەڵگرت
هەر ئەو خۆشەویستی و سۆزە
مەشخەڵی ڕۆژی نەورۆزە

١٩٦٢

# سروشت و جوانی و
# ئەنجام

- ١ -

بناری شاخ
ماچ دەكات لێوی شیرینی
فریشتەی باخ
باخی خنجیلەی ڕوومەت گەش
كۆختەیەكی وا لە باوەش
**********
گرد بە ڕیزە
بوونە سێبەر و پەرژینی
ئەو ئازیزە
ڕەز و بێستانی پاڵی گرد
نەخشێكە بۆ خەیاڵی ورد
**********
نیگای ساماڵ
ئاوێنەیە بۆ خەنینی
لێوی منداڵ
ساوای سەر باوەش تریقەی

شەپۆلی زێڕە ، بریقەی
**********

ئەو درەختە
جێ و ئارامگای گیانی ماندووی
ڕێگای سەختە
کەلێت دەدات سروەی فێنک
دەتوێتەوە ئازار تک ، تک
**********

ئەو کانیاوە
ئاودێری تاسەی لێو تینووی
بەرهەتاوە
دەست و دەم و چاوێک تەڕ کە
لەگەڵ سورە هەتاو شەڕکە
**********

مەشکەیەک دۆ
دەمی بۆ دەست و مەچەکی
کچ دێتە گۆ
کاسە دۆی ساردی مەزەدار
لە خوێن گەرمەوە بۆ ڕیبوار
هەر ئەو کەسە بەختەوەرە
دانیشتووی ژێر سای سێبەرە
لێی وەرگرە و ، وەرگرەوە
شادی سەرکەوتووی " گرەو " ە
**********

ئەو دار مێوە
لقەکانی شۆڕ بوونەوە
بە " ترێ " وە
دەستێک بڵند بکەیتەوە

شاهێشوو لێ دەکەیتەوە
نەء ، لێی جوانە پەنجەی ناسک
سووک ، سووک ، تیلماسک ، تیلماسک
ترێ سەرقوولەی سپی و ئاڵ
وەک خۆی خڕپن ، چەناگەی چاڵ
وەک خۆی شیرین ، وەک خۆی بەتام
مەزەیە بۆ .. دڵی ئارام
**********

گوڵ و گوڵزار
مزگێنی دیدار دەهێنێت
بۆ یادگار
چەپکە گوڵ بە " ڕێحانە " وە
بازی دایە .. ناوانەوە
گەورە کچی جوان هەڵی دا
بزەیەکیش لەگەڵی دا
**********

ئەی کچی کۆخ ، توخوا تۆ چیت
پەری ، فریشتە ، یان کچیت ؟
تۆ کامیانیت ، ئەم یان ئەویت
خەوی خانی ، یان " مەولەوی " ت
**********

سوێسکە و " کەو " ە
دەنگیان بڵند کردۆتەوە
بەیەکەوە
هەر کە گزنگ لەکەل دەکەوت
ئاوەدانە شاخ و ئەشکەوت
دوو کوڕی گەورە و ناونجی
هەردوو بەکار ، ئازا ، ڕاوچی

سا خۆیان و پیلکە و نیشان
ڕازانەوەی خوانی میوان

- ٢ -

جوانی ی کڕنووشی دەبرد
بەر جوانی ی ئەم دار و بەردە
هێلانەی بەختیاری بوو
لە سروشتەوە ، دیاری بوو
هەتا بڵێیت ، ڕازاوە بوو
بۆ ئاسۆی دڵ کەژاوە بوو
بەڵام کاتێک ، ساماڵی گەش
پۆشی تارای هەورێکی ڕەش
گەردوون و بینا لێڵەکەی
کە دایباراند ڕەهێڵەکەی
هەورە تریشقە و چەخماخە
دای لەم کووخە ، پڕ دەماخە
سووتا کوختە و سووتان گشتی
نە جوانیی ما ، نە سروشتی
**********

ئەی نەورۆز و بەهاری هات
بۆ تۆ چەند دیمەن وای لێهات ؟

١٩٦٣

# وەرە ئەی خەم

وەرە ئەی خەم
وەرە ئەی یاری دێرین
وەرە با دڵ
بە ئەشکی ئاڵ .. بدێرین
**********

وەرە ئەی خەم
نەوەک شادیم بگاتێ
جێم نەهێڵێت
بێ تۆ ناژیم هیچ کاتێ
**********

لەژێر تارای
بێدەنگیدا چەند خۆشیت
دڵ و مێشک و
بیر و هۆش ، دادەپۆشیت
**********

بێشکەی تۆ بووم

هەر لە منداڵیمەوە
تۆیت ، شیرینیت
کردۆتە تاڵیمەوە
**********

بۆیە چاوی
یادم هەر بۆت دەڕوانێت
ئەژنۆی تەمەن
بەبێ تۆ ، هەنگاو نانێت
**********

وەرە ئەی خەم
با من هەر لەگەڵتا بم
لەگەڵ سەنگی
ئازاردا با هاوتابم
من حەز دەکەم
بگریم گریانێکی خۆش
گریانێک گیان ..
پێی گڕ بگریت لەگەڵ هۆش
خۆشە گریان
خۆشە هەناسە سەردی
خۆشە خۆشی ..
.. نەبینین ، نائومێدی !
دەی ئاگری
بێ ئۆقرەیی م تێ بەردە
ئای چەند خۆشە
چەند بەچێژە ئەم دەردە !
گەرووی گیانم

پڕ بکە لەو ئاوازە
کە گۆرانی ی
بێ ئاوات و بێ نیازە
با پەپولەی
بزەم نەنیشێتەوە
با خونچەی دڵ
هەرگیز نەپەخشێتەوە
*********

نەوبەهاری
سەوزی شادیم وەک پاییز
زەردکە هەرگیز
با کز بێت ، لێوی ئازیز
*********

با لەباتی سروە و شنەی شەماڵم
گەردەلوول و هەور و تەم بێت ساماڵم
ئەی خەم گیانم
با هەر نەحەسێتەوە !
هەتا نەمان
وەک تۆ بچەوسێتەوە !

١٩٦٢

# جوانیت

جوانی ، جوانی
تۆ زۆر جوانی ، نازدار جوانی
وەک فریشتە ؟
نەء ، زۆر زیاتر ئێجگار جوانی
زیاد لە بزەی ..
لێو و نیگای بەهار جوانی
تا بیر بڕوات ..
تا بڕ کات یادگار جوانی
*********

تۆ خوای جوانی ی
جوانەکانی گشت جیهانی
شیرینترین ..
شیرینانی .. کوردستانی
تۆ هەستمی
تۆ گیانمی ، تۆ ژیانی
لە یادمای
ڕۆژ هەتا شەو تا بەیانی
تۆی ئاوازی ..

خۆشەویستیم بۆ گۆرانی
گەرووی بەستەم
دەکەمەوە ، تا بیزانی ..
.. تۆم خۆش دەوێت
تۆ ئارامی دڵ و گیانی
جوانیت یەزدان ،
هەر بۆ پەرستن خوڵقانی
ئەی ئەو جوانەی
چاوی لاویم کە هەڵهانی
خوای دڵداری ..
تۆی پێ ناسیم بە پەنهانی
*********

جوانی ، جوانی
تۆ زۆر جوانی
پەری جوانی ی
بەسەر بەرزترین جواندا
تۆ دەڕوانی

# فریشتە

چ ئاوازێ ئەوەندەی تۆ
دەبێ نەشئەی لە بینا بێت
گەرووی پرشنگی زێڕینی
لە زەردەی پێکەنینا بێت
هەرچی تیشکە لەبەر تاڤگە و
شەپۆلی نازەنینا بێت
دەها شیرین لە شۆخیدا
لە ئارایشتی زینا بێت
بە شێوە و ڕەنگی تۆ نابێت
نیە و نابێت لە ژینا بێت
چ نازدارێک لەڕێی تۆدا
دەڵێت جوانم دەسا با بێت
*********

لە ڕوخسار و لەش و لارا
ئەگەر حۆری نەبیت ، نابێت
ئەوەی تۆی نایە دنیاوە
دەبێت بینای نەبینا بێت
گوناهە پەیکەری جوانیت

لە ئەستێرەی زەمینا بێت
دەبێت جێگای لە ئاسمانی
بڵندی حەوتەمینا بێت
*********

ئەویش ئەو کاتە فرمێسکی
خەمی هەورو تەمی نابێت
بەڵام ئێستا دەبێت وەک من
لەتارای ماتەمینا بێت
بەڵام ئێستا دەبێت وەک من
لە تارای ماتەمینا بێت
هەناسەی قووڵ و پیشی بین
دەبێت هەر بۆت لە بینا بێت
لە هەستیشدا لە هێلانەی ..
کەساسی کەس نەبینا بێت

١٩٦٧

# پێشەوا

١٩٦٠

دەرگای شادی داخراوە
دەروون بە خەم ئاخنراوە
ئاسمانی کورد ..
کوردستان گشت
تەمە و بە هەور گیراوە
درشت و ورد
کورد زمان گشت
ئارامی لێ هەڵگیراوە
کۆرپەی ژیان
لە دایکی شیرین تۆراوە
چاوی گریان
بە جارێ سوور هەڵگەڕاوە
دڵۆپی خوێن تیا تێزاوە
قەتیس ماوە
ئەموستی خەم
ژێر چەناگەی بیر دراوە
لێوی ماتەم
بە دانی قین کرۆژراوە
بزەی سەردەم

کە مەلێک بوو .. دڵ پڕ ئاهەنگ
بە هەناسەی داخ تاساوە
مات و بێدەنگ
دۆش داماوە
گڕ لە جەرگی بەردراوە
**********

وا سێدارە هەڵخراوە
دەوری بە ڕەشاش تەنراوە !
تۆپ لوولەکەی ئامادەیە
تا کەس خوار نەجووڵێتەوە
هەرچی شەقام و جادەیە
دەبابەی ڕوو گرژ و مۆنە
تازە و کۆنە
دوژمن دەیسوڕێنێتەوە
داوە .. داوە
ساز کراوە
دانراوە
بۆ کێ ؟ بۆ کێ ؟
بۆ ئەو سەرۆکە ناسراوە
کە پەیمانی بە کورد داوە :
تاکو جەستەی لە کاردا بێت
بەختی کا لە تێکۆشانا
تا تۆزقاڵێ گیانی تیابێت
داینێ لە ڕێی کوردستانا ..
ئەزانی کێ ؟ چ سەرۆکێ
- سەرۆک کۆماری کوردستان
قازی محەممەدی نەبەرد
جەسووری سووری کوردستان

.. بڕوای بێگەرد
ئەوەی کەوا :
سەری شۆڕ نەکرد بۆ نامەرد
نەیهێشت پشتی بدا لە عەرد
پێی وت سەرت داوە لە بەرد :
نەتەوەی کورد ، بکەی بە پرد
کام پێشەوا ؟
- ئەوەی کەوا :
ئەی وت دەبێت
خێر و بێری کوردەواری
هەر کورد بیخوا
بۆ کەس نەبێت
کورد بە شادی و بەختیاری
بژی و بڕوا ..
دیلی دەستی ناکەس نەبێ ..
هەڵخراوە بۆ ڕابەرێ
کە کورد داویەتی نامەکەی
ئەو بۆی بەرێ ..
بۆ مەنزڵی ئارامەکی
**********

واهات واهات
چرای ئاوات
قارەمانی :
ڕێگەی خەبات
پاڵەوانی :
سەدکارەسات
پشتیوانی :

گەل و وولات
ئەوەی گیانی دەکات خەڵات
هەیهات هەیهات !
چ شێرێکی بە جەرگ هات !!
**********

ئۆردووی دوژمن لە دوایەوە .. !
دەست و قاچی کەلەپچەیە !
مردن لە پێش ڕێگایەوە :
کەچی ئا ئەو کورد بەچەیە ..
بەو زنجیر و پێوەندەوە
بە خەندەوە ، ..!
هات بە تەکان
پەتی دارەکەی ڕاتەکاند
تۆپ و ڕەشاشی ڕاچڵەکاند !
هەتا توانی ..
چریکانی : -
وتی کوردم .. سوێندم خواردووە بەم خاکەم
خۆمی لە ڕێدا بەخت کەم !
بەم بیر و باوەڕە پاکەم
تا کۆسپی ژینی تەخت کەم
ڕۆڵەی کوردم
وڵاتی کوردستان پەرست
بۆ کورد پردم
هەتاکوو دەیپەڕێنمەوە
لە نۆکەر و ئیمپریالیست
هەتاکوو دەی بووژێنمەوە
دەیکەم سەربەست

ئاڵای کوردستانی گەورەی
دەدەمە دەست
ئەوەم کەهەم
هەر ئەوەش بووم
وا ڕۆیشتووم
هەرواش دەبم
ئەمەیە ڕێم :
بۆ وڵات و نەتەوەکەم ..
سەر دادەنێم !!
هەڵمواسن
لام شەرەفە و سەربەرزییە .. !
چاک بمناسن ،
لە ڕێی کورد و کوردستاندا
بۆ من مایەی شانازیە
لەژیاندا
ئێمە کوردین لە هەڵواسین !
نەترساوین ناترسین !
" من هەڵواسن "
بەڵام بیری کوردایەتیی
" پتەوتر " لە پۆڵا و ئاسن
هەر دەمێنێ
کورد لە گیان و دڵیایەتی !
تا هەتا لەگەڵیایەتی :
سات لە دوای سات
زیاتر گڕ و جۆش دەسێنێت
هەزار بەسەرهات ، کارەسات ،
نای نەوێنێت هەر دەمێنێت
**********

شۆڕشی سوور
لەناو دڵدا بڵێسەکەی
وەکوو تەنوور
زیاتر بەرز دەبێتەوە ..
هیچ دای نامرکێنێتەوە !
تا دوژمن دەتوێنێتەوە !
*********

سبەینێ کورد کە ڕاپەڕی
لەم پەڕیەوە تا ئەو پەڕی
چاوی ژێر تارای زۆرداری
هەڵ دەهێنێت
بۆ ڕزگاری
شۆڕشێک هەڵ دەگیرسێنێت
سوور بنوێنێت
وەکوو بورکان جۆش بسێنێت
ماف بسێنێت
لاوی ئازا و گورج و گۆڵی
توند و تۆڵی
زۆر بە جەرگی
نیشتمانی
شێری نەترس لە مەرگی
کوردستانی
تفەنگ و تفاق لە شانی
مەهاباد و کرماشانی
سنە و" وان "ی
دیاربەکر و نەخچەوانی

لاوی سۆران و بۆتانی
بادینانی
جامانە سووری بارزانی
هەڵۆکانی هەورامانی
کوردەکانی
هەموو گەرمیان و کوێستانی
هەر چوار قورنەی کوردستانی
لە شوێن جێ پێی
دوانزە سوارەی مەریوانی
لەسەر تەدبیر و بیر و ڕێی
شێخ سەعید و بەدرخانی
لەسەر بڕیار و پەیمانی
شێخ قادری شەمدینانی
هەر بە یادی :
کاوەی ئازای پاڵەوانی
بۆ ئازادی
چەکوشی ڕێی تێکۆشانی :
دەنێتە سەر دەفەی شانی
بۆ ڕزگاری کوردستانی
دەڕوا ، دەڕوا
گیان پڕ بڕوا
بۆ پڕاندنی ئەو مێشکەی :
نەمانی کورد بۆتە بێشکەی
نەمانی کورد ئارامێتی
مەرامێتی
دەڕوا ، دەڕوا
دڵ پڕ لە ئاوات و هیوا
ئەم خاکە سوور دەکات بە خوێن !!!

خڵتانی خوێن !
دەکات بە نوێن !
ناحەزانیش
هەرچی بڵێن
ئەو هەر دەیباتە سەر " بەڵێن "
پەیامەکەی
نامەی خوێناوی خامەکەی
بە کارواندا ..
بە کاروانی تێکۆشاندا
دەبات هەتا .. دەیداتە دەست
بووکی کامەرانی و مەبەست
بووکی هیوا
یاری ئێسک سووکی هیوا
گوڵی هیوا
دڵی هیوا
گۆنای گەش و سوور و ئاڵی
ڕووی بێگەردی وەک ساماڵی
هەڵدەمژێت
بەجۆرێکی هەڵ ئەمژێت
تا عەتراوی لێدەڕژێت
باش دەی چێژێت
لە تامەکەی
هەتاوەکوو مەستی دەکات
خۆشی بۆن و بەرامەکەی !
کە لە کاروان گەڕایەوە
ئەم مژدەیەی هێنایەوە
بۆ دایکە بێ ئارامەکەی
وەرامەکەی

بە گەیشتنی نامەکەی
سارێژ دەبێت
یەکسەر برین و زامەکەی !
جا ، نەوەی کورد
" نەتەوەی کورد "
دایدەچەقێنێ ئاڵاکەی !
دەیگۆڕێت بەرگ و کاڵاکەی
ڕازاوەی دەکات باڵاکەی
ئەوسا دایکی منی شەهید :
کپی دەکات سکاڵاکەی
**********

کورد تۆڵەی خوێن دەکاتەوە
خۆی لە خوێن دا دەشواتەوە
تا " سەربەستی "
وەڵامەکەی دەداتەوە ..
تا ئەمجارەش بە مەبەستی :
دەگاتەوە
سەما دەکات بەیداخەکەی !
بەسەر بەرزایی شاخەکەی !
کوردستانی ئاواتەوە !!
بەڵێ ئێوە دوژمنەکان ..
برسیی گۆشت و خوێن و ئێسقان
هەرچەند کە من هەڵدەواسن
بەڵام هەڵگری ئەم بیرە
باش بناسن ..
نای بەزێنێت پۆڵا و ئاسن !
نای نەوێنێت هێزی دوژمن !

پەیام نێرانی ئەم بیرە
ملیۆنەها کوردی ژیرە !
وا بەرێوە بۆ مەڵبەندی
بۆ شکاندنی پێوەندی !
ڕزگار بوونی لە دەست بەندی !
وڵاتەکەی لەژێر دەستان
دەردەهێنێت
نۆکەرەکانی کوردستان
دەخنکێنێت
تاکوو نیشتمانی لەت لەت
بە یەک کەڕەت
ئازاد نەبێت بست بە بستی
واز ناهێنێت . !
بەری نادا چەکی دەستی !
تا نەی بینێت
ئاڵای بەرزی ڕەنگا و ڕەنگی
بەرهەمی شۆڕش و جەنگی

---

ژین : ژمارەکانی ١٥٠٩ و ١٥١٠ و ١٥١١

# دەنگێک لە گڵکۆیەکەوە

ئەی خوشکانی جگەرسۆزم
دەی توخوا بۆم ..
بەدڵ بگرین ، بە کوڵ بگرین
لەسەر گڵکۆم
گڵکۆ جێمە و خاکم لەسەر
گۆنا و لێوە
منی داماو ، منی جێماو
دوور لە ئێوە
هەرچەند گڕی مەرگ بۆ ناو ..
گۆڕی هێنام
بێبەری بووم لە ئاوات و
خۆزگە و هیوام
ناکام بووم و ئەستێرەی گیان
کەوتە نیشتن
بەڵام ئاخم ئەو داخەیە
کە جێم هێشتن
خوشکەکانم سەردەمێک بوو
وەک ئێوە بووم
بۆ ئامانجم لەگەڵتانا ..

بەرپێوە بووم
بە شەقامی ژیان و ڕێ ی
خوێندنگامدا
ئاسۆی هیوام بەدی دەکرد
لە نیگامدا
ئەستێرەکەم لە سامانڵی
بەهرەی دڵما
دەی جریوان پێ دەکەنی
بەرووی گوڵما
بە نەمامی قو تابخانە و ..
ژیانەوە
خونچەیەک بووم بە ئاواتی ..
گەشانەوە
شنەم دەهات بەدەم سروەی
بەیانەوە
گەرووی سۆزی ئاوازێک بووم
لە گیانەوە
دەمویست کەوا لە بەرهەمی
ئەو نەمامە
لە دوارۆژدا لێی بچێژم
کە هیوامە
دەسگریش بم بۆ دایکم و
خوشک و برام
بەڵام لەنیوەی ڕێ دا بووم
لەناو برام
کۆسپی ژینی ڕێ ی نەهاتی و
داخ و تاسە
ملی پێنام بۆ گێژاوی

دوا هەناسە
منی کەساس منی هەژار
منی کڵۆڵ
عومری جوانی و هیوای گەنجیم
نایە ناو خۆڵ
ئەوا ئێستا لە دییاری ..
تەنیایی دا
ڕاکشاوم وام لە لانەی
کۆتایی دا
جوانەمەرگی .. داخ لە جەرگی
بێ ئاواتم
بە زامێکی بەسوێوە بۆ ..
سەیوان هاتم
بەڵام توخوا بە دڵخوازەکەشم بڵێن
لەبەر وەفای خۆشەویستی و ڕاستی بەڵێن
ماڵ ئاواییم کرد لە ژین و
دنیای ڕووناک
پەیمانم دابوو بۆ ئەو بم
یان بۆ ژێر خاک
هیوادارم کە دڵتەنگ و
زویر نەبێت
بەس تکایە دڵسۆزیمی
لەبیر نەچێت

١٩٦٥

# گرەوی سامان

ئەی قەمەرە .. لەبەر کۆشکا
دەی ڕاوەستە
ئەی دەوڵەمەند بۆ سەرەوە
دەستە دەستە
تۆش سەرکەوە ماڵی خۆتە
کوڕی حاجی
مادام خاوەن کۆشک و پارەی
هۆی ڕەواجی
**********
ئەی کیژۆڵە ئێسک سووکە
بەڕەوشتە
زۆر ناسکە و زۆر نازدارە
وەک فریشتە
دەی خۆت بکە بە ئاشنا و
بەرابەریان
زوو زوو بچۆ دینار بکە
بە نۆکەریان
کچەکەیان کە قوتابی
پۆلی بەرزە
نەمامێکە .. گیان دەخاتە
شنە و لەرزە

هەرچەند کەوا خۆشەویستی ..
خۆشی هەبێت
بەڵام دینار بخەیتە کار
بۆ تۆ دەبێت
دەستی هەڵپە پەیمان خاڵی دەکاتەوە
لە دڵسۆز و دڵداری دوور دەخاتەوە
لای ئەو کەسەی کە بناغەی
خۆشەویستیی
لەسەر بۆشە و دەیفرۆشێت
بۆ مەبەستی ..
**********

دەی خۆت تاقی بکەرەوە
خاوەن پارە
تا بزانیت .. ئەو نازدارە ..
ئەو دڵدارە
کە چەند ساڵە هاوپەیمانی ..
لاوێکە مەرد
چێشتوویەتی ئۆف و ئاخ و
ئازار و دەرد
کەوا سوێندی دڵداری یان
لەگەڵ یەکا ..
گۆڕیەوە هیچ نەتوانێت
لەیەکیان کا
دەی ئاخۆ بۆت لەولاوە دوور
دەخرێتەوە
یان ئەو دڵەی پێی داوە نای ..
سەنێتەوە
دەستی سامان هاتە پێش و

نازدار گوشی
کوڕی حاجی بوو بە هاوڕێ ی ..
گیان و لەشی
کچ پەیمان و خۆشەویستی و دڵی کوڕی
فرۆشت و دای بە کۆشک و زێڕ .. دینار کڕی
پێشکەش کرا و ئاهەنگ کرا و
دەم شیرین بوو
بەڵێ لەسەر خواستی کچ خۆی
درا بە شوو
**********
هەی ئافەرین وەک ئەو لاوەت
بێ مایە کرد
دەستیت بڕی و خۆت قوربانی ..
سەرمایە کرد
**********
کوڕی هەژار ، دوور بوو کاتێک
ئەمەی زانی
بە پەلەپەل هاتەوە دووی
سەرگەردانی
هەرچی وێنە و نامەیەک بوو
هەمووی هێنان
چوو بۆ ماڵی کوڕی حاجی و
بۆی دەرهێنان
زۆر تکای کرد لەوتاوانە
بکشێتەوە
هەڕەشەی کرد کە دەبێ هەڵ وەشێتەوە ..
تازە دەسگیرانیش ووتی :
خۆشم دەوێت

لەگەڵ بیستی کەشدا بووبێت
هەر دەمەوێت
*********
ئێستا ئەوا هەڵخەڵەتاو ..
فرۆشرا و
لەگەشتایە لەگەڵ کوڕی
زێڕ و دراو
چی دەوێت کچ ؟ گەیشتووە
بە هیوای خۆی
چی داوا کا و هەرچی بکا
چاک دەلوێت بۆی
ئاڵتوونی سارد بریقەی دێت
لە بەرۆکدا
سەرو سامان خۆی بۆ داوە
بەسەر چۆکدا
ئەی قەمەرە لەبەر کۆشکا
دەی ڕاوەستە
ئەی دەوڵەمەند بۆ سەرەوە
دەستە دەستە
تۆش سەرکەوە ماڵی خۆتە
کوڕی حاجی
مادام خاوەن کۆشک و پارەی
هۆی ڕەواجی
تۆش هەژاری ئاوارە بوو
بناڵێنە ..
ڕەشماری خەم لەگەردنت
بئاڵێنە

١٩٦٥

# پێش تۆ ناسین

پەشیمانم لەو شیعرانەی
پێش تۆ ناسین
کە بە خەیاڵ بۆ دڵداری و
یارم نووسین
**********

گیانە کاتێک گەرووی هۆنینەوەم پڕا
وشەی خۆشەویستی تری لێ دەپرژا
بریتی بوون لە هۆنراوەی
نیشتمانی
لەو بەولاوە هیچی ترم ..
نەدەزانی
**********

زۆر خوێندەوار کەوتبوونە ڕەخنە گرتن
چونکە بەستەی دڵداریم بۆ نەدەوتن !
وتیان حەیفە
تۆوی باخچەی دڵ بڕێژێت
لەهەر بستەی
جۆرێک گوڵی تیا نەنێژرێت
باخێک ئەگەر
گوڵەکانی هەر یەک ڕەنگ بن

نیوەی هوزار
دەبێت لە خوێندن بێدەنگ بن
بەڵام باخی ..
ڕەنگا و ڕەنگی هەمە چەشنە
هەموو دڵێک
دەخاتە سەر زەردە و شنە
**********

بۆیە منیش کەوتمە بیر کردنەوە
بۆ گوڵزاری دڵ ئاوەدان کردنەوە
لە هەر چڵ و تۆوێک گوڵێک
جوان بێت هێنام
لە ڕستە و گۆل و دێراو دا
ناشتم چێنام
ئەوەی بریتی بوون لە دڵ ..
یان دڵداری
بۆ داخوازی دڵخوازانم ..
کرد بە دیاری
دەمێک چاوی کاڵ ، دەمێک شین
دەمێک هی ڕەش
وەسفی خەیاڵ دەیگرتنە
قولی باوەش
بەبێ ئەوەی دڵم هیچیانی
ویستبێت
یان پەیمانم لەگەڵ خاوەنیان
بەستبێت
دەمێک سکاڵا و هەناسەی
بەجێ هێشتن
بەبێ ئەوەی ئازارێکی

دابێت بە من
بۆیە دەڵێم پەشیمانم لەو بەستانە
کە دەیپژاند گەرووی کەمان ، سەربەستانە
گرتبووی بین
پێش تۆ بینین
**********

بەڵام ئەمڕۆ
گیانی شیرین ، شێوە شیرین
کە بەستەی تۆ ..
لەسەر لێوم کەوتە لەرین
لەو خەیاڵ و بیرە بێلانەیە دەرچووم
بە دڵداریی راستەقینە پژا گەرووم
فریشتەی دڵ
خۆشەویستی
بەهرەی گیانی ی
دیوانەکەی بۆ پڕ کردووم لە گۆرانی
هەر هەڵبەستێک
کە دەینووسم بۆ دڵداری
بۆی بڕوانیت ..
وەک ئاوێنە .. تۆی تیا دیاری
١٩٦٢

## مامۆستا نەجمەدین مەلا

- ١ -

چوار دیوارێک ، تاریک و تەنگ
پڕ لە بەرگی دەنگی بێدەنگ
لەم لا و لەولا دوو تەختەی ڕەش
ڕۆژی دێڕێک دەکەن باوەش
کاتژمێرێک وەک هەناوی
کوتە کوتێتی لەتاوی
لەولاشەوە ڕۆژ ژمێرێ
ڕۆژی ژیانی دەژمێرێ
**********
چەند کورسییەک لەگەڵ مێزێک
پڕ پەڕاو ، گۆڤار ، ڕۆژنامە
لەناوا .. پیر و بێ هێزێک
پەنجەی گرتوویەتی خامە
**********
هەر دەنووسێ و تۆمار دەکات
جەرگی خامە زامدار دەکات

- ٢ -

وا شەو داهات

گڵۆپی زەردی کز هەڵهات
تێپەڕی .. کات
لە قوژبنێکدا .. نوێنەکان
بانگی دەکات
دەڵێت .. بنوو شەو درەنگە
بووکی خەو زۆر شۆخ و شەنگە
بەڵام ئەو خۆ لەگەڵ خەودا
لەگەڵ ڕۆژ و نیوە شەو دا
هەرگیز دەجەنگێت و دەڵێت
نانووم تا ڕۆژی نوێ هەڵدێت
هەر دەنووسم
بە پێنووسم
بۆ نەتەوە .. هەژارەکەم
وڵاتە .. بێ بەهارەکەم

– ٣ -

ئەی دەروونی ماتەمی وێڵ
هەڵبڕێژە فرمێسکی لێڵ
لە دڵ و سینەی گەرمەوە
بە هەنسکێکی نەرمەوە
بە کوڵ ، پەرۆش ، بە تاسەوە
سۆز بکەرە هەناسەوە
بۆ دڵسۆزێک .. کە تا پیریی
تا مەرگ هات بەرەو پیری
بێباک بوو ، وورەی بەرنەدا
پەنجەی پێنووسی بەرنەدا

- ٤ -

ئەگەرچی پیر و بێ هێز بوو

بەڵام نەدەترسا لە کێو
نەتەوەکەی لا بەڕێز بوو
ئەگەر قووتیشی دایە ، دێو
**********
هەرچەند بە کەساسی ژیا
بەڵام ژیانی مەردیی بوو
تا هەوری ڕەش چوو بە گژیا
ئەو هەر ئەستێرەی کوردی بوو
**********
بەڵام هەزار داخی گران
هەڵمان نەدەسەنگاند نرخی
نەمانزانی کە بێ ویژدان
خۆی بۆ خۆش کردووە ، مرخی
**********
کەسێک نەبوو دەستی بگرێت
ڕێزی تێکۆشانی بگرێت
وەک زۆر شتی تر ، لێی گەڕاین
تا پشکۆیان بە دڵدا ، ناین
**********
ئەوا ئێستا دوای نەمانی
بۆ ژیانی پڕ لە ژانی
دەست بە ئەژنۆ دا دەکێشین
هەناسەی بۆ هەڵدەکێشین
- ٥ -
نووسەرێکی پێشکەوتوو بوو
گوڵزارێکی پشکووتوو بوو
**********
بۆنی گوڵی دەست ڕەنگینی

هەموو لایەکی گرتەوە
بیر و سەرنجی سەنگینی
زۆر لاوانی پێ گرتەوە
**********

گەلێ کەسی پەڕانەوە
لەدەست لافاوی نەزانین
بەو پێنووس و " پەڕانە " وە
گەلێ باخچەی کردین ، ڕەنگین
یاد نەچوونی مامۆستامان
مافی گشتە .. تا .. هەتا .. مان

١٩٦٢

# گەشتی کۆیە

ساڵی ١٩٦٠ پۆلێک برادەر بووین دوا نیوەڕۆیەکی پێنجشەممە گەشتێکی بچووکی یەک شەوەمان پێک هێنا بەرەو کۆیەی ئازیز .. گەشتەکە لە ڕانیە وە بوو ، خوالێخۆشبوو "دڵشاد مەسرەف " ی هونەرمەند یشمان لەگەڵدا بوو ، یادگارەکان ئەم چەند دێڕەی پێ نووسیم و بفەرموون .

ج . ش

سەرتاپای لەشی بەهار ..
جوان پۆشتەی ئارایشتە
بەرگی ڕەنگینی دەشت ، گشت
پشتێنی ڕێ ی لە پشتە
**********

بە بن گرد و پێدەشتا
بە هەوراز و نشێوا
بۆ جێی ئارام گەیشتن
دڵ پڕ لە خۆزگە و هیوا
**********

هەر درەختە و دەوەنە
دەڕۆن و تێدەپەڕن

هەر پۆلە سوێسکە و کەون
لەسەر چینە هەڵدەفڕن
دەنگی نووساووی گڕی
" جێب " دۆڵ و شیوی شێوان
هەتا چووینە چنارۆک
بوو بە تارمایی شێوان
شنەی شەماڵی ناسک
فێنکی کردینەوە
گۆشت و ڕازانەوەی مێز
ماندووی بیر بردینەوە
ئنجا نۆرەی گۆرانی و
بەستە و .. چەپڵە ڕێزانە
دەنگی زوڵاڵ ، فرسەتە
بچریکێنە و بزانە
کە چەند خۆشە لە ناوەند
ئەم چیا بەرزانەوە
بەستە و گۆرانی کوردی
بە چەپڵە ڕێزانەوە
ئاخ ئازیزەکەم پەری
تۆشم لەگەڵ بوویتایە
بزەت .. تێکەڵی گەشتی
ئەم بەهەشتە کردایە
**********

من مەستی دیمەنی ئەم ..
کانی و ڕەز و درەختەم
شەیدای جوانی و دڵگری
ئەم جێ و ئێوارە وەختەم

هەرچەند ئەکەم لەش کفتە
لە هەڵسان و جێ هێشتن
بەڵام چی بکەم ، لە پەلە و
درەنگ وەخت و نەهێشتن
**********

بە سنگی هەورازەکەی
چیای ژوور چنارۆکدا
سەرکەوتین تا چنارۆک
نەوی و خۆیدا بە چۆکدا
لە دوگمەی سوخمەی شانی ..
لوتکە .. کە ڕێ ئەو دیو کەوت
لە دەریای ڕەشی شەودا
مرواری زێڕین دەرکەوت
**********

مەغناتیسی کارەبای
سیحری جوانی ڕایکێشاین
شاری " کۆیە " ی شیرینە
ئەوەتاین لە باوەشیاین
**********

ئەی شەو زوو بتوێرەوە
نزیک بەرەوە ، گزنگ
چاوی گەشی .. دەسماڵ شین
کاڵ کەرەوە بە پرشنگ
**********

جوانیی ئەستێرەی سامالٚ
کەی وەکوو جوانی ئێرەن
هەر تاقە چاوێکی "کۆ "
بەرامبەر سەد ئەستێرەن
**********

وا بەیانە خۆر سەری
لە کەلەوە دەرهێنا ..
بە شانەی سەوزی بەهار
قژی زەردی داهێنا
**********

ئەی بووکە لەش پۆشتەکەی
دلٚڕفێنەکەی کۆیە
تۆ وەکو فریشتە وایت
یان فریشتە وەک تۆیە ؟
ئەی شوێن باڵی وەریوی ..
پەپولەی .. دڵی ئاگر
گیانی حاجی قادری ..
خامەی نەبەزین هەڵگر
**********

شیرینیی و ڕەنگینی ی تۆم
لە دڵدایە وەکو خوێن
بۆ گوڵزاری ڕازاوەت
هوزارێکم .. ئاواز خوێن
دەمێکە بە تاسەوەم
نیگام تێر کات ، نیگارت

پێشێلی کەم ئیسفنجی
نەرمی وەردی بنارت
**********

ئۆخەی ئێستا وا کاسەی
ئەو تاسەیە دەشکێنم
لە فەرشی گژ و گیاتا ..
پێڵووی چاو دەترووکێنم
**********

لەسای گەڵای گێلاس و
شۆڕەبی حەمامۆک دا
گوڵی شەوبۆی یادگار
دەکەم بە بەر بەرۆکدا
خۆزگە خۆشەویستەکەم
تۆشم لەگەڵ بوویتایە
چەند خەندەیەکت پێشکەش
ئەم بەهەشتە کردایە
**********

ئەوسا سەیران و گەشتم
زۆر زیاتر دڵگیر دەبوو
زیاتر ئاوازی شادیم ..
تێکەلاوی بیر دەبوو
**********

کاتی گەڕانەوە هات
" هەینی " ماوەکەی کەمە

دەبێت هاوەڵەکانم ..
ئامادەبن بۆ " شەمە "
ساماڵ .. ئاوا ساماڵی
وێژە و هونەر و جوانیی
بۆ تۆ و شارەکانی تر
ئاواتی کامەرانی

١٩٦٠

# گەشتی تەوێڵە

تێبینی :

لە جاپی یەکەمدا ساڵی ١٩٦٨ پێشەکییەکی ناچاری و دیپلۆماسیانەم بۆ ئەم گەشتە نووسی بوو ، لەبەر بیر تەسکی هەندێک و هەڕەشە و گوڕەشە .. ڕاستیەکەی گەشتەکە لە سلێمانیەوە دەستی پێکرد و ڕۆژی هەینی ١٩٦٣/٥/٣١ بە مەبەستی بەڕێکردن و ڕۆژی ١٩٦٣/٦/١ گەڕامەوە .. داوای لێبوردن لە خوێندەواران و لێکۆڵەرەوان دەکەم .. هەروەها بەکارهێنان و چوارتا هێنانە ناو گەشتەکە هەر بۆ جوانکاری و خۆشەویستی ناوچەکە هێناومە .. ئەوەش بزانن زۆر دێڕی تر هەبوون پەیوەندییان بە ڕامیاری ئەو سەردەمە وە هەبوون لێم دەرهێنان لەبەر" سانسۆر" بەداخەوە ئەسڵەکەم لا نەماوە و لێ لابراوە
کانیشم بیر چوونەوە هەر دێڕی یەکەم نەبێت کە ئەمەیە :
سبەینێ دوا هەناسەی ئایارە و هەم هەینیشە
گوێ لە " مەچۆ " ناگرم هەروا دەزانم ، نیشە

فریشتەی خەو تەریوە و
ئارام فڕیو لە نوێنا
شەوم گەیاندە گزنگ
چاوی خۆرم هەڵهێنا

کەرەسە پێچانەوەی
ماڵی خۆشەویستم دی
نمە فرمێسکی چاوی ..
کاڵی خۆشەویستم دی
بەرێکەر و دووعا خواز
لە کۆلان و داڵانا
شۆفێر پێی بە بەنزین و
پێی بە ناخی دڵا .. نا
لانە ئاوەدانەکەی
خۆشەویستیمان جێ هێشت
ڕۆیشتوو .. داخی گەورەی
بە دڵی جێ هێشتوو چێشت
**********

لە چوارتاوە کە نەوین
بە ڕێگەی پێچا و پێچا
وەک برین پێچ گەردن و
سەری گردمان دەپێچا
قەڵاچوالانی شاری دێرینی
مێژووی بابان
یەکەم قەڵای بەرزێتی :
ئەزمەڕی پێش ڕێگامان
ماوەیەک دوای سەڵاوێک
لە ئەزمەڕی سەر بڵند
باوەشمان بە گەردنی
سلێمانی جوان دا کرد
**********

لە ماڵە خزمانی خۆم
میوانی یەک سەعاتین

فەرموون هەستن درەنگە
بەڵێ فەرموو ، وا هاتین
**********

سلێمانی ماڵ ئاوا ..
ڕێی تەوێڵە خۆ بگرە
لە گۆرانیی هاوەڵ و
لە ئاهی من گوێ بگرە
بەژێر ساماڵی شینا ..
بەناو دەشتایی سەوزا
بە گوێ کانی و ڕووبارا
سێبەری چیای بەرزا
**********

کەژ وا ڕازاوەتەوە
دڵ بزوێنە نیگاری
لەگەڵ وەرزی بەهاردا
کەوتوونەتە دڵداری
**********

چاوی سەرچاوەی زەڵم
پرشنگی دا لە چاوم
شەپۆلی هەستی ناسک
خورپەی دا بە هەناوم
بەهەر شوێنێکدا دەڕۆین
یەکەمجارە دەیبینم
ئای چەند دڵگیر و خۆشە
کوردستانی شیرینم
ئاوازەیەکی نوێ یە
تۆماری دەکات ژینم
دەستەسرێکی نەرمە

بۆ سڕینی ئەسرینم
**********

بە دەشتی شارەزووردا
تێپەڕ بووین بە خورماڵا
پشتێنی پێچ پێچی ڕێ
لە کەمەری یاڵ ، ئاڵا
دەبیت ڕێمان چەند مابێت
پێم بڵێن زۆری ماوە
توخوا با گیانم تێر بێت
لەم خاک و هەوا و ئاوە
**********

ئەم گوڵ و لالەزارەی
سوخمە و کراسی دەشتە
زیاتر هەست دەجووڵێنێ و
گەشە دەدات بەم گەشتە
**********

ئەو گرد و هەرد و باخەی
بەرگی سەوزی پۆشیوە
ئەو قەڵبەزە و خوڕاوەی
باوەشێن کەری ، شیوە
چاوی تینووی دەروونم
زۆر ئاواتە خوازێتی
هوزاری باخچەی دڵم
سەرچاوەی ئاوازێتی
دەسا دەبا ، دابەزین
لەسای ئەو درەختانە
لادەین ، پشوویەک بدەین
زۆر خۆشە ئەم وەختانە

**********

تاک تاک ڕێبواری قۆزی
کوڵەباڵ هاوەڵی شان
ئەژنۆی ماندووی شل دەبوو
دەستێکی رادەوەشان
لەخۆشی هەڵگرتن و
دووری نزیک بووینەوە
" هەوری لە مل " ی دەڕژاند
لە ناخی دەروونیەوە
**********

سەربار و ئەملاو ئەولا
بوونە لاگیرە زەلام
بەدەم گۆرانی گوتن
بەدەست وەڵامی " سەلام "
**********

بەڵام من هەر لە بیری
دوورکەوتنەوەی یاردام
مەگەر تازە هەر بە خەو
بیبینم بێتەوە لام
**********

سەرم هەڵبڕی وا دیم ..
کۆمەڵێک باخچە دیارە
بەڵێ .. وا گەیشتینە
بەر ئاوێنەی " بیارە "
**********

کام بیارە ؟ بەهەشتە و
جێی فریشتەی نازدارە
خەوی خۆشی ئارامی

باوەشی یادگارە
**********

لە ئاوایی دابەزین
بۆ ماندوو حەسانەوە
خواردەمەنی بەردەمی
دیدەنی ی ڕازانەوە
لەژێر سێبەری چڵی
چنار و بی و دارگوێز دا
هەناسەم هەڵدەکێشا
لەتەک ئاوات و نیاز دا
**********

دەمووت ئاخ ئەو ئاواتەی
لە دڵدا بۆی پەرۆشم
گەردی نەهاتی .. لێڵی
نەدەکرد کانی ی هۆشم
**********

ئەی دڵ و دەروونی شاد
ئێرە هەر خۆی هەڵبەستە
کوا گەرووی کامەرانیی
بۆ بەستەی لە دوا بەستە
کوا خامەی هەست بێ ئەوەی
بیری لێ بکەیتەوە
دیوانێک .. دیاری سروشت
بۆ جوانیی ببەیتەوە
**********

ئەو نیگا و بۆن و هەوا و
ئەو ئاوە سازگارە
لەگەڵ ئەم دیمەنانەی

ناو ئەم باخ و گوڵزارە
**********

بیکەم بە ملوانکەیەک
بۆ گەردنی یادگار
بۆ پیرۆزبایی نەخشەی
دەست و پەنجەی کردگار
هەرچەند دیمەنگا دەی وت
ئێرە بە جێ مەهێڵە
دەشڵێن جوانیی " بیارە "
ناگاتە هی " تەوێڵە "
**********

ئنجا خوا خوای ئەوەمە
خێرا زوو کۆبینەوە
بچین بە پیر " تەوێڵە " ی
شۆخی نازەنینەوە
**********

لە پردی شیوی خوڕەی
هاڕەی پێکەنینەوە
کە ئەو دۆڵەی سەرتاپا
خستۆتە ، لەرینەوە
پەڕینەوە و تێپەڕین
بەسای " دارتوو " و " بەڕوو " دا
**********

خۆر لە جۆگە و کانیاو دا
زۆر پرشنگی لە " ڕوو " دا
هەرچەندە ڕێ و بانی سەخت
تاڵی ئارامی دەبڕین
ماشێنەکە ئەوەندەی ..

هەڵبڕین و دابڕین
**********

بەڵام لەبەر نیگاری
ڕەنگینی هەرد و نزار
نە ئاگام لە تاسەیە و
نە هەست دەکەم بە ئازار
*********

سێبەری پەڵە گوێزی
سەر سەرچاوەی ڕوون و سارد
پەیامی فێنکایی ..
بۆ دەروونی گەرم نارد
*********

میوە و نەوسنی نیوەی ..
دانیشتنی رابوارد
هەستاینەوە .. چایچیمان
بە خوای کانی سارد ، سپارد
**********

ئەی تەوێڵە کوای لە کوێی ؟
ئۆقرەم تەزی دەرکەوە
ئەو باسکە نا ، ئەوی تر
ئەو دیوی ئیتر ، ئەوە
لەتەک چاوەڕوانیداو
لەگەڵ تاسە ، ڕۆیشتین
ئەوا نیگای باخ دەرکەوت
ئاخ و ئۆخەی ! گەیشتین
ئۆخەی ! بۆ ئەوەی پەریم
ماندووی دەحەسێتەوە
ئاخ بۆ ئەوەی بە بێ من

لێرە دەمێنێتەوە
**********

کەوتینە گوڵزارەوە
ناوەندی نزارەوە
کەوتینە ژێر سێبەری
لقی چەند هەزارەوە !
بەرو پشتی ، تەنیشتی
ڕێگا هەتا ئاوایی
هەر لق و پەلی دارە
دانس دەکەن بە ئەسپایی !
**********

لەسەر مۆسیقای هاژە و
قەڵبەزەی ئاوی دۆڵا
درەختی ئاڵ و والا ..
قۆڵیان وا لەناو قۆڵا
**********

هەر مەلی باڵ نەخشینە
بە جریوە و جووکەوە
دەخوێنن بە ڕووی گوڵی ..
گەشی ئێسک سووکەوە
هەر لانکەی سەیرانگاشە
پێ پلیکەی بەستووە
بە پاڵ پاڵی نزاردا
فەرشی گیای ڕاخستووە
**********

لە درزی تارای سەوزی
سەر باخچەی فریشتەوە
چاوشارکێ دەکەین لەگەڵ

لوتکەی بەرزی پشتەوە
**********
گەشەی گەیشتنە جێ
ئەندامی ختووکە داین
ئێستا لە باوەشی ئەو ..
بووکە ئێسک سووکە داین
لەبەردەم باڵاخانەی ..
کەنار شیودا دابەزین
بووینە نیشانەی نیگای ..
هەزارەها مەم و زین
**********
یادگاری ژیانی ..
" مەولەوی "م بیر هاتەوە
گەرووی تینووی دڵ و گیان
بەفراوی دەخواتەوە
**********
چەند خۆشە لەم شوێنەدا
لەگەڵ ئەشکەنجە شەڕ کەیت
لێوی ژیان بە بادەی
شیعری مەولەوی تەڕ کەیت
لەم بەهەشتەدا لە سای
بەهاری ئاواتەوە
چەند خۆشە ، خونچەی دڵان
دەمی تیا بکاتەوە
**********
ماڵ داگیرا بە نیازی
ناو هەواری تازەوە
باڵاخانە قووتی داین

لە گەرووی " دەروازە " وە
**********

هێشتا تازە کاتژمێر
دوای سێ ی دوا دوانیوەڕۆیە
دەمەوێت وێنە و نەخشێک
لە یادا بکەم .. " بۆیە "
هەندێک لە هاوڕێکانم
بۆی کەوتنە وتەی لەنگ
بگەڕێینەوە ، نەوەک
شەو بمانخاتە درەنگ
**********

منیش لە قینا پەست بووم
هەر ئەوەتە تەق ناکەم
بەڕاستی حەز لە ڕستەی
نالەبار و ڕەق ناکەم
**********

بەهەر جۆرێک بوو دەنگی
ئێمە و " مانەوە " سەرکەوت
وا دیم دوو برادەری " ١ "
کاتی قوتابیم دەرکەوت
دوای دەست گوشین و هەواڵ
لە سیانەوە بووینە چوار
شۆڕ بووینەوە بەرەو باخ
هێمن هێمن بەرەوخوار
**********

هەرچەند .. دڵیشم نەهات
خۆشەویست جێ بهێڵم
بەڵام چی بکەم .. دووچاری

وەخت و ناوەختی وێڵم
**********

بەناو دارستانەکەی
تەوێڵەی .. کوردستان دا
لەتەک قەڵبەزە و تاڤگەی
هەڵاتوو .. لە کوێستاندا
ئەوەندە ڕۆشتین .. تا
ئەژنۆ شل و ماندوو بوو
هەر کۆتایی نەدەهات
پەڵە گوێز و پەڵە توو
**********

نازانم بە چ جۆرێک ؟
بینەخشێنم لەکوێوە ؟
وێنەی ئەم دیمەنانە
بخەمە ناو چوارچێوە !
**********

چی بڵێم هێشتا کەمە ..
ناگەمە مەبەست ویستن
دڵێکیشی دەوێت شاد
دوور لە وشەی خەم بیستن
من هۆشم وا لە گۆمی
مەنگی شینی خەیاڵ
وەک ماسی گیرۆدەی ژار
دەروون پڕ لە سکاڵا
**********

هەندێک جار کاسم دەکات
لەناو گێژاوی خەمدا
جوانیی ئەم دیمەنانەم

ون دەکەن لەبەر دەمدا
**********

لێشم دەپرسن دەڵێن ..
بۆ .. خەمبار و دڵتەنگی ؟
بیر لەچی دەکەیتەوە
ئاوا مەنگ و بێدەنگی ؟
کێ لە دڵی کێدایە ؟
ناخی من کێ دەیگاتێ
من و لێکدانەوە و خەم
لێک دانابڕێین کاتێ
**********

هۆنینەوەش دەروون و
دڵێکی ئاوای دەوێت
کە پەستیی بە هیچ جۆرێک ..
توخنی گیانی نەکەوێت
**********

گازینۆی کەناری ڕێ ی
ژوور شانی کەڵەکە بەرد
بێشکەی ئارامگایە .. بۆ
دڵی گریاو ، ئاهی سەرد
بوو بە نزیک ئێوارە
بووکی باخچەی شۆخ و شەنگ
بەرگی گوڵڕەنگی بەری
داپۆشی بە تارای مەنگ
**********

هەر ئافرەتی نازدار بوون
بوخچەیەک بە کۆڵەوە
دەستی مناڵ ، ئەڵقەی مل

بەرەو ماڵ ، لە دۆڵەوە
**********

مەچەک بە " بازن " ە وە
سەرسنگ بە لەرزانەوە
ڕەوت و تەشی ڕستنی
لارێی دەلەرزانەوە
**********

ئەی کەنیشکە جوانەکەی ..
لانەی سەرنج و نیگا
داخۆ کێ ئێستا دڵی ..
بۆت لێدەدات ، پێت بگا
**********

سوێندت ئەدەم توو جوانیت
تووبی ئەو چاوە ڕەشە
دڵی یار نەرەنجێنیت
حەیفە بەهەشت بێ گەشە
**********

سەرکەوتینەوە ورد ورد
بەرەو ناودێ و ئاوایی
بە " بەهەشت " مان سپارد
یادێک و ماڵ ئاوایی
منیش چوومەوە بەرەو ..
ماڵەوەی هەواری ، نوێ
ئارامگای حەسانەوە و ..
شەو مانەوە و خانەخوێ
**********

بانیژەی هەواری نوێ
نیگای باخچە و گوڵزارە

وچانێک دانیشتنی
دەفتەرێک .. یادگارە
**********

لە بانیژەی ڕوو لە باخ
بۆ هەر لایەک دەڕوانی
لە چاوگەی سروشتەوە
هەڵدەقوڵێت بەس ، جوانیی
نیگاری کردگاری
سروشتی شیرین جوانە
ئارایشتی بەهاری
پۆشتەی نازەنین جوانە
**********

ئاوی سپی ، شیو ، لەناو
ملی سەوزەگیا جوانە
خانووی لەسەر یەک هەتا
سەرسنگی چیا جوانە
**********

شنە و سروەی فێنکی
ئەم ئێوارەیە خۆشە
زاخاوی خەندە بۆ ئەم ..
دڵ ئاوارەیە خۆشە
دانیشتن و فڕینی ..
نیگا .. بۆ سامان خۆشە
یادگار و خۆزگەی دڵ
ئاواتی خەیاڵ خۆشە
**********

ڕاز و سکاڵای دڵی
زامدار بۆ شەماڵ خۆشە

بگره ، ڕشتنی ئەشکی
چاوی بە خوێن ئاڵ خۆشە
**********
لەگەڵ ئەو خۆشەویستەی
دل خۆزگەی بۆ دەخوازێت
نەک بەهەشت ، دۆزەخیش بێت
وەختم پێوەی دەنازێت
**********
بەڵام داخەکەم ئەمە ...
دوا ئێوارەی گەشیمە
لە سبەینێ بەولاوە
هۆی مەستی و سەرخۆشیمە
**********
شەو هات بزەی بووکی شار
تەزووی خستە گیانەوە
ملوانکە و گەردانەی زێڕ
باخەڵی .. ڕازانەوە
**********
کارەبای ناز باوەشی
گرتەوە بۆ ئەستێرە
کەوتنە نیگا ناردن
ئەو لە ئاسمان ئەم لێرە
پرشنگی هەردوو نیگاش
دەدەن لە چاوی هەستیم
شەپۆلێک دروست دەکەن
دەشڵەقێت گۆمی پەستیم
**********
"کۆرس " ی گەرمی گفت و گۆی

سارد کردەوە " درەنگی "
نوێن ڕاخرا بۆ خەوی ..
دنیای کپی و بێدەنگی
**********
" سیمفۆنی " خەیاڵ لەگەڵ ..
هاژەی " ئۆرکسترا " ی دۆڵ
بوون بە ئاوازی خەوو
دڵ لاوانەوەی " کڵۆڵ "
مەلەی خەو بینینی ناو
گۆمی خەوی شکستە
ئای چەند خۆشە بە مەرجێک
بەیانی نەڵێن هەستە
**********
لەو خەوە شیرینەدا
لێفەم لەسەر لابرا !
بەقوربانە .. لێم گەڕێ
با تێرخەو بم ، برا ، کابرا
**********
دەی هەستە دەرۆینەوە
خۆت کۆکەوە دەستو برد
دەک خوا بتانگرێ وەک ..
ئەم خەوەتان ، لە من کرد !
لەدوای ناشتا کردن و
خۆپێچانەوە هەستاین
ماوەیەکی کەم لەگەڵ ..
خۆشەویستا ڕاوەستاین
**********
پەری توخوا ئەوە تۆیت !

ئاخ ڕووم نایا و ناوێرم
باوەش بە گەردنتا کەم ..
ئەوسا بە خوات بسپێرم
**********

بەڵام بڵێم چی لەگەڵ
کردگار و سروشتا
نەیهێشت تاسەر دڵشاد بین
ڕووی لێکردین بە پشتا
**********

ئەوانەی کەوا دوێنێ
لەگەڵیاندا هاتبووین
دوای ماڵ ئاوا لەوان و
لە ماڵ و شار ئاوا بووین
**********

ئەگەر بەدەست خۆم دەبوو
هەر نەدەگەڕامەوە
لە جیاتی شەوێک .. تا .. یار
لەوێ بێت ، دەمامەوە
*********

ئەوسا هەر بەستەی خۆش بوو
لە گیانی ئارامەوە
دەڕژایە دەر لە گەرووی
پڕ ئاوازی خامەوە
**********

بەڵام ئێستا هەر دەبێت
بۆ دووری خۆشەویستم
گوێ بۆ .. ئاوازی خەم و ..
پەستی ڕابگرێت ، هەستم

ئێستا لە شاربازێڕدا
بزەی ئەوم لێ وونە
یادگار و پەژارەم ..
دەریایەکی بێ بنە

" ١ " یەکێ لەو برادەرانە کاک عەلی محەمەد ئەمین هەورامی ، باقی هەورامی زاوایەتی.

# فرمێسکی نهێنی

چاپی یەکەم
ساڵی ١٩٦٩
چاپخانەی کامەران/ سلێمانی

## پێشکەشە

بە دایکی خۆشەویستم
کە یەکەم دڵسۆزمە و هاوبەشی ڕاستەقینەی پەستی و شادیمە ، زۆر جار
لەکاتی تەنگانەمدا .. لە هەموو کەسێک زیاتر بە تەنگمەوە بووە و
فرمێسکی بۆڕشتووم ..
بۆ /
فاتمە عوسمان ماوەتی لەگەڵ بەرزترین و جوانترین ڕێز و سەڵاومدا بۆی.
**جەمال شارباژێڕی**
١٩٦٨

# پەخشانێک

خاوەنی ئەو هەستە ناسکانەی ئاوازی خەمگینی ی .. دەنگی تاڵی
کەمانی دەروونی پەستیانە
یان هەناسەی شمشاڵی گەرووی سینەی هەڵکڕووزاویانە ..
وەکو چاوی ئەو گوڵانە وان کە شەونمی فرمێسکیان لە تاریکە شەو ی
مەینەتیدا بە نهێنی دەڕێژن .

# چوارین

– ١ –

هەرچەندە بە دیمەن کەمێک ڕووگەشم
توخوا ئەگەر گوێ لە دڵم نەگری
مەڕوانە زەردەی خەندەی ڕووکەشم
چاوی دەروونم بێ وچان دەگری

– ٢ –

گوڵی گەشاوەی باخچەی دڵداری
لەسەر لێوی بوو پەپولەی هەستم
شیلەی هۆنراوەی دەکرد بە دیاری
بۆ ئەو نازدارەی خۆشی دەویستم

# گیان

گیان تا بڵێ یت .. زۆر  شیرینە
یاری خۆشەویستی ژینە
دەسگیرانی گشت کاتێکە ..
لانەی هەموو ئاواتێکە
هێزی هەستەکانی لەشە
تاسە و گەشەی لە باوەشە
قوڵپی هەموو سۆز و کوڵێ
لە گیانەوە هەڵ دەقوڵێ
**********
بەڵام گیانە .. با ڕوون بێت لێت
داوای بکەیت .. دەیبەخشم پێت
پێشکەشت بێت ..
ئەگەر هات و ڕازی نەبووم
دەبێت مانای خۆشەویستیم نەزانیبێت

# کەس .. !

کەس وەکوو من خۆشەویستی
لە دڵا جێگیر نەبوو
پەیکەری دڵداری لانەی ..
گیان و هۆش و بیر نەبوو
**********

بەوەفابووم .. گیانی شیرینم لە ڕێ یدا دادەنا
بۆیە زۆر منیان بە وێڵ و شێت و شەیدا دادەنا
**********

گەر دەپرسیت چۆنە هەستم ..
من هەتا ئێستەش دەڵێم
بلبلێکم هەر بە یادی ..
گوڵ دەژیم بەستەش دەڵێم

# بۆ .. تۆ

خۆشم دەوێیت ، ئەی خوای بەهرەی خۆشەویستن
گیانە ، زیاتر لە داوا پلەی پەرستن ..
بەجۆرێک تۆ کارت کردۆتە هەستم
نەگوترابێ و نە بیسرابێ بە بیستن
**********

خۆشەویستیی ، بۆ خولقاندم ئەو چاوە
قوڵپی مەستیی ، سەرخست وەکوو سەرچاوە
بۆیە ساتێک .. دوور بیت ئەوەندە پەستم
هەناسەکەم .. هەڵمی دڵی قرچاوە
**********

ئەی قژ زەردە ، دڵ بێ گەردە ، جوانەکەم
خۆشم دەوێیت ، زیاد لە گیانم ، گیانەکەم

# گیانە ..

گیانە باخچەی ئەم تەمەنە
بە سروەی خۆشەویستیی تۆ
دێتە گەشە و زەردەخەنە
ئەگینا زۆر بێ ڕەنگە و بۆ
**********

کام دڵ ، بەکام ژیان خۆش کەم ؟
ئەگەر گوڵەکانیان چنیم
چۆن یادی تۆ فەرامۆش کەم ؟
چۆن ژینێکە .. ئەگەر بژیم
**********

ئەی من چۆن واز لە تۆ بێنم ..
تا ژین وازم لێ نەهێنێت
ئایا بەهار بپروێنم .. !
بەو پەنجانەی خەزان دێنێت ؟ !

# خۆشەویستیم ..

خۆشەویستیم باخچەیەکە
گوڵەکانی قەت ناژاکێ
سەرچاوەی ڕوون ، ئاودێرێتی
بۆی لێڵ نابێت ، هیچ ناپاکێ
**********

منیش تاسەر بە سۆزەوە
هوزارێکی جوان پەرستیم
هەر ئاوازە و دەیڵێمەوە ..
بۆ گوڵزاری خۆشەویستیم

# دەنگ

گەرووی پڕ سۆز و ناڵەکەت
مۆسیقایە و دڵ دەدوێنێت
دەنگە نەرمە زوڵاڵەکەت ..
چاوی شادیم ، هەڵدەهێنێت
**********

کە هەناسە ، شەماڵەکەت
بە ئەسپایی .. دەیجوڵێنێت ..
پەڕەی لێوی .. گوڵاڵەکەت
هەرچی پەستیمە .. نامێنێت
**********

لەگەڵ چریکەی ئای ئایا
بیر و هەست و دەروون دەگری
بۆم جیا نابێتەوە .. ئایا
گیان پێ دەکەنێ ، یان دەگری ؟ !
بەڵام مەلی .. هۆنینەوەم
بە سۆزەوە ، بۆت دەخوێنێت
ئەستێرەی لێو خەنینەوەم
لەدەم ئاسۆم .. دەجریوێنێت

١٩٦٤

# هۆنراوەی کورت

لە ڕێتام گیانەکەم خۆت لامەدە بڕوانە ئاخۆ کێم ؟
بریندارێکی دڵسۆزی دڵی تۆم ، زۆر لەسەرخۆ ، دێم
ئەوا هاتووم دڵی ناکام نەڕەنجێنیت ، بەرەو مردن
لە من سەدجار پەشیمانی ، لەتۆش بەخشین و لێ بوردن

# تۆ بڵێێ !

تۆ بڵێی ، گەردوون هەر
وا هەور و هەڵا بێت
نەمامی هیوامان ..
بێ چرۆ و بێ گەڵا بێت
**********

تۆ بڵێی کزە بای
زستان بشکێتەوە
ڕەهێڵەی ڕێی ژیان
" تاو " ی خۆش بێتەوە
**********

تۆ بڵێی شەو تارای
ڕەشی خەم دادڕێت
لە ئاسۆ .. کەژاوەی
شەبەق سەر هەڵبڕێت
**********

خۆر تیشکی زێڕینی
وڵاتم نەخش کات
شەماڵیش بە شنەی ..
ئارام ، دڵ پەخش کات
**********

ئەو ڕۆژەی ئاواتی ..
بەهرەی گشتیمانە
سەیران و ئاهەنگ و
بەهار و .. ژیانە
**********
شیرینی گەیشتن
بەیەکتر بنۆشین
بەرگی بەختیاری و
دڵشادی بپۆشین
**********
ئەی گوڵی کە بۆ دڵ ...
ئاوات و ئومێدی ..
تۆ بڵێی مەبەست و
خەوبینین بێتە دی !
**********
تۆ بڵێی نەوبەهار
ڕووکەینە ئەو دەشتە
پێکەوە بە شادی ..
ئەی شێوە فریشتە !
**********
بە بەرگی ڕەنگینی ..
ئاڵ و واڵای نوێ وە
سەربەست و خۆشەویست
ورد بڕۆین بەڕێ وە
**********
بۆ سەر کانی و ئاوی
ئارامگای سەیرانمان
بۆ یەکتر ، وەیسێنین

گۆرانی .. ژیانمان
**********

چیمەن و سەوزەگیا
ببێتە .. دۆشەکمان
چەند خۆشە لەسەری
دانیشین هەردوکمان
**********

تریقەی پێکەنین ..
تێکەڵی شەماڵ بێت
تەمی دڵ ئاسمانی ..
بەڕووی تۆ ساماڵ بێت
**********

لەوێشدا کە هەڵساین
بچینە .. لالەزار
دەست لەناو دەستی یەک
دڵشاد و بەختیار
**********

لە گوڵزار لەکاتی
گوڵ چەپکە کردن دا
بە بژار دڕکی خەم
هەڵکەنین لەبن دا
**********

کەمانچەم ئاواز بێ و
تۆش بەستەم بۆ بڵێی !
بەستەی ئەم هەڵبەستەم ..
ئەی پەری تۆ بڵێ ی !
**********

تۆ بڵێی دوا ڕەنجی ..

ڕۆژانی ژان چێشتوو
تێر بخۆین لە میوەی ..
هیوای پێگەیشتوو ؟!

١٩٦٣/٢/١

# تەمەن

تەمەن کاتە و دێت و دەڕوا
ئەمڕۆ ناگەڕێتەوە .. دوێ
سبەینێش دێت بەدوای ئەوا
لە بەسەرچووی ئەمڕۆ ئەدوێ
**********
کەوابێتە .. گیانی شیرین
با لەم کاتانەی تیا دەژین
جێگای خەفەت نەکەینەوە
هەرگیز لای لێ نەکەینەوە
بەستەمان هەر لەسەر زار بێت
ژیان لامان لالەزار بێت
ئەو لێوانەش سەر لێوم خەی ..
مژینێک و هەزار ئۆخەی

## بەستەیەک

زۆر لە شەوبۆ
شۆخ تری تۆ
ئەی ئەو خۆشەویستەی تازە
لە دڵما بووی بە ئاوازە
**********

زیاد لەگەڵ کەمان
شنەی بۆ گیان
نیگارت حەزە و ئارەزوو
دەرەنگم لێ دەکات بە زوو
**********

کاتێک نیگات
بە ڕووم دەگات
هەر وەکوو ئەستێرە گەشە
دەگەشێمەوە بە گەشە
**********

بەهاری نوێ
من تۆم دەوێ
زستان کرێوەیە و تووشی
هەرگیز .. نەمکەیتەوە تووشی ..
**********

زۆر لە پەری
شیرین تری
زۆر حەز دەکەم لەگەڵتا بم
لە دڵما بیت ، لە دڵتا بم
**********

گەر لە ئاستی
بەڵێن ڕاستیی
تۆش هاوخواستی
ئەوا تاسەر
لەڕێتایە ، گیان ، سامان ، سەر
**********

لە هەستمدا
هەڵبەستمدا
دەتنەخشێنم .. وەکوو گەوهەر
تا هەتایە بمێنیت .. هەر

١٩٦٦

# لە " کارت " ێکدا

لەگەڵ گەشانەوەی گوڵ دا
یاری من دەمی کردەوە
تۆوی گوڵی چاند لە دڵدا
خۆشەویستیی نوێ کردەوە
**********

گیانە دڵم وەکوو هەستم
لێت دەکات جەژنە پیرۆزە
کارتی مژدەت ، دایە دەستم
دڵ خۆشتر بووم بەم نەورۆزە
**********

وشەکانت هەمووی گوڵ بوون
پیتەکانی پەڕەی دڵ بوون
دامنان لەناو دڵ و هەستا
گیانە " گوڵدان " ی تۆم ئێستا

# وەرە ..

خۆشەویستەکەم
نیگای هەستەکەم
دڵ پڕ لە تاسەم
وەکوو هەناسەم
توخوا گەلێک بۆت کڕووزامەوە
دەست نێ .. بە خەم و سزا و زامەوە
گوڵاوی چپەت بەهۆی نامەوە
بپرژێنە ناو گوێی ئارامەوە
وەرە لامەوە
بە وەڵامەوە
خەم ڕەوێنم بە
هەست بزوێنم بە
پەیمانم بەرێ و پەیمانت بەمێ
پەیمانی ژین تا نەمانت بەمێ
ها دڵت بەمێ ، ها گیانت بەمێ
دیوانێک شیعری زۆر جوانت بەمێ

# خەیاڵێک

چەند خۆش دەبوو .. بە دڵداری
لانەیەکی بەختیاری ..
پێک بهێنن پڕ لە گەشە
وەکوو گوڵاڵە و وەنەوشە
دەست لە گەردن ، هەتا مردن
بەبێ یەکتر زویر کردن
خەندەی منداڵی ڕوومەت ئاڵ
لە ڕوومان دات وەکوو شەماڵ
بەساقە ، بۆ دووانی بێت
شیر ، دەرمانی گریانی بێت
دەم بۆ جێ دەمی یەک ببەین
یەک لەسەر یەک ماچی بکەین
من ئەم لایە و تۆش ئەو لایەی
من ڕاژاندن تۆش لایلایەی
کاتێک ، کە نوست ئنجا نۆبەی
شادی و گەمەی پڕ لە ئۆخەی ..
ئای چەند خۆشە .. ئەی فریشتە
گەیشتنە ئەو بەهەشتە
سروەی هەناسەتم بۆ بێت

هەر خونچەیە و بۆت دەپشکوێت
تیشکی نیگاتم بەرکەوێت
گیانە ئیتر من چیم دەوێت
هەر ئاوازە و بەستەی شیرین
وەکوو پەپوولەی باڵ نەخشین
بە ئاهەنگەوە باڵ دەگرێت
ئاسۆی باخچەی شادی دەگرێت
کامەرانیش لێو دەهێنێت
زیاتر هەستم دەبزوێنێت
ماچ دەکات ئەم ڕۆژ و شەوە
شیرین .. چی خۆشترە .. لەوە ؟

# شەوێکی مەستیی

تاقانەکەی .. خۆشەویستم
ئەمشەو هەتا بڵێیت ، مەستم
دەزانیت بۆچی خۆم مەست کرد ؟
کارم لەسەر هۆش و هەست کرد ؟
تا لێکدانەوەی دووری تۆ
ماوەیەک دواکەوێت لە گۆ
بەڵام نەمزانی کەزیاتر
دەروون پڕ دەبێت لە ئاگر
ئای چیم بەدەستی ئەنقەست کرد
خۆم دڵەکەم زیاتر پەست کرد
وروژان لێم .. یادگاری
چەند ساڵێکیش پێش دڵداری
هەناسەی هەڵکڕووزاوم
دڵۆپە فرمێسکی چاوم
تێکەڵاوی ناو هەڵبەست کرد
زۆر درۆیە شادی دەستکرد !

# فرمێسکی نهێنی

ئەی جگەری زامداری من
کەی چ وەختێک
سارێژ دەبی و ڕێی دڵشادیم
دەدەی نەختێک ؟
**********

ئەی دڵە پڕ لە خورپەکەی
گیان و ئەندام
کەی دەبەخشیت بە ژیانم ..
کەمێک .. ئارام ؟
**********

ئەی دوو لێوی کروژراوی ..
دانی ئۆفم
تاکەی وشەی باڵ هەڵوەریو
هەڵگلۆفم ؟
ئەی گەرووی گیان کەمانچەکەی ..
خۆشەویستیی
بۆچ .. ئاواز و بەستەی خۆشیم
لێ نەبیستی ؟
**********

ئەی ئەو هەستەی بە بیستنی

ئازار فێریت
کەی دوو چپەی ناسک و نوێم
بۆ دەنێریت ؟
**********

ئەی دەروونە خەمگینەکەم
کەی شنەیەک
بەلاتا دێت بۆ ماوەی چەند ..
هەناسەیەک ؟
**********

تۆش ئەی چاوی ئێشک گری ..
بێداری شەو ..
کەی پێڵووی ناز سەریەک دەنێیت
بۆ تۆزێک خەو ؟
ئەی فریشتەی پڕ لە ئۆخەی
کەی نۆبەمە ؟
- بۆ چەند ماچێک لەو گەردن و ..
.. کوڵم و دەمە ؟
ئەی مێخەکی باخی هیوا
کەی گیان لەخۆت ..
مارە دەکەیت
تا تێرم کەیت
لە ڕەنگ و بۆت ؟
**********

ئەی هەناسەی بەستراو .. بە
.. ناسۆرەوە
دەی ڕاوەستە و ئەوەندە پیش
مەخۆرەوە

١٩٦٨

## کەمانچەی خەمگین ..

گەڵای داری ..
بەختیاری
بە یەکجاری
بە خەزانی خەفەت وەری
بە ئازاری ..
گیان بێزاری
پڕ لە زاری ی
شێوا یاد و بیرەوەری ..
گەردەلوولی کوێرەوەری
ڕایماڵی بۆدەشت ودەری .. دەردەسەری
**********

دەمێک دنیای شادی و مەستیم
گوڵزارێک بوو
مەلی گیانی خۆشەویستیم
هوزارێک بوو
دەیخوێند بە سۆز و ئارەزووی ..
لەسەر چڵی درەختی ژین
گیانی پڕ دەکرد لە تەزووی ..
شیرین ، شیرین
**********

دڵ هۆگری ئەو جوانەی بوو
کە ئارامگا و هێلانەی بوو
کە هەمیشە لەسەر دەستی
سەرلەوحە بوو بۆ هەڵبەستی
پەرستگای سوێند و نوێژی بوو
گۆرانی شەو و ڕۆژی بوو
**********

بەڵام هەمووی بەهارێک بوو
پاییز هێرشی بۆ هێنام
هەوری ڕەشی خەم هارێک بوو
نەیهێشت دڵم بگرێت ئارام
**********

ئیتر دەبێت کەمانچەکەم
لەگەڵ ڕۆژ و شەو دا لێ دەم
کام ئاوازە زۆر خەمگینە
ئەوە لەلای من شیرینە
منیش بەستەی بێ ئارامی
لەگەڵ دەڵێم .. بە ناکامی
ئەی کەمانچەکەم ئاوازێ ..
لەگەڵ دەروونم بسازێ

١٩٦٢

# تەمەنێک

کاتێک زەرگەتەی ماتەمی ..
نیشتەوانێ ..
بەسەر گوڵی ئاڵی دەمی
نەوجەوانێ
ئەو شیلە و ڕەنگ و بۆیەی بووی
هەڵی مژی
تەمەن و یاد و ئارەزووی نەهێشت بژی
**********
زەرد هەڵگەڕا .. لێوی لاوی ی
بوو بە فرمێسکی خوێناوی ..
تاڤگەی چاوی ..
یاری جگەر هەڵقرچاوی
ئەی ژەهری شووم ، تاڵی بێ فەڕ
بۆچ خۆت گەیاندە لێوی تەڕ ؟
**********
کە ئەو سوورە گوڵە وەری
مەلی دڵی ئازیز تەری
ئەوەی کەوا بوو بێ بەری
ڕێی کەساسی کەوتە بەری

که بەرهەمی خۆشەویستی ی
شکان ، لق و گەڵا و بەری
ئەو خۆزگانەی ، هیوای ویستی
بەرگی مەرگی کردە بەری
**********

ئەی ژەهری کۆسپی ڕێی ئاوات
ئای چەند گوڵی گەشی ـ ئاوا ـ ت
زوو هەڵوەراند
ئای چەند دڵت بە کارەسات
ئەنجام گەیاند
چەند پەپوولە و مەلی هیوات
لە ژین تەراند

١٩٦٧

## ـ نامێنێ ـ " ١ "

مژدەیان دامێ
کە ڕۆژانی خەم دەڕوا و نامێنێ
وەک خەم نامێنێ
خۆشیش وەکوو خەم هەروا نامێنێ
لە نەخشی چاکە و خراپە داد و هاوارت نەبێت
لەسەر لاپەڕەی ژیاندا ئەوەی بوو ، وا نامێنێ
خوای پەروەردگار
شمشێرێکی وا بەدەستەوەیە
ئەوەی نیشتەجێ ی ئێرە بێت ئەو لێی دەدا و نامێنێ
خۆ من ئەگەرچی لەبەرچاوی یار وەک خۆڵی ڕێگام
بەدکارەکەشم بەس نیە دەڕوا و بەدناو نامێنێ
دەمەوبەیانی مژدەیان دامێ زۆرم پێ خۆش بوو
کەس لە جیهان دا بەبێ جیاوازی پیر ، لاو نامێنێ
ئەڵێن گۆرانی و خوێندنی کۆڕی جەمشید ئەمە بوو :
لەو جامەم بەنێ بابیخۆمەوە کە تیا نامێنێ
دەوڵەمەند .. دڵی هەژارەکەی خۆت ڕاگرە چونکە
گەنج و زێڕەکەت تا سەر پرشنگی لە چاو نامێنێ
لەسەر بەرزایی گوومەزەی گەردوون بە زێڕ نوسراوە
بێجگە لە دۆستی بەخشندە و چاکە کام ناو نامێنێ
**********

ئەی چرا ماچی پەروانە بەهەل بزانە چونکە :
ئەم کارە بەس تا بەیانی دەوام دەکا و نامێنێ
تۆ هەر هۆگری یاری ئازیز بەو دڵی مەشکێنە
ئەی ـ حافظ ـ نەخشی سزا و ئەندێشە یەک تاو نامێنێ

" ١" لە فارسیەوە وەرگیراوە.

## بە شەماڵدا

شەماڵ کاتێک ڕێت
کەوتە وڵاتی لای خۆشەویستم
بۆنێک لە زولفی ..
عەنبەرینی ئەو بێنە بۆ هەستم
**********

سوێند بە گیانی ئەو
بە ستایشی ئەو بۆنەی لێی دێت
گیانم دەبەخشم
ئەگەر پەیامێک لە یارەوە بێت
**********

خۆ منی هەژار
هەرچەندە بۆ ئەو بەکام و هیوام
هەی هاوار .. مەگەر ..
لە خەودا خەیاڵ بیهێنێ بۆلام
**********

هەرچەندە کە یار
نامکڕێت بە هیچ .. بەڵام ئامادەم
تاڵێک مووی سەری
بەهەموو جیهان سەرتاپا .. نادەم
**********

جەستەی پەک کەوتەم ..
وەک بی دەلەرزێ و چەماوەتەوە
سەری بۆ بالای ..
سنەوبەرینی ئەو ناوەتەوە
**********

چی دەبێت ئەگەر
دڵی لە خەفەت ڕزگار بێت ئیتر
کێ ؟ ـ حافظ ـ .. چونکە ..
ملکەچ و کۆیلەی یارە و کەسی تر ،

---

لە فارسیەوە وەرگیراوە.

# بۆ ؟

ئەی خاوەنی گوڵی ئاڵ
بۆچی زامی ژینی تاڵ ..
سارێژ نەبێت ، چیت دەوێت ؟
بۆچی ئەستێرەی خەیاڵ
هەوری نەبێت بە ساماڵ
بزە و گەشەی پێ کەوێت
**********

بۆچی دڵی بەسەزمان
حەزدەکەی ، ڕەنجەڕۆ کەیت
ئاهی گەرمی سینەمان
بۆ بە گژ خۆتا دەکەیت

"گۆرانی "

# تیشکی ئەو چاوە

بۆ خۆزگە و تاسەی دەروونی تینووم
قومی کانیاوە
حەسانەوەیە بۆ گیانی ماندووم
تیشکی ئەو چاوە
***********
سەرچاوەی خۆشی و ئارامی ژینە
هۆی سارێژبوونی زام و برینە
وێنەی خۆری ناو چەمی زیوینە
تاڤگە و قەڵبەزەی بە پێکەنینە
تیشکی ئەو چاوە
هێز و هەناوە
***********
عەتری نەرگس و لالە و نەسرینە
ئەستێرەی بەختی سامالّی شینە
زەردەی دەم کەلی ئاسۆی ڕەنگینە
سازی ئاوازی بەستەی شیرینە
تیشکی ئەو چاوە
بۆ من هەتاوە
***********
پەرستگای جوانی و دڵ پەرستیمە

بزه و ڕوناکی خەم و پەستیمە
شەرابی شادی خەوی مەستیمە
سروەی فێنکی خۆشەویستیمە
تیشکی ئەو چاوە
لە دڵمی داوە
***********

بۆیە نیگام هەر .. وێڵە بۆ نیگای
تیشکی ئەو چاوە
ئایا ، گیانەکەم ، لە من بە ئاگای ؟
گشت گیانم چاوە !!

١٩٦٢

# هانۆ

من ئەو گوڵەم
کە شەماڵی خۆشەویستی
لەناو باخی ناخی  هەستا
دەمبزوێنێت ،
ئەو هانۆیەم ..
کە دایکێتی .. سۆز و هەستی
وەک پەپوولەی لێوی شادیم
بۆ دەهێنێت
**********

وەک چۆلەکە
لەسەر چڵی درەختی ژین
باڵەفڕە و شنە شن و
جریوەمە
هێشتا ساوام
ئەشکەنجە و خەم نازانم چین
هەر تریفە و زەردەخەنەم  ..
لەسەر دەمە
**********

بەختیارم

شادمانم کە سەربەستم
خۆشەویستی باوەشیم بۆ دەکاتەوە
بیرم سپی
وەکوو گیان و هەست و نەستم
دڵم لانەی ڕق و کینە ناکاتەوە
**********

بابە و دایە
ئێوە چەند بۆم خەم ڕەوێنن
منیش وەکوو فریشتەی ناز
هۆگرتانم
هیوادارم تاسەر بۆ من ..
هەر بمێنن
هانۆتانم ، جگەرگۆشەی
جگەرتانم

١٩٦٨

---

هانۆ : برازای کاوسی برادەر .

# ـ یادگارێک ـ

هەتا تۆم لەگەڵدا بوو
شادیم لەناو دڵدا بوو
**********

تا دەست و پەنجەکانت
لەناو پەنجە و دەستا بوو
گوڵاڵەی بەختیاریم
لەناو باخی هەستا بوو
چەند بە گەشە و نازەوە
دەچووینە پیشانگاوە
چەند کەوتینە بەر تیشکی ..
جوانی و تیشکی .. نیگاوە
هەروەکوو کەوتبینە ..
جیهانێکی .. تازەوە
ژین بۆمان پێ دەکەنی
بە سۆز و ئاوازەوە
**********

دەروونم وەکوو چاوت
ڕۆشن و پرشنگ دار بوو
پووشی زەردی پایزم

لالەزاری بەهار بوو
تریفەی سپی گۆنات
پرشنگی ڕووناکیم بوو
وشەی ناسکی لێوت
خۆراکی بێ باکیم بوو
تا لەگەڵتا دەگەڕام
وام دەزانی ئەم گەشتە
پێشێل کردنی باخ و
ناو چیمەنی بەهەشتە
گیانە شیرینەکەی من
هەتا لەگەڵ تۆدا بووم
وام دەزانی شەو لەتەک
بووکی ئارامدا دەنووم
**********

بەڵام کاتێک جێت هێشتم
ناسۆریت زۆر پێ چێشتم
لە فرمێسکی نهێنی ..
چاوی بیری سروشتم
چەند دڵۆپێکی وشکی ..
نادیارت پێ ڕشتم
بە هیچ دۆست و جوانییەک
دڵم نەدەکرایەوە ..
وەرامی هیچ پرسیارێک
بۆم نەدەبینرایەوە
**********

هەستم کرد لەم بەغدایە
گەورە و ئاوەدانەدا
تەنیا و لە چۆڵەوانیم

لەم جیهانە بەرینەی
پڕ گەشەی ژیانەدا
منی خەمگینی تیا نیم

١٩٦٨

# ـ خۆشەویستیی ـ

بەهاری نوێی
پایزی ساڵی تەمەنم
خۆشم دەوێی
وەکوو دڵ و گیان و تەنم
وەکوو ئەستێرە بۆ ساماڵ
وەکوو سەوزەگیا بۆ شەماڵ
وەک پەپوولە بۆ گوڵی ئاڵ
وەک هەستیار بۆ بیر و خەیاڵ
زیاد لە وشەی خۆشەویستیی
کە لە هەڵبەستا دەیبیستی
هەتا بڵێی
خۆشم دەوێی

**********

زیاد لە دایک و خوشک و برات
لەوانەی وان لەبەر نیگات
زیاد لە نوێنە
کە بە شەوگار تیا دەخەویت
لەو ئاوێنە

باڵا نوێنە
کە لەناویا دەردەکەویت
لەبەیاندا
لەکاتی سەرداهێناندا
لە خۆم زیاتر
لە خۆت زیاتر
لە وشە و گفت و گۆت زیاتر
کە وا دەیڵێ یت
خۆشم دەوێ یت
**********

خۆشەویستیم لەگەڵتایە
وەک ئەو خوێنەی لە دڵتایە
وەک ئەو پێستەی دای پۆشیویت
وەک ئەو لێوەی دەیبزێویت
وەک ئەو زەردەخەنە جوانە
کە لێوانی .. سەرلێوانە
زیاد لەمانە ، لەوەش زیاتر
لە کوڵمی سوور و گەش زیاتر
لە گەردنی سپیکەلە ..
لە ئەبرۆ و چاوی ڕەش زیاتر
وەک ئەو زمانەی پێی دەدوێ یت
خۆشم دەوێ یت
**********

نازانم چۆن
دەروونمت پیشان بدەم
خۆشەویستیمت بۆ دەرخەم
چ کامێرایەک بهێنم
وێنەکانی پێ دەرهێنم ..

لەو شوێنانەی هێلانەی تۆن
نازانم چۆن ؟
بۆ ئەم نیازە
کام ئەندازە
هەیە بتوانێت سنووری
بێ سنووری ، گەلێک دووری
بە پێوانە
بکات بە نوختەی نیشانە ؟
**********
چ شایانێک
هەیە .. بیهێنم سەنگی کات ؟
تا بزانێت ..
چەند سەنگینە بێ دەنگی کات
**********
بچم بەلای کام زاناوە
کام داناوە ؟
کام هونەرمەند ..
تاکوو بەگشت تواناوە
بە لێکدانەوەی ، ماناوە
بزانن چەند
خۆشم دەوێی
ڕێ بەرن پێی
**********
دڵ و گیانم
خۆشەویستەکەی ژیانم
بە هەموو مانای وشەوە
خۆشم دەوێی
چرا چەند پێویستی " شەو " ە

ئاوام دەوێی
**********

زیاد لە بەستە
لەم هەڵبەستە
کە کۆرپەی ئازیزی هەستە
زیاد لە هەرچی شتێک هەیە
کە بەهرەیە
کە هەرە نوێ ی
ئەم دەمەیە
هەتا بڵێی ..
خۆشم ئەوێی
خۆشم ئەوێی
خۆشم ئەوێی

١٩٦٨

## ـ سکاڵای گوڵ ـ

من گوڵێکی گەشی باخی شادی بووم
لە بەهاری هەرزەکاری تەمەن دا
لە فریشتەی بەهەشتی هیوا دەچووم
لەناو فەرشی نەرمی سەوزی چیمەن دا

**********

کە شەو پەچەی لە ڕووی دادەگرتەوە
خۆر شەونمی بەسەر گۆناوە دەدیم
کاتێک سروە ، باوەشی دەگرتەوە
چەند بە تەڕی و بە کوڵ بۆی پێ دەکەنیم

**********

کاتێک کە هەنگ ، شیرینی لێ دەسەندم
ئای چەند ویزەی ئاوازیم لا شیرین بوو
کە پەپوولەش دەمدی ، ماچی دەکردم
ئای چەند جوان و خنجیلانە و نەخشین بوو
ئەوەم هەگیز هەر بە یاد دا نەدەهات
بزەی لێوم بە گەردی خەفەت کز بێت
گەردەلوولی نەهامەتی هەڵی کات

لە دیمەن و لە مانەوەم وەڕەز بێت

**********

وام دەزانی هەتاسەر هەر گوڵ دەبم
نائومێدی و ناسۆری و خەم نابینم
هەر ئارام و خەندە و گەشەی دڵ دەبم
سروشتی جوان دەستی ناخاتە ، بینم
**********

ئێستاش وشکە گیایەکی بێ ڕەنگ و بۆم
هەر بە ئاستەم لەسەر بنچێک وەستاوم
شکانەوەش ، بەستەی نەمان دەڵێت بۆم
تازە ئیتر کوا بەتەمای ژین ماوم
١٩٦٨/٢/٢٢

## - تەنیایی -

- ١ -

ئەی تەنیایی تا کەی ئاوا ؟
شەو تا بەیان .. تا خۆر ئاوا
بەسەر بەرم سات ، ڕۆژ ، مانگ ، ساڵ
بە داخ و ئاخ و خەمەوە !
هەر بە لێکدانەوە و خەیاڵ
ئەم شەوانە .. ڕۆژ کەمەوە !
**********

ئەی تەنیایی دەی مەمێنە
دەی بتۆرێ ، دەی مەدوێنە
دەی بمکەرە ، هاوڕێی ژیان
لەگەڵ یارێک نازدار و جوان
تا بە خەندە و پێکەنینی
ڕایدات خەم و ماتەمینی
بە ئارام و دڵنیایی
هیچ هەست نەکەم بە تەنیایی
**********

ئەی تەنیایی کەی مزگێنی
ئەڵقەی دوو پەنجەم بۆ دێنی ؟

تا جووت بین و دابنیشین
بە بزەی دڵ ، بە مەم گوشین
دەست لە مل و لێو لەسەر لێو
بە گاز گرتن لە گۆنای سێو
بە دەستبازی .. بە گۆرانی
چپەی ناو جێی کامەرانی
ئەی سەرەتای بێ کۆتایی
کەی لێم دەکەی ماڵ ئاوایی ؟

– ٢ –

ئاوەدانی خامۆش و مات
سەڵاو لە بێ کەسی دەکات
فەخفورێکان ، گەرد لێ نیشتوون
بێ پەنجەی ناز خەو لێکەوتوون
ژوور چاوەڕوان ، قەرەوێڵە
لەخۆم زیاتر تەنیا و وێڵە
خشڵەکانی لای زەڕەنگەر
بە ئاواتەوەن بێنەدەر
بابەتەکانی ناو کۆگا
یەکی جۆرێک سەما دەکا
مووبیلەی ئێسک سووک و جوان
ژووری نوستن ، ژووری میوان
تەوالێتی خنجیلانە
سیسەمی نەرمی خەولانە
وەرتە و مافوری ئێرانی
خەسوو دەخاتە گۆرانی !
ماڵ چاک دەڕازێنێتەوە
ئاخ کێ بیانهێنێتەوە !
چونکە چاوبزی بانقی چۆڵ ..

دەڵێت خەیاڵ نەکەی ، کلۆڵ !!
کەوابێتە ئەی تەنیایی
ڕۆژ و شەو باش تا کۆتایی !

# کامێرای بەیەک گەیشتن

لەم باخەدا هەردوو تەنیاین
هەردوو لە یەکتر دڵنیاین
کە خۆشەویستی یەکترین
خۆزگە و مەبەستی یەکترین
دڵسۆزی ڕاستی یەکترین
دڵشادی ئاستی یەکترین
ئای چەند شادین ، چەند سەربەستین
کە هەردوو دەست لەناو دەستین
بەستە وئاواز و هەڵبەستین
خوای دڵداری ، دەپەرستین
**********

پرچی درێژی هۆنراوە
دەمیان بۆ سەر سنگ هێناوە
وەکوو دوو دێڕی هۆنراوە
بە زێڕ لەسەر زیو نووسراوە
پەنجەم ئەوان دەپروێنێت
پێڵووش پەرچەم دادەهێنێت !
**********

خۆزگە لەم کاتەدا ئێستا

کات لە جێی خۆی ڕادەوەستا
زەوی نەدەسووڕایەوە
هەر بەو جۆرە دەمایەوە
خۆریش وەک خۆی لە شوێنی خۆی
هیچ نە دەبزوا و نەدەڕۆی ..
ئەوسا منیش ئەوەم دەویست
تێر تێر دەبووم لە خۆشەویست !
ئەی کاتژمێرەکەی .. دەستی
ئەی تۆ بۆچی ڕاناوەستی ؟!
**********

بەڵام خۆزگەی " لامارتین " یم '١ '
دەڵێت ئەوەی دەتەوێت ، نیم
هەموو کاتێک بەسەر دەچێ
لە گشت کۆڕی کوڕ و کچێ
کە دانیشتووی سای دڵدارین
برسی و تینووی بەختارین
**********

وا وەخت و کات
ئاخ داخەکەم کۆتایی هات
دوای دەست گوشین و ماڵ ئاوا
خۆشەویستیم لەلام دەڕوا
هەتا دانیشتنێکی تر
گیانەکەم خوات لەگەڵ ئیتر !
نامە و چاوەڕوانی و نیگا
زوو زوو بێت و بڕوا و بگا

١٩٦٨

" ١ " لامارتین : شاعیری ڕۆژئاوا .

# باخەوان !

ئەی باخەوان .. باخەکەت
گوڵێکی ئاڵی تیایە
هۆزارێکیش لەسەرچڵ
بۆ ئەو گوڵە شەیدایە
هوزار گەرمە دەروونی
بە ئاواز هۆنینەوە
گوڵیش بە بزەی لێو و
گەشە و پێکەنینەوە
دڵ و جەرگی ژیانیان ..
پڕ کردووە لە بەستە
خوای دڵداری لە ئاست .. ئەو
دوو خۆشەویستە ، مەستە
هوزار بەبێ ئەو گوڵە ..
مەحاڵە هەرگیز بژی
گوڵیش لەو زیاتر کەسی ..
ناوێت گەر بیشی کوژی ..
هەردوو نموونەی وەفا و
گیان پاکی و خۆشەویستین
دەڵێن پەیمان پەرستین

تا دوای ژیان دەیبەستین
هەزار تەوژمی ناحەز ..
پێ بنێت بە سەرماندا
هەستی خۆشەویستیمان ..
دەرناکات لەسەرماندا
**********

ئەی باخەوان باخەکەت
گوڵێکی گەشی تیایە
چقڵ دەڵێت بۆ هوزار
ئەو گوڵە ناڕەوایە
مەبەستی ئەو بە تەنها
بریندار بوونی دڵە
لەسەر هیچ و بێتاوان ..
هەڵوەراندنی .. گوڵە
ئەی باخەوان ، تۆ ژیر بە
بەواتەی چقڵ نەکەیت
دڕکی مەم و زین تیژە ..
بۆ ئەو دڵ لە دڵ نەکەیت
نەکەیت توخوا باخەوان
ئەو دوو دڵە هەژارە
بکەیت بە هاوڕێی خەم و ..
نائومێدی و پەژارە
**********

ئەی باخەوان ، ئەو گوڵەی
تاقانەی ناو گوڵزارە
گەش و بۆخۆش و ڕووخۆش
لە دڵدا شوێنی دیارە
هوزار باخ و گوڵزاری

چەند بەهاری پشکنی
زۆر گوڵ بۆی شەکایەوە و
بزەی لێوی بۆ چنی
بەڵام گوڵێکی نەدی
وەک ئەو گوڵەی باخی تۆ
بە بۆنی خۆشی ڕەوشت ..
دڵی بهێنێتە .. گۆ
چونکە با تارای " جوانی " ش
بۆ ڕووکەش ئارایشت بێت
بەچی دەچێت بێ بۆن و ..
بێ پاراوی ڕەوشت بێت
هوزار بۆیە بە هیوای
ئەو گوڵەوە دەخوێنێت
هەموو بەهرەیەکی .. تیا ..
وەک ئاوێنە دەنوێنێت !
دەسا توخوا باخەوان
ئەو دوو دڵە هەژارە
نەکەیت بە هاوڕێی خەم و
نائومێدی و پەژارە
ئاواتی ئەو دوو دڵە
بێنە دی .. بە دوو وشە
با ئەستێرە و سامان و
نەوبەهار بێنە ورشە
**********
بڵێ " ئەو گوڵە .. گەشە "
" لە منەوە پێشکەشە "
خوا چاکەت لە یاد ناکات
خۆزگەت بێ مراد ناکات

هوزاریش تا بمێنێت ..
بەو عەشقەوە دەخوێنێت

١٩٦٣

# بـەجـێ هێشتن !

گیانـە دەڕۆیت
من  بـەتـەنها جێ دەهێڵیت
هـەردەی گیـانم
بـە ئـاسنـی خـەم دەکێڵیت
پێکی تاڵـی ..
تـاسـەی دووریم پێ دەچێژیت
لـەنوێ شـەتڵـی ..
بێ ئـارامیم بۆ دەنێژیت
دەمکـەیت بـە هاوجووتـی ئـاخ و ئۆفـی جێگا
بـە هـەنـاسـە هـەڵکێشانـی .. چاو لـە ڕێگا
**********
گیـانـەکـەم تۆ ..
خوێنـی دڵـی ،گوڵـی دەسی
خوای هـەڵاڵـەی
خوای گوڵاڵـەی
خوای نـەرگسی
دڵم دەگری
توخوا چۆنـی ژێر کـەمـەوە ؟!
چۆن یان بـە چی ؟

من دڵخۆشی بدەمەوە ؟!
بەکام بینین
چاو زاخاوی بداتەوە ؟
بەکام بیستن
گوێی هەستم دەم بکاتەوە ؟!
چۆن بتوانێت ..
پەنجەم خامە کە هەڵگرێت !
تۆم لانەبێت
ئەوەی نووسیم لێم وەرگرێت !
چی بنووسم
وەک پەپوولە بۆت باڵ بگرێت
تاسەر پۆپەی
درەختی دڵداری بگرێت
تێکەڵاوی ..
ناو پرشنگ و بزەی چاو بێت
لەسەر لێوت
بشنێتەوەو پڕ گوڵاو بێت
***********
گیانە دەڕۆی ، توخوا دەڕۆی ، دڵە دەڕۆی
ئاخ ئیتر باخ ، بەسەر چوو خۆی ..
بێ ڕەنگ و بۆی
سا خوات لەگەڵ
گیانت لەگەڵ
جێم بهێڵە ..
هەردەی گیانم بە ئاسنی
خەم بکێڵە !

١٩٦٣/٥/٣١

## ـ ئاوازی بێ دەنگ ـ

ـ بۆ جوانێکی کەڕ و لاڵ ـ

ئەی کەمانە .. بەسۆزەکەی
بێ ئاوازە
شۆخە شیرینە ، قۆزەکەی
بێ ئەندازە
ئەی هێلانەی هەزاران ئاخ
گەروو پڕ لە وشەی خنکاو
شەونمی سەر گوڵی ناوباخ
عەتری خۆزگەی دڵی ژاکاو
**********

شیرین ، ئەم بەستە شیرینەی
بۆ تۆی دەڵێم ..
بریتیە لەو گرینەی ..
پێی دەکوڵێم ..
گیانە خۆزگە بتبیستایە
تا بیزانیت ، بەهرەی جوانیت
چۆن گیانمی لە مستایە
بە تاسەوە بۆی بڕوانیت

بەلام ئاخ ، داخ
فریشتەی کار کردوو لە ناخ
هەتا سۆزی ئاوازەکەم
بەستەی ناسکی .. ڕازەکەم
دەنگ هەڵبڕێت .. ئێجگار بەتین
گوێت لێ نیە ، تا بیبیستی
بەچی دەچێت ، جوانی شیرین
گۆرانی بۆ تۆ پەرستی
هەر ئەوەندە نەبێت ، دەفتەر
پڕ بکات لە فرمێسکی تەڕ
*********

قژ زەرد دەڕوانمە باڵات
هەر جۆرێک بێت ، بەرگ و کاڵات
دەتبینم ، هەروەک پەیکەرێ
دڵ خەریکە کڕنووش بەرێ
*********

بەڵێ لە پەیکەرێک دەچیت
چ بۆ جوانیی ، چ بێدەنگیی
هەرکاتێکیش دێیت و دەچیت
بەنازەوە بە قەشەنگی
دەڵێی فریشتەی ئاسمانیت
لە کۆشکی خەودا میوانیت !
*********

بەڵی یەکێک تۆ ببینێت
وادەزانێت خەو دەبینێت

باوەڕ ناکات لە سروشتا
جوانێک وەک تۆ دروست بووبێت
مەگەر پەری لە بەهەشتا
شێوەی نەختێک لەتۆ چووبێت
**********

باڵا بەرزی ، پێست پەمەیی
وا هۆش لە ئارامدا مەیی
دەڵێم ئەگەر تۆ بدوێنم
بەکام شێوە تێت گەێنم
یان چۆن گوێم لە وەرامێک بێت
وەک جوانیت چەشنە تامێک بێت
**********

شیرین ، بەستەی وردەکاریم
هۆنیمەوە ، وەک زەنگیانە ..
بۆ ملوانەی تۆیە دیاریم
ئایا ئاگارایت .. گیانە ؟!
گەر چاوەڕوانی وەرام بم
دەبێت ناکامی مەرام بم
چونکە خوای بیستن و وتن
تۆی دوورخستۆتەوە لەمن
ئاوازەیەکی .. بێ دەنگی
کە نازانم چۆنە ڕەنگی
بەس ئەوەندەی تۆم پێ گەیی
سۆزە و جوانییەو بەزەیی
شەو درەنگی ڕەشی خامۆش
ئەو جوانییەت دەمکاتە کۆش

دەستم پێ دەخاتە ژێر سەر
بۆ بیر ، خەیاڵ
هەنیسکی تەڕ دەکەمە سەر
هەناسەی کاڵ !
بۆ تۆ ، ئەی قژ زەردی چاوشین
ناکامی ..
تامی ..
کامی
ژین

١٩٦٢

# سڵ

برادەرە شیرینەکەم
نازانم .. بۆ
لێوی فریشتەکەی بەهرە دێرینەکەم
نایاتە گۆ ..
لە هیچ شوێنێ ، لە هیچ لایە
دەنگی نایە
نە هەڵبەستێ ، نە پەخشانێ
ئەو بیرەی وا .. لە هەستایە
بەلای دەفتەردا ناڕوانێ
***********

ئەو پێنووسەی لە دەستایە
دەیەوێت بدوێ و ناتوانێ
ئەو فرمێسکەی قەتیس ماوە
چاوەڕوانە .. بۆ گریانێ
تا بلەرزێ و بێتە خوارێ
لەناو چەند دێڕدا خۆی دانێ
***********

ئەوەی دەمەوێت ، بینووسم
پێم هەڵدەڕێژێت ، ئەفسوسم
***********

ناچار ئەوەی کەوا خواستە
دەبێت بڵێم .. خوانەخواستە
سپی ڕەشە و ، ڕەش سپی یە
ئەمیان خەڵوز
ئەویان ماستە !

١٩٦٨

# لەگەڵ گشتا

پێشکەشە بەو بەڕێزانەی "
دەربەستی سوودی گشتین "

توخوا برا شیرینەکەم
با تێر بۆ خۆم
لەهەر خوانەی ماتەمێکدا مشتێک بخۆم !
لەهەر فرمێسکێکی چاوی ..
جگەر بڕاو
دڵۆپێکی لێڵ و ئاڵی ..
بکەمە ناو !
لەهەر ئاخ و ناڵەیەکی
دابەزیودا ..
لەهەر خورپە و کسپەیەکی
لەش تەزیودا .. !
لە هەر دەنگێک کە دێت لە پێکانی
سنگ دا
لەهەر قژێک ، تاڵێک ڕناو لەناو
چنگ دا
لەهەر هەناسەیەکی ناو

سنگی گەرما
پڕ بە سینەم کۆکەمەوە
لە جگەرما ..
منیش ئەوسا وەرامێکم دەوێت لەتۆ
بۆ توخوا بۆ؟
خۆ دەست خەینە ناو خوێنی خۆ
کەی ئەم هەورە چڵکنەمان
دەتوێتەوە ؟
دەبا ئیتر ناسۆری و خەم
ببڕێتەوە و ببڕێتەوە

١٩٦٨/٦/٣٠

بۆ /

# - باوکی شیرین – " ١ "

باوکی شیرین ، هاوڕێ ی گیانی گیانی من
دوای تۆ گیرا
گەرووی کامەرانیی من
پسا تەلی ئاوازی کەمانی من
ژاکا گوڵی بەهاری ژیانی من
لەیاد ناچیت ..
تا ئەو کاتەی مردنم ..
دادەماڵێت کاڵای ژین لە گەردنم
**********

باوکی شیرین ، زۆر دەمێکە دەمەوێت
چەند دڵۆپە .. فرمێسکێکی خوێناوی
نیگای شیعری خەمگینم تیا دەرکەوێت
یادگاری ڕابووردوومان .. لەناوی
بەڵام چی بکەم
ڕووی ناکۆکی ڕۆژگار
ڕەش بێت وەکوو
پڕ تاوی بە تاڵدا کرد
ڕێی ڕووناکی
کرد بە شەوی بێ دیدار
کلی بەدەم ..
گەرووی دەنگ زوڵاڵدا کرد
**********

باوکی شیرین ..بۆیە شیعرت بۆ نالێم
تا ئاگری ناکۆکی زیاتر خۆشکەم ..
بەلام ئەگەر بێدەنگیش بم .. نەنالێنم
دەبێت وەفای دڵسۆزیت فەرامۆشکەم
**********

لەگەل " کلێپەی دەروون " و گیانت
دەگریم
لەسەر گۆڕی بێ ناونیشانت
دەگریم
بۆ " گوڵزار " ێک
بۆ خونچە و بۆ گوڵ دەگریم
بۆ ناکۆکی ..
ناوکۆمەڵ ، بەکوڵ دەگریم
بۆ هەردوو " لا " و
جوانەمەرگی لاو دەگریم
بۆ زۆر باوکی ..
ئاوات بەجێماو .. دەگریم
بۆ زۆر ساوای ..
بێکەس ، بێتاوان دەگریم
بۆ قژ ڕنا و
جگەر سووتاوان دەگریم
باوکی شیرین ، بۆ تۆ و بۆ هەموو
دەگریم
بۆ یەکیەتی .. داخەکەم ون بوو
دەگریم

---

" ١ " بەمانا – أبو شیرین -

# " بۆ باوکم "

هەڵبەست بۆ منداڵ

خۆشەویستەکەی ژینم
باخەوان و پەرژینم
سەڵاوی زۆر بەتینم
بۆ تۆ باوکی شیرینم
بابە کە چاو هەڵدێنم
لانەی بێ تۆ دەبینم
هەڵ دەقوڵێت .. گرینم
دەکولێتەوە .. برینم
ئیتر پەستی دام دەگرێت
مەلی بزەم باڵ دەگرێت
ئارام دەبێت بە گڕێ
دڵ و دەروونم دەگرێت
ژیانم دەبێت بە تەم
لێم دەنیشێت گەردی خەم
لە ڕووناکی بە ئاستەم
ترووسکە بەدی دەکەم
**********

یادگاری ڕۆژانم

دەی ورووژێنن ژانم
ئەو ڕۆژانەی بە خۆشی
شیرینیمان دەنۆشی
بەرگی شادیم دەپۆشی
خەم دەنیشتە ناو کۆشی ..
فریشتەی فەرامۆشیی
**********

بەهارم لالەزار بوو
پڕ لە گوڵ و گوڵزار بوو
بەختیاری خێزانی
پەستی هەر نەدەزانی
کە تریقەکەی " پرشنگ "
دەتکایە گوێ وەک ئاونگ
گیانی دەگەشانەوە
چاوی دەدرەوشانەوە
" شەوبۆ " ی دەپەخشانەوە
ماتەمی دەکشانەوە
گۆرانی بوو ، بەستە بوو
دەی پژاند هەست و گەروو
**********

لەپڕێکدا ڕۆژی شووم
شێواندی لانەی پێشووم
گۆڕی بە ئاخ و ناڵە
بەم ڕۆژگارە تاڵە
تۆی لێ دوورخستینەوە
ڕووناکی بەستینەوە
نەرگسی شادی چنین
دڕکی لەسەر هەڵچنین

بوو بە گریان ، پێکەنین
تاڵ کرا شەربەتی ، ژین
بەهاری کرد بە پایز
شادی دڵشکاوی زیز
جاران گۆرانی و بەستە
ئێستە خەم بادەی هەستە
**********

ئێستەش کە دووری و دوورم
بەڵام گەلێک ڕووسوورم
کە نەوەی تۆی دڵپاکم ..
جگەرسۆزێکی خاکم
ئەو ڕێگایەی لەسەریت
بۆ شادی گەل دەیگریت
ڕێی سەختی تێکۆشانە
پڕ لە هیوای ژیانە
بۆ ئاوات و بۆ نیازی
ژیانی سەرفرازی
لەگەڵ جگەر سۆزانی
سۆرانی و بادینانی " * "
بابە تۆش وەک ئەوانە
ئەو بیرەت لا میوانە
چەکی تۆڵەت لەشانە
ژیانت .. تێکۆشانە
مایەی شانازی منی
سۆزی ئاوازی منی
بەهرەی بەختیاریمە
ئەم نامەیەم ، دیاریمە
**********

خۆشەویستەکەم بابە
لە ئێمە دڵنیابە
گوڵی یادی هەمیشەی
بەهێزە ڕەگ و ڕیشەی
لەناو باخچەی خەیاڵدا
لەهەر چوار وەرزیساڵدا
هەمیشە گەش و ئاڵە
ئاسمانەکەی ساماڵە
بەڵێ بۆن خۆشە هەرگیز
یادت ئەی باوکی ئازیز
هیچ ئازارێک و ئێشێ
ئەو گوڵە هەڵناکێشێ
ئاسمانیش هەرچەند تاڵ بێت
ئەنجام دەبێت ساماڵ بێت
گرەو هەر دەبەینەوە
بە یەکتر دەگەینەوە
بە ڕووی پێکەنینەوە
یەکتر دەبینینەوە
١٩٦٣/١/١٥

---

باوکی قوتابیەکی دراوسێم " پ . م " بوو لە هەورامان ئەم نامەیەم لە زمانیەوە بۆ نووسی . لە چاپی یەکەمدا دێڕێک نوختەی بۆ دانرابوو لەبەر سانسۆر ، هەر ئەم شیعرە بێ ئاگاداری من چەند دێڕێکی لێ دەرهێنراوە و دەستکارییەکیشی کراوە و لە خوێندنی پۆلی چوار دا نووسراوە ، بۆ نەگبەتی منیش کراوە بە گۆرانی و دەستکارییەکی زەقی تریشی تێدا کراوە گوایە بۆ "بابە سەدام " ! نووسراوە .

# " ڕێگای ژیان "

ئەی ژیانی
کامەرانیی
ئەی گوڵاڵەی نەوبەهاری
بەختیاریی
لەکام باخیت ؟
یان کام شاخیت ؟
بۆچی یاخیت ؟
لەکام گردیت ، لەکام یاڵیت ؟
یان شاراوەی ناو کام چاڵیت ؟
لەکام شوێنیت ؟
لەکام جێگا ؟
کەی ئەم گەلە بە تۆ دەگا ؟
نەمامی هیوای پێ دەگا
کەی زەنگی کاروانی خەبات ؟
دەگاتە کۆشی بارەگا
کەی فریشتەی .. کۆشکی ئاوات ؟
لێمان دەکاتەوە دەرگا !

**********

ئەی ڕێبواری بریند اری ..
دەروون یاری
بەختیاریی

بۆ ژیانی کوردەواری
دەزانم ڕێت کە ، لە ، بەرە
تەنراوە و بێ کەلەبەرە
بەڵام بۆ ئاواتی پیرۆز
بەرگی بێ خەمیت لەبەرە
هەزار ساتی
بەسەرهاتی
ڕێی نەهاتیی ..
لای تۆ دارێکی بێبەرە
بیر پتەوی
بێ سەر نەوی
سەردەکەوی
پلە ، پلە ، بەرە ، بەرە
سەربڵند و دلێر دیاری
دەڵێیت گیان دەکەم بە دیاری
بۆ شانازی
بۆ ژیانی سەرفرازی
**********

ئەو ڕێگایەی تۆ گرتووتە
خۆی لەخۆیدا ئاوازێکە
بە گۆرانێوە ، وتووتە
مۆسیقاکەشی نیازێکە
**********

هەمي دڵسۆزێکی سەربەست
کەوا ئاوات ، بۆتە یاری
کردوویەتیە ، بەستەی مەبەست
هەمیشە وا لەسەر زاری

١٩٦٢

# ئاواتی ڕزگاری

گەلێک ئاواتی رزگاری ..
لەبیردا بێت هەموو کاتێ
چەکی تۆڵەی لە شاندا بێ و
جگەرسۆزانە دەست باتێ
فڕۆکە و تۆپ و دەبابەی
لەڕێ دابێ و سزای باتێ
ئەگەر گیانیشی داناوە ..
سەری بەرزو بە ئاواتێ
کە ڕزگاری نەوەی کوردە ..
دەبێ بڕوات و بیگاتێ
بە بازووی خۆی نەبێت دوژمن
مەحاڵە مافی خۆی باتێ

***********

گەلێک ، گەر واز لە سەرمایە و
لە پایە و ماڵی خۆی بێنێ
لەژێر تارای ڕەشی شەودا ..
لە خەودا چاوی هەڵ بێنێ
ببینێ دوژمنی هێرش ..

دەبا و ڕۆڵەی دەسووتێنێ
سەری بەرزی نەوی ناکا
هەتاکوو پێی نەسەلمێنێ
ئەگەر دنیاش هەرەس بێنێ
دەبێت ڕزگاری بستێنێ
نەما ئەو ڕۆژە ، داگیرکەر
نەوەی نوێی ئەمڕۆ بنوێنێ
***********

گەلێک بۆ خاک و ئاڵاکەی
بەشۆڕش لاوی هەستابێ
بەهاری ژینی دواڕۆژی
لەبیر و هۆش و هەستا بێ
لە گشت لاوە دڵ و گیانی ..
وەکوو خەنجەر لە دەستابێ
لەنێوان ژین و مردن دا
بە بێباکانە وەستابێ
گەلی وا نامرێت هەرگیز
دەبێ تا یەک نەوەی مابێ
لە کوشتن سڵ نەکات ، بڕوات
هەتا ماوە لە جەنگا بێ
***********

هەتا ئاواتی ڕزگاری
بەدەس دێنێ دەبێت بڕوا
بەرەو لوتکە بەرەو ئاڵا
بەیەک هێز و بەیەک بڕوا

١٩٦٥

# کردگار

سەرم سوورماوە
من لەم گێژاوە
کەی وا ویستوومە ..
بێمە دنیاوە ؟!
بۆچی درووست بووم ؟
هەروەکوو خەیام زۆرجار پێی وتووم
ئەوەی کە منی بۆ ژین هێناوە
بۆچی پرسێکی هیچ پێ نەکردووم ؟
***********

بیر ئاڵۆزاوە
نازانم تێک چووم ؟
ڕێم لێ گۆڕاوە ؟
یان بۆ ڕاستیی چووم ؟
من کەی ویستوومە ؟
وا بەزەلیلی !
بژیم بە دیلی !
یان کەی بیستوومە ؟
من دێم بۆ ژیان
بۆ ئازار و ژان !
***********

کاتێکم زانی
چاوم هەڵهانی
ژین گورزی خەمی قەڵباوی هێنا
زەبر و ستەمی دام بە دامێنا
دڵی ئاواتم ون بوو لە خوێندا
زامداری کردم لە گەلێک شوێندا
بێجگە لەو زامەش .. زەرووشی هێنا
تێر دەمی تێنا ..
ژیان تۆ منت لەبەرچی هێنا ؟
بەبێ ئاورێ
منت خستە رێ
بێ پرسیار منت بۆ کرد بە هاورێ ؟
چی بوو ئەم داوە ؟
چیت لە من دابوو .. ؟
من لەم گێژاوە
سەرم سوورماوە
کەی کوا ویستبووم بێمە دنیاوە ؟
***********

باوکە ، ئەوباڵی منت بە ئەستۆ
ئاخ ، داخ ، لەدەست تۆ !
ناچار وا پەنام بۆ تۆ هێناوە
بەڕاستی باوە ..
سەرم سوور ماوە
لەم بەند و باوە
پێم ناڵێ یت بەڕاست
بۆ دایکمت خواست ؟
بۆ منتان خستە ناو ئەم گێژاوە ؟

ئەی کوا ویستوومە بێمە دنیاوە ؟
***********

بەڵێ ئەوا بووم
لەبیرم نایا و نازانم چۆن بووم !
لەلانەی تەختەی ساوایی دەرچووم
کاتێک گەورە بووم
بەرەو خەیاڵ و لێکدانەوە چووم
لەگەڵ خۆم هێنا
ڕۆژی ڕەشی شووم
هۆش ، خەم دایپۆشی
ساتێکم نەدی پێی بڵێن خۆشی
زۆر شتم دەدی
وەک نائومێدی
هەناسە سەردی
تەماشام دەکرد
ئەو هات ، ئەم دەمرد
باشە بۆ دەمرێ ؟
- وس ، خوا دەتگرێ
پرسیارم کرد بۆ ؟
وتیان بە ئەمری ..
خوای گەورەش تۆش وەک ئەوانە ئەمری !
کەس نابێت تاسەر
ژین بباتە سەر
کەوابوو بۆ بووین ؟
سەرم سوورماوە
من لەم گێژاوە
کە بیر و هۆشم تێیدا تاساوە

کەی کوا ویستوومە بێمە دنیاوە ؟
***********

بیرم کردەوە ئەنجامی هەمووی
پڕە لە داخ و ناکامی هەمووی
ئەنجامی هاتن ..
لەناوچوونێکە
دروست بوونێکە
بۆ تێک چوونێکە
ئێمە دەبین و دەچین بۆ نەبوون
دەردەکەوین و دەبین سەرنگوون
کەوابوو هەزار خۆزگەم بەوانەی ..
لەدایک نەبوون
تووشی هیچ نەبوون
وەک من پشکۆیان پیا نەچزاوە ..
هەرگیز نانالێن بەدەم سزاوە

١٩٦٢/٨/١

# بـڤـڤـه

نـەکـەی بڤڤە .. !
نـاوی دایـە گیان پـەروەری نـەبـەی بڤڤە
دەست بۆ ئـاگرە سوورەکە نـەبـەی بڤڤە
گوێت لـە وژە و گڤە گڤە ؟ !
درنـج و دێو!
جنۆکە و خێو !
وەک ڕەشـەبا ..
شالاو دەبا
هـەناو دەبا
بـەتۆ دەڵێت نـەیـەی بڤە !
نـەکـەی بڤڤە
**********
قڕ و قـەپ کە ! وس بـێ دەنگ بـە !
ساوایـەکی مات و مـەنگ بـە !
نـەکـەیت لـەمن وڕک بگریت
فێر نـەبیت ئـەو ڕێیـە بگریت
ئـەوەی لێم سـەندیت بۆی بگریت !
بـە ئـاشکرا و بـە نهێنی ..
نـاوی دایـە گیان نـەهێنی !!

ئەو پەروەری
دەبێت لە یادا لابەری !
نەخەڵەتێیت !
هەڵ خەڵەتێیت !
با نەڕەتێیت !
چاوزەق دۆزەخ ، دادەخات بۆت
تیا دەسووتێیت
دەڕۆیت بۆخۆت
دۆزەخەوان چاو نەترسە
ڕەزا قورسە
زۆر بێ ویژدان ، هەر مەپرسە
گشت مافێکی دراوەتێ
زینە لەگەڵ وشەی " بەسە " !
کەوابێتە نەکەی بقڤە !
ناوی دایەگیان پەروەری نەبەی بقڤە !
دەست بۆ ئاگرە سوورەکە ! نەبەی بقڤە !
**********

بەڵام منداڵ
خاوەن بیری وەکوو ئاگر
ڕووناک و ئاڵ
ئاوات هەڵگر
ئەمانەی ناچێت بە گوێدا
نەترساوە لە هەڕەشە
ئەگەر سووتاوە لەوێدا
هەر هۆگری دڵی گەشە
**********

دەربەست نیە ، بشسووتێ هەموو لەشی
بۆ یەک بزەی دڵ خۆشبوونی دایکەکەی

لەبیرێتی خەوی نەرمی باوەشی ..
ڕاژەندن و لایلایەی ناو لانکەکەی
**********

منداڵ ناترسێت لە دەنگی کوننە پەپوو
سنگی دایکی تۆماری ئەو دەنگانەیە !
لێی بیستووە
لە چیرۆکی زووی ڕابوردوو
ئەو منداڵە دیارە مەردی تەنگانەیە !

١٩٦٢

# داڵ و مەل

ڕووناکی لێڵە وا " شەو " ە
داڵ نیشتەوە
بە " واشە " وە
لەم لاشەوە ، لەولاشەوە
بە " لاشە " وە
**********
تۆ بڕوانە ... ئەم ئاهەنگە
بەم درەنگە !
لەم چڵپەیە !
لەم شڵپەیە !
لەو ئاگرە بە کڵپەیە !
قرچە قرچی لەشی مەل دێت ..
خوێن لە دەم و چنگ و پەل دێت
ئای چەند داڵی شووم نیشتەوە
لەم نزیکە و تەنیشتەوە !
هەموو برسی
بێ مەترسی
چنگیان ، نەشتەری سکی ڕووت !
سنگی یاقووت ..

تۆ بڕوانە ، بۆ ئەو دەشتە
هەر گوڵاڵەی تووەوەیە
بۆ خوێنی مەل سەرچاوەیە !
سیا وەشتە .. !
بۆ ئەم دۆزەخ .. ئەو بەهەشتە
بۆ ئەم کارەسات ، ئەو گەشتە
یەک سەدەی تر بیگێڕەوە
بۆ مندالانی فریشتە
بیڵێرەوە و ... بیڵێرەوە
ئا ئەمەیە .. سەرگروشتە !
تۆ بڕوانە ئەم ئاسمانە !
ئەگر تێبگەین بەسمانە
هەر داڵە و دێنە خوارەوە !
بەسەر دەوەن و دارەوە !
بە شالاوی کوت و پڕی
ڕوو دەکەنە قات و قڕی !
هەر قریوە و هاژەی داڵە ..
کام گۆشت زۆر ناسک و کاڵە
یان کام لێو ، شیرین و ئاڵە !
پێی حەلاڵە !
گوێ و زبانی نرخ و ویژدان
لە ئاستیاندا کەڕولاڵە
چەند مەلی گیانی مەل فڕی !
چەند ژیان مردنی کڕی !
**********

ئەی مەلی جوانی ئێسک سووک ..
کێ تۆی بۆ دالاش کرد بە بووک ؟
لەسەر ئەوەی بۆ گوڵ گریایت ؟

بەم حاڵەی بردیت کەوا تیایت ؟
دەسا هەڵۆ و پڵنگ و شێر
بۆ داڵاشی شوومی بێ خێر
لە جەنگەڵ و لە " بێشە " وە
مەردانە بێنە پێشەوە
بۆ ڕزگاری ئەو مەلانە !
پەرەوازە بوون لە لانە !!

١٩٦٤

# ڕازێک " ١ "

من بێ گیانێکی وشکەڵم بێدەنگ و مات
نەدەبینم ، نەدەبیستم ، نە هەست دەکەم !
بەڵام شێوەم دێتە گفتار هاوار دەکات
بینەرانم ، مەست وپەست و دەربەست دەکەم

***********

من گیاندارێکی دەنگ خۆش بووم ، من هوزارم
لەکام باخدا، دڵ بزوێن بوو تێر لێم دەخوێن
لەسەر چڵێک ، شکۆفەیەک بوو بە یارم
بۆم پێکەنی ، منیش ئاوم دەدا بە خوێن !

***********

پەروەردەم کرد ، هەتاوەکوو کردم بە گوڵ
سوور و ناسک نموونە بوو ڕەنگ و ئێسکی
ئەگەر گەردی بگرتایە دەمگوشی دڵ
بۆم دەشۆری گۆنای ئاڵی بە فرمێسکی !
***********

بەختیار بووین بە ئاواتێک زوو بێتە دی
بێ یەکتری ، دڵ دەلەرزی و دەپەشۆکاین

کاتێک من ئەو ، یان ئەو منی کە نەدەدی
دەگریاین و دەقرچاین و لێو دەژاکاین
***********

تا وای لێهات کام باڵندە ، ئێسک سووکە
لەگەڵ خونچە ، حەسوودیان پێ دەبردین
دەکەوتنە باڵەفڕە و چپە و جووکە !
بەڵام هیچیان کاری لە دڵ نەدەکردین
***********

لە ئەنجامدا دڕک و داڵی دەوروپشتی !
بێ بەزەیی ، وەکوو قەفەس ، لێیان تەنیم
چاوو دڵیان بریندار کرد شکا .. پشتی !
وای لێکرا ، هاوار بکات بڵێ گوڵ نیم !!
***********

منیش داخی دڵی خۆمم ، بە ئاوازی ..
گیان تەزێنی فرمێسکی بێ ئارامی ڕشت !
هۆی ناچاری نائومێدیم ، وابوو نیازی
بە لەناوچوون خۆم بکەمە ئاکامی گشت
***********

بەڵام بلبل ، دڵسۆزم بوو ، دەستی گرتم !
وتی : گوڵ هەر ماوە جارێ بگرە ئارام !
تیشکی ئارامی ناسۆری هەر من ، گرتم
تا هەڵوەری ، بەیەکجاری ، گوڵی هیوام
***********

هەرچەند ، هاوڕیم زۆر دڵخۆشی دەدامەوە
بەڵام ئامۆژگاری ئەویش لام بێ سوود بوو
کز و بێ هێز ، بە هیچ نەدەبووژامەوە !
دۆست بۆم خەمبار ، بەدکاریشم هەر خۆشنوود بوو
***********

هەر ئەوەندەم زانی لەسەر چڵی خەفەت
بەربوومەوە و نەمتوانی باڵ بە یەكدا بەم .. !
بە ناكامی لەسەر زەوی پڕ لە مەینەت
گیانم دەرچوو ، كۆتایی هات ، تەمەنی كەم !
***********

هونەرمەندێک تووشی لاشەی وشكەڵم هات !
مۆمیای كردم ، داینام لەناو شووشەی كۆگا
بەڵام تازە منی بێ گیان ، مردووم ، هەیهات !
بەختیاری و شادی لەكوێ بە من دەگا .. ؟
***********

ئەو مرۆڤە دڵخوازانەی بۆم هۆگرن
هەرچەند نیگای خۆشەویستیم تێدەگرن
ئاخ ! ئەوانیش تاسەر نازین دەبێت بمرن
بەڵام بەكام ئازارەوە ؟ - نایزانم ، من
***********

ئایا وەک من شەیدای گوڵ بووم خۆم بۆ ڕەنجان !
بۆ خۆشەویست ئەوانیش هەر سەریان بەختە ؟
بۆ ژیان و سۆز و جوانی و پاكی و پەیمان ..
لەپێناودا ، نەمان مایەی تەخت و بەختە ؟ !

١٩٦٨

" ١ " ئەم هۆنراوەیە زادەی بیری خۆمە و بەس ، وەک بەڕێزێكی خاوەن دكتۆرا بۆی چوو بوو ، وانیە و وەرگیراو نیە لە ئەدەبی بێگانەوە .

## گەشتێک
## " لە بەهاری سەرچنار دا "

**سەرچنار**
کیژە نازدارەکەی .. دایکی شار
خوشکە ئازیزەکەی .. بەختیار
بووکە ڕەنگینەکەی نەوبەهار
سەرچنار
بە پەنجەی هونەری کردگار
ئارایشت .. کراوی
لەتابلۆی سروشتا وەک نیگار
بە سوورمە نەخشاوی
بۆ بەهار
گەردوون تۆی بۆ ناردووین بە دیاری
ئەوەندە ڕازاوە و نازداری
سەرچنار
*********
ئەی بەهرەی .. کوردستان
باوەشی جوانیی و جوان
بەهەشتی .. ژیانی
جێ گەشتی .. لاوانی

کامێرای سەرنجم وەک نیگای هەڵبەستم
ئاشنای جوانییە .. بۆحەز و مەبەستم
لەگەشتی گرتنی دیمەنی تۆدایە
هەستیشم لەگەڵیا لە هاتوچۆدایە
هەر جوانە و لە دڵتان
لە ناخی جگەرتان لە پەنا و ژێر چڵتان
لە سایە و سێبەرتان
لە گژ و گیا و گوڵتان
وەک سوخمە لەبەرتان
**********

سارێژیت بۆ گیانی بە ئازار
بۆ دڵی خەفەتبار
سەرچنار
**********

کۆمەڵی سەیرانکەر
لە بەرگی گوڵڕەنگدان
چنار و سنۆبەر
لە سەما و ئاهەنگدان
کەشەفی و سەماوەر
لە زەردەی پرشنگ دان
**********

تۆماری .. بزوێنی .. ئارەزوو
پڕ بینی ، بەستەیە ، مەقامە
یەک بەدوای یەکتردا ، بێ پشوو
لە هەزار بابەت و نقامە ..
**********

کوڕی قۆز ، کچی جوان
تاک تاک و پۆل پۆلن

دڵخواز و دەسگیران
وەک تاڤگە و شەپۆلن
**********

خوڕەی ئاو .. ئاوازی ..
دووان و چپەیە ..
شۆڕەبی .. هاوڕازی
سکاڵا و خورپەیە
**********

هەر کۆرپەی وردیلە و خنجیلەن
کە دوورن لە پشکۆی داخەوە
هەروەکوو بازن و موستیلەن
بە پەنجە و .. مەچەکی .. باخەوە
شنەیان وەک سروەی
شەماڵە بۆ سەرچڵ
قاقایان وەک لەرەی
مۆسیقان بۆ گوێی دڵ
**********

لەدەم سەرچاوەتا
لەکەنار جۆگاتا
لە تیشکی .. چاوەتا
لەکانی نیگاتا
میوانی زۆر جوانی هاتووی دوور
زەرد و سوور
هەروەکوو گوڵ سنوور
مەچەک و باسک و مل
ناسک و شل و مل
دانیشتووی ژێر سایە
چاوی ، وەک جۆلانە

هەر لەم لاو لەولایە
پێی لێژە وەک لانە
هەرکاتێک جوانێک دەردەکەوێت
ئاخۆ چەند ئاخی بەردەکەوێت !
ئەی چاوی نەرگس و وەنەوشە
بەخێر بین دیاریتان هێناوە !
ئێوەش دڵ پڕ دەکەن لە گەشە
بۆ خەیاڵ ، بوونەتە .. سەرچاوە !
سەرچنار بە ئێوە ، وەک ئێوە ..
پەپولەی خەنینی سەرلێوە ..
ئنجا با.. ڕوی نیگا
مەنزڵگا .. مەنزڵگا ..
بگاتە .. لێواری
دامێنی ڕووباری ..
تاشەبەرد ، هی گەورە و بچکۆلە
سپی و سۆڵ تا ناوقەد لە ئاودا
وەستاون وەک مەڕ و بەرخۆلە
" پشت " ن بۆت لە باز و هەنگاو دا
**********

هەر تەنیشت دروویەک دەڕوانی
هەر پۆلی مەی دۆست و مەستانە
سەر گەرمە .. چریکەی گۆرانی
پڕ گەرووی شادان و پەستانە
یان ئاخی دڵێتی دەیڕێژێت
لە داخدا
یان کامی گیانێتی دەیچێژێت
لە باخدا
**********

ئەی بووکە جوانەکەی کردگار
سەرچنار
منیش با زاوا بم هەڵمژم
" بۆ " ی " خۆش " ت !
گەردنت ماچ کەم لە دڵدا یەک نیگار
هەڵکەنم .. یادێک بێت ..
بۆ خۆم و بۆ خۆشت !
**********

تا شیری سەرچاوەی مەمکی تۆ
هەڵقوڵێت
گەرووی گیان گۆرانی سەربەستیت
بۆ دەڵێت
**********

تاماوم بە دایە و خۆتەوە  دەنازم
سەرچنار
ئیتر دوا نیگامە و خۆشیت بۆ دەخوازم
هەزار جار
ماڵ ئاوا
بەهەشتە بچکۆلەی
ئەم شارەم ،
سەرمەست بووم ..
بەم گەشتە بچکۆلەی
ئەمجارەم

١٩٦٨

# گۆران " ١ "

لەبەر هەور و تەمی ماتەم
ئاسۆی شەبەق لێڵ و ڕەشە
گەردەلوول و ... ڕەشەبای خەم
بە هەڕەشە ...
گێژی دا .. ئەو گیان و لەشە
ون بوو .. گەشە
**********

بەسەرهاتی ..
جگەربڕی ، ڕێی نەهاتیی
درێژەی ساڵ
زۆری پێ ڕشتین فرمێسکی ..
ناسکی ئاڵ ..
گەلێک جەستەی خستینە چاڵ
ژیانی تاڵ
**********

پایز .. بزەی لێوی پەریی
ئازیزی ئاواتی تەراند

هوروژمی هێنایە سەری
گەڵاڕێزان
پەڕەی گوڵی شادی وەراند
لەیەکتری کرد .. جەستە و گیان
فڕی مەلی گیانی گۆران
بەرەو سەیوان
**********

ئەو هەستیارە
پایەدارە ..
بەهرەدارە
بەستەکانی
" بەهەشتێکە ، یادگارە "
وەک ژیانی
هەردەمێنێت ، پەریی جوانی
فریشتەی نەرم و نیانی ..
لەگەڵ گیانی
**********

ئەستێرەیە ، پرشنگدارە
ورشەدارە
لە بەیان دا
لەناو سامالّی هونەری
شیعری جوان دا
لە بەرزیدا شوێنی دیارە
دەژی لەناو کوردستان دا
لەناو دڵ و بیر و گیانا
گەورەی دانا
**********

بەهارێکی پۆشتەی شەنگی
ڕەنگاو ڕەنگی
لالەزارە
کەلە هەرجۆرە ، گوڵێکی
تێدا دیارە
هەمیشە گەش و بۆندارە
جێ نیگای چاوی دڵدارە
ئەو بەهارە
**********

ئاوازێکی نزمی مەنگی ..
دڵی ساوای هۆش .. نوێنەرە
کە بۆ جیهانی بێدەنگی
هەست و دەروون ، جوڵێنەرە
سۆزی " فرمێسک و هونەرە "
لاوانەوەی گیان ، جگەرە
گڕ خۆشکەرە
بزوێنەرە
**********

پیانۆی پەنجەی ، خوای بەهرەیە
کە دەناڵێت ، بێ کۆتایی
ئەو مۆسیقا نەمرەیە
دەچرپێنێ
بە گوێی دڵدا بە ئەسپایی
دەمێک مژدەی ئاواتە بۆ دڵنیایی
دەمێک دڵە و لە دڵ دەکات
ماڵ ئاوایی

سکاڵایە
بۆ تەنیایی
*********

ئەو دڵەیە
کەوا جوانی و خۆشەویستیی
پەروەردەی بوو
ئەویش هەستی :
کامێرای ئەم جێ کوردەی بوو
ئەم چەم و چیا و هەردەی بوو
کە زەردەی بوو
هەم ، زەدەی بوو
*********

لە گەردنی نازدارانداا
ملوانکەیەکی زێڕینە
لەناو لێوی دڵداران دا
پەپولەیەکی نەخشینە
" ماسی گۆمی چاوی شینە "
تریفەی مانگی هاوینە
*********

سروەی فێنکی کوێستانە
بەهاری ڕازاوەی ژینە
" بەفری هەتاوی زستانە "
تاڤگە و قەڵبەزەی زیوینە
پەلکە زێڕینەی ڕەنگینە
تاڵی کەمانی خەمگینە

سینەی گەرمی ئاگرینە
وشە سەنگینە ، شیرینە
شیلەی ناو شانەی هەنگوینە
بزەی لێوی ، نازەنینە
دەستی مەمە
پەنجەی زینە
نەبەزینە
**********

زەردەی ئاڵتوونی دەم کەلە
ئاوازی جریوەی مەلە
نەغمەی بلبل ، لەنجەی قومری ، قاسپەی کەوە
"کانی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەوە "
گەرووی شمشاڵی لالێوی شوانی باسکە
شنە و گڕ و گاڵی ساوای کۆشکی دایکە
خەوی خۆشی لەشی کفتی دەمی گەشتن
"یان قەرەداخ یان هەورامان"کە بەهەشتن
**********

لەسەرچاوەی ئەو دڵەوە
هەڵدەقوڵا هۆنراوەی ڕوون
کە پیر و لاو بە کوڵەوە
تینووی قومی عەزرەتی بوون
**********

ئەی ئاوارەی دەرد و سزای پڕ ئەشکەنجە
کاتێک دڵی تۆ ڕاوەستا
بە شێرپەنجە

پشکۆی داخ ، بە دڵدا چزا ، لەگەڵ هەستا !
سارێژ نابێت هەتا .. هەتا
**********

ئەی گۆرانی ..
بەستەی ژیان
ئەی میوانی ..
لانەی سەیوان
بنوو پێڵووی چاوی خامۆش
سەریەک بنێ و دڵنیابە ..
هەرگیز تۆ ناکەین فەرامۆش
ئەرخەوانی
تارای ئاڵ پۆش
خوێنی دڵە و لە بنیابە ..
**********

ئەی هەستیاری بەرزی پیرۆز
خامە ، گەرووی دەروونی سۆز
دۆست و ئاشنای مەولەوی
کە ئەو لەتۆیە و تۆش لەوی
هاوڕێی پیرەمێرد و بێکەس
کە وەک تۆ کەم ، دەیناسن ، کەس
**********

تۆ خوای شیعری سەدەی ئەمڕۆیت
خوای ئاوازەیت
تۆ پەرستگای شانۆێ قوتابخانەی تازەیت
تۆ خاوەنی هونەرێکی بەهرەی جوانی ..

تۆ "گۆران "ی
چۆن نابیتە ویردی زبان ؟
هەروەک بەستە ،
وەک گۆرانی ،
هەر دەمێنیت ..
تا مابێت ئەم ئاو و گڵە
ناوی تۆ جێی ..
لە کوردستان دا ، ناو دڵە
تۆ نەمردوویت ، زیندوویت هەرگیز
زستان ، بەهار ، هاوین پایز
وەکوو هەموو دڵسۆزێکی کوردی ئازیز

١٩٦٢/١١/١٨

---

" ١ " ئەوانەی لە کەوانە دان نیشانەی بەرهەم یان داهێنانەکانی گۆرانە.
ئەم هۆنراوەیە هەمان ڕۆژی کۆچ کردنی نوسراوە لە "ژین "ی هەمان هەفتەدا بڵاو کرایەوە

## لەتیف ی جوانە مەرگ ـ " ١ "ـ

سالّی نۆسەد و شەست و چوار
وەرز بەهار
کاکی ڕێبوار
برای هەژار
بە نەساخی و نائومێدی
هاتەوە شار
بەوجۆرەی ئێمە ئەومان دی
هەناسە سوار
ڕەنگ زەرد و لاواز ، لێو بەبار
لەدەست ژیان و ڕۆژگار
داد و هاوار

*********

زستانی تۆف
هەناسەی سارد و ئاخ و ئۆف
بەفر و باران
سەختی و هەورازی ڕێگە و بان
ماندوویەتی ..
برسی بوون و تینوویەتی

لەجێ خستی
کاری کردە تەندروستی ..
دەوا .. نەبوون
ئەوەی هەبوون
ئەوانە بوون
کە سەردەمێک
وچانێکی بەنێ کەمێک
سنگی پڕ زام
نایکاتەوە جێگەی ئارام

**********

چار نەماوە
ئیتر نیشتمان ماڵ ئاوا
لە بەغداوە
بەرەو ، وڵاتی ڕۆژئاوا
ئەڵمانیا
کەوا لە لە کامەرانیدا
لە دنیای پۆشتە و جوانی دا
لانەی گەشە و خۆسەویستیی
هی زانستی
تەندروستی
میۆنیخ .. تیمارخانەکەی
نەخۆشێکی کورد زبانە
میوانەکەی
پزیشکەکان دڵسۆز بوون بۆی
هەر یەکەیان وەک برای خۆی
بە وردبینی و
بە تێبینی

سارێژیان دەکرد برینی
تا هێز بچێتەوە .. لەشی
ئارام بیکاتە باوەشی
سورایی خوێن
بگاتەوە کوڵمی گەشی ..

**********

لەتیف ، هیوای چاک بوونەوە و گەڕانەوە
مژدەی شادی دەهێنایە ناو گیانەوە
بەڵام سنگی برینداری
سی و هەناسەی پڕ ئازاری
ماوەیەکی زۆری دەوێت
کە خۆی بگرێت
هەتا مقەستی .. بەرکەوێت
چاری بکرێت

**********

ساڵ تێدەپەڕی کش و مات
ڕۆژ دەڕۆیشت و شەو دەهات
کاتەکانی نەخۆشخانە
کۆتایی یان ... هەر نەدەهات

**********

وا بوو بە چوار ساڵی تەواو
ئارام تاساو ..
حەزدەکات زوو بێتە دەرێ
تێر بگەڕێ
بڕواتەوە

سەرێک لە نیشتمانەکەی بداتەوە
گەشتێک بکات
سەیری دەر و دەشتێک بکات
خزم و کەسیان
چەناگەیان لەسەر دەسیان
چاوەڕوانی .. بینینەوەن
بە پەرۆشی .. کوڵێکی پێکەنینەوەن

**********

دووهەم مانگی شەست و هەشتە
وەک فریشتە
هەموو ژووری " عەمەلیات "
سپی پۆشتە
خوا و پزیشک و پەنجە و مقەست
جەستە ی ئەویان وا لە ژێر دەست
پارچەیەکی جێی هەناسەی
بڕی مەقەست
کە زامدار بوو .. وەکوو تاسەی
دەروونی پەست
**********

ئێستا مژدەی چاک بوونەوە
بزەی خستە دەروونەوە
واتا.. ئیتر بەوە دەگات
کە پێی دەڵێن خۆزگە و ئاوات

**********

بەڵام ئاخ ئەی مەرگی زۆردار
بۆچی وەک مار ؟

هەتاکوو پێتەوە نەدا
کۆڵت نەدا ؟

**********

لاوێکی کوردی دڵسۆز بوو
خاوەن هەستێکی پیرۆز بوو
سوور بوو لەسەر کوردایەتی
ئێستاش هەر لەگەڵیایەتی

**********

ئەو هەرزەکارە توخوا کوا ؟
هی ئەوە بوو ئاوا بڕوا !
چۆن دڵت هات ؟
دوورە وڵات
نائومێد کەیت
لە ژیان و خۆزگە و ئاوات

**********

بەڵێ لەتیفی هاوڕێمان
ون بوو، لێمان
چەند ڕۆژێکی پێش نەورۆز بوو
گیانی پاکی بۆ بەهەشت چوو
بۆ لای نەوەکانی ترمان
*********

هەرچەند سەیوان پەرۆشێتی
چونکە دوورە باوەشێتی
بەڵام توخوا ئەی خوێندکاران
برادەران ..

لەجیاتی ئێمە و کەس و کار
یادی کەنەوە .. جاروبار
ئێمەش بە درەختی یاد و لە دڵەوە
سوورە گوڵە بەسەر بەرزایی چڵەوە
مارت ١٩٦٨

---

لەتیف عەلی : هاوڕێی سەردەمێکی دوور و درێژی قوتابخانە و کارگە بووین .. لە دەرەوەش سەردەمێک " پ . م " بوو ساڵی ١٩٦٤ بە نەخۆشی سنگ گەڕایەوە وگەیشتە ئەڵمانیا و لەوێ دوای چوار ساڵ چارەسەر کردن کۆچی دوایی کرد .

# ئەلبومێکی نوێ

# خۆشم ویستیت

– ١ –

خۆشم ویستیت
پڕ بە دەریای ڕووبارەکانی جیهانی خۆشەویستی
خۆشم ویستیت
دەشزانم و ناشزانم چۆن وا بەخەستی
خۆشم ویستیت
****

بۆ لەبەرچی خۆشم ویستیت ؟
چونکە کچی .. خۆشم ویسیتیت ؟ !
یان لەبەر ئەوەی لە پەری و لە فریشتە و ..
مریەم دەچیت ، خۆشم ویستیت
یان وەک دەڵێن .. تیشکی ڕێکەوت
بروسکەیەک لە تەلیسمی نیگای تێکەوت
هات بەر دڵ کەوت
وەک دەرزی کارەبا گەستی
گڕی تێ بەردا و کرۆشتی ..
خوێن و گۆشتی
بەو داخەوە
لە ناخەوە

خۆشم ویستیت
****

نهێنیەکە شاراوە
خۆی لە ناوگیاندا .. لە هەست و لە ئەستۆدا
حەشارداوە
- بۆ هەر بە تەنها تۆم خۆش ویست .. ؟
خۆ ئەگەرچی
چەندان کچی
هەرزە و کرچی
ترم ناسین لە پێش تۆدا ..
چرپەی دەنگی ..
وشەی شەنگی
گەلێ گەرووی ناسکم بیست ..
ئەی بۆ .. بۆچی ؟
خەندە و ختوکە و خەدەنگی ..
هیچ کامێکیانم خۆش نەویست ؟
کەچی کەچی
کە تۆم بینی بە مل کەچی
زوو لە ئاستی
هەست و خواستی
شتێکدا نادیار دامام
ڕامام ، سەرسام
وەکو ئێستام
هاتم هەستام
نەک بە ئەنقەست
هەر بە قەستی خۆشەویستیت
خۆشم ویستیت

- ٢ -

خۆشم ویستیت
وەک خۆشەویستی سەربەستی
وەکو نیشتمان پەرستی
وەک خۆشەویستی جوتیار و
کرێکار و
هەزارەها پێ خاوسی
ڕووت و برسی
بو بە کۆڵێک لە گەنجینەی گران بەها
بە کۆڵمەوە
بە بێ ئەوەی بکۆڵمەوە
لەبەرپەرچی ،
.. هەرچی و پەرچی
لەگەڵ خۆمدا .. گێڕام .. هێنام
گوند بە گوند و ..
شار بە شار و ..
وولات بە وولات وەک چەرچی
کەسێک نەیتوانی لە کۆڵمی بکاتەوە
یان .. ددانی ماری قەمچی
لە بیرمی بباتەوە
منیش هەرگیز دڵم نەهات
بیفرۆشم بە ڕێبوارێک
بە کڕیارێک
چەکی ملیۆنە دینارێک
کۆمپیالەی تاکە ملیارە .. دۆلارێک
خۆشەویستی .. بیر و هۆشم
نەمفرۆشتیت ناتفرۆشم

- ٣ -

خۆشەویستم ..
بەڵێ .. گەرچی
ماندوویەتی و تینوویەتی و برسیەتیم ..
لە گۆی دەخست دەم و دەستم
دەیرووشان ودەیخوارد تینم
شاڵاوی دێنا .. بۆ بینم
بەڵام بەرم نەدا .. پرچی
لکی گوریسی کۆڵ بەستم
لە نووزەم دەرنەهات .. جارێک
ئاخی لاوازە هاوارێک
هەرچی تاڵاوە نۆشیومە و دەشینۆشم
نەمفرۆشتوویت ، ناتفرۆشم

- ٤ -

خۆشم ویستیت
خۆشم دەوێیت
تۆ هەمیشە لە هەردەی خۆشەویستیمدا
سەوز دەبیتەوە و ، دەڕوێیت
لە هەر جێگایەک بم .. لەوێیت
هەڵناکەنرێیت هەڵناپروێیت
بەڵام هەرچەند ..
هەوری تاڵاوی شەوانی خۆشەویستیت
زۆر تاوی ساند
هەرچەندە کلۆ بارانی
سەرگەردانی
لێ دەبارێنێ و دەباراند
بەڵام ڕەهێڵەی کرێوە تەرزەش داکات
ڕام ناچڵەکێنێت هیچ ترسێک

من لە خۆشەویستیت .. ناکات
بۆ دڵدار کۆڵ دان
کۆڵ دانان
خوای خۆشەویستی دەپرسێت
بەچی دەگات ؟
خۆشەویستەکەی خەم پۆشم
نەمفرۆشتووی .. ناتفرۆشم

- ٥ -

گیانە تۆ .. نیگای هەڵبەستیت
ئاگری خواست و مەبەستیت
تا دیدەی هەڵبەست بمێنێت

خۆشەویستی تۆم دەمێنێت
خۆشەویستی .. ناخی هەستیت
هێشتا تازە چاوی چرۆی
شیعر و بیرم تروکابوون
زانیم تۆم .. تۆی
خۆشم ویستیت

فەلوجە ١٩٧٧/١١

# چەند هەناسەیەک

دوای بێزاری
لە دوای بڕیاری ناچاری
ویستم لەناو بەهەشتی پڕ
لە گوڵاڵە و لالەزاری هۆنراوەدا

لەناو دەمی فریشتەی لێو کراوەدا
لەژێر پێڵووی سروشتی چاو گەشاوەدا
گیان دەرباز کەم
گەرووی ژیان بێ گۆرانی
هەست بێ مۆسیقا و ئاواز کەم
دوور بم لە تریفە و هەتاوی
دڵ و جوانی
جارێکی تر دەست نەنێمەوە گەردنی
پەریخانی هەڵبەستەوە
لێو نەنێمەوە لێوانی
ساوای ناسک و جرپنی
پرشنگی ووشەی هەستەوە
جارێکی تر قژە خاوە بەفرینەکەی
بە شانەی برژانگی پێڵووی شەونخوونی

دانەهێنم
بۆ ڕوومەت و بەرگەردنە نەرمینەکەی
تەزووی کسپە نەبارێنم
بە دوای بزە هەڵاتوودا
دانەمێنم
بە شوێن فرمێسکی هاتوودا
هەنیسکەکانم لە گەروو نەئاڵێنم
بە دوای خۆری لە نیوەشەو ئاوابوودا
مەلی ئاوات و ئارەزووم نەتارێنم
****
بەڵێ ویستم دەستبەردار بم
لە ناسک و نیان ترین خۆشەویستم
ون بم ، ون بێت
نە من ئەو بم ، نە ئەو من بێت
لەو خەونانەش جێ بمێنم
کە ناوەندی فریشتەیە
ئەو مەلانەش بتەزێنم
کە گەروویان پڕ بەستەیە
جارێکی تر گۆڕەپانی شەوگاری تاڵ
مێرگوزاری پڕ دڕک و داڵ
بژار نەکەم
نەمامی سۆز و ئەوینی تیا نەڕوێنم
دان و تۆوی خۆشەویستی و
خەم ڕەوێنی تێ نەچێنم
بۆهیچ گوڵێک هیچ دڵدارێ
نە بگریم و نە بخوێنم
****
بەڵام بینینی هەڵوێستی

وا بەخورپە
ئایا کام دەروون بڵێسەی هەڵبەستی
ناکا کڵپە
هەڵوێستی بینینی کۆرپەی
دڵدارێکی بۆ دڵ نەبوو
کە هەر نیگایەکی کسپەی
زامی کۆنە دەیدات لە ڕوو
****
بەڵی کۆرپەی جگەرگۆشەی
دڵی ڕۆشن
سەرنج لەو نیگا شیرین و خەندە خۆشەی
تۆ دەدەم من
بەڵێ کۆرپەی خۆشەویستی
دایکێکی دڵ پڕ لە ناسکترین ئەڤین
کە دڵدار و دڵسۆزێکی
سەردەمێکی دوور و درێژی تەمەنی
لاوێتیم بوو
سەرنج لە شێوەی بە سۆزی پڕ لە هەستی
تۆ ئەدەم من
گوێ لە وشەی
پڕ لە ورشەی
بابە بابە کەی تۆ دەگرم
گوێ لە کەمانی تریقەی پڕ لە گەشەی
سەرلێوانەکەی تۆ دەگرم
****
سەرنجی چاوە جوانەکەت دەدەم کەوا
دەیگریتە سیمای گرژ و مۆنی بابە
ڕوومەت و لاملە سپیکەلانەکەت

کە دەکەوێت
لە پانتۆڵی بەردی ئەژنۆی کۆنی بابە
****

سەرنجی قژە زەردەکەت
کە دڕکە نینۆکی باوکێکی
بێ بەزەیی دەیخورێنێ
دەم و لووتە وردیلە و بچکۆلانەکەت
وەکو چاڵی بەرگەردنە بێ گەردەکەت
کە خۆی بە کامێرای هەستم دەناسێنێ
ڕایکێشاوم
بۆ لای گیانی بچکۆلانەی تۆ کشاوم
شێوەی ئەو شۆخەی تۆی لێ بوویت
ئەو دڵسۆزەی گۆشی کردوویت
شێوەی کچێنی ڕابوردووی
شێوەی هات و چۆی بەسەرچووی
شێوەی دڵی ئازار چەشتووی
شێوەی بەکام نەگەیشتووی
شێوەی هەردوکمانی مردووی
بە لەش زیندووی
دوێنێ ی دەمەی دڵداریمان
دەهێنێتە بەر نیگای چاوی شێواوم
ئەو بەهەشتەی کە خەوێک بوو ئەوسا دیمان
دێنێتە یاد
یادی هیوای پڕووکاوی ڕوو ژاکاوم
کە چوو بە باد
****

سەرنجی تۆ پشکۆی چزاند
بە گۆپکەی زامداری هێشتا

ساڕێژ نەبووی سەردڵەوە
ئەژنۆی وورە و تینی لەرزاند
لەشی تەزاند
دنیای هەژاند
گەڵاڕێزانی نەمامی ئارامی لە چڵەوە ،
****
تاسە و نیگار
خورپەی پڕ کسپەی یادگار
لەگەڵ داخدا
هاتنەوە و چوون بە ناخدا
زام و ژانی دڵ و دڵداریم سەرلەنوێ
هاتنەوە سوێ
دیسانەوە
هەمان ئاگر واشاڵاوی بۆ هێناوم
لە گیانەوە
کڵپەی سەندەوە سەرلەنوێ
بۆ جگەری هەڵقرچاوم
****
کۆرپەی شیرین
کۆرپەی دایکی خۆشەویستی
منی ئێستە و ئەوسای دێرین
دەبوو ئێستا
دەستە نەرم و نۆڵەکەی تۆ
وەکو ئەڵقە بتکردایە
پەنجەی دڵسۆزی منەوە
دەبوو ئێستا وەکو ئاسۆ
لەو سوورە گوڵی دەمەوە
زەردەی تروسکەی ڕووناکیت

بپرژانایە ناو گیانی
هەستی بە سۆزی منەوە
****

دەبوو باوەشی پڕ تاسەت
بۆ سنگی تۆ پەرستنی من بوایە
دەبوو سروەی گەرم و فێنکی هەناسەت
تێکەڵ هەناسەی نوستنی من بوایە
****

دەبوو ڕەنگی سوور بوونەوەی کوڵمی گەشت
جێگە لێوی ماچ و هەڵمژینی من بێت
دەبوو بەرگی پۆشتەی نوێ بوونەوەی لەشت
لەسەر ئەرکی مووچەی کرێی ژینی من بێت
****

دەبوو باوکی راستەقینەت من بوومایە
نەک بتێکی دەستی تاوان دروست کردووی
وەک ئەو بتەی لە تەکتایە
دەستی گرتوویت
نەک ئەو بتەی
کە تۆی ئێسک سووک نەبوو بوویت
پارچە گۆشتی دڵی خواردم
کە باپیری جانەوەری تۆی بێ ئاگا
چوار گورگی لێ ڕاسپاردم
کەڵبەی تاوانی بۆ ناردم
****

بەڵێ ئەی کۆرپەی بێ ئاگا
کۆرپەی باوەشی فریشتە و
تیشکی نیگا
بەرگی داستانە پیرۆزە ..

بێ هاوتاکەیان دڕاندم
لە سنگی منیان کردەوە و لێیان نووسی
بە " بت " بگا
دەستی پیسی جەردەی برسی
بەزۆر نووسی
بە " بت " بگات چارەنووسی
****

ئەگینا من باوکی خەم خۆری تۆ دەبووم
باوکی ڕێبواری تۆ دەبووم
وەکو چاوم ، من ئاگاداری تۆ دەبووم
من و شیعر و خۆشەویستی بۆ تۆ دەبووین
باوکی وەفا و پەیمان پەرستی تۆ دەبووین
تۆ کۆرپەی پیرۆزمان دەبوویت
تۆ ڕۆڵەی دڵسۆزمان دەبوویت
****

ئەگینا من ، ئێستا دەستم بۆ دەستی تۆ
ئێستا هەستم بۆ هەستی تۆ
تێکەڵ دەبوون وەکوو لوتکە و تیشکی ئاسۆ
وەکوو خێڵ شاخی ئاکۆ
وەکو زبان و گفت و گۆ
وەکوو ژیلە و گڕ و پشکۆ
****

ئەی فریشتەی شیعری شیرین
گەڕامەوە
بۆ لای تۆی شۆخ تۆی نازەنین
بەزامەوە
بە باوەشێک چەپکە گوڵی
ژاکاوی دڵ ناکامەوە

بە خەرمانێ ژان و تەزووی
بێ ئۆقرە و بێ ئارامەوە
بمخەرەوە
پێڵووی چاوی سروشتەوە
بمخەرەوە ناو دەروونی فریشتەوە
بمکەرەوە
بە گژ شەوی تاڵ و ڕەشی ترسناکدا
بمکەرەوە
بە گژ هەموو تاوانکارێکی ناپاکدا
بەگژ هەموو
تەڵە و دڕکی مەم و زینی دڵداران دا
بە گژ هەموو
مەرگەوەڕێکی تاواندا
کە ژەنگ دەکەن بە بەرۆکی
زەردەخەنەی دەم کەلی خۆر ئاوا بوونی
ئێوارادا
ئەی فریشتە جارێکی تر گەڕامەوە
بە زامێکی لێواو لێو لە بێ ئۆقرەیی و
ئارامەوە

١٩٧١ / سلێمانی

## کورتە شیعرەکان

– ١ –

چاوەکانت چاوی ئاسۆی
بەربەیانی ژینمن
وام لەناو بیبیلەتا ..
برژانگەمان پەرژینمن

–٢ –

ئافەرین بۆ دەستی ڕەنگین و
سەلیقەت خوای هونەر
پەیکەرێکی وات لە ئێسک و
گۆشت و خوێن هێنایە بەر

– ٣ –

مۆسیقای ڕووتە وشەی زارت
لەناو بەرگی پسا
بۆ "بەثاقە "بیستنێکت
تاڵی ئارامم پسا

– ٤ –

چاوی تینووم بۆ فڕینی

بەحری چاوت وەک مەلە
داخەکەم ترسی هەیە و
ناشارەزایە لە " مەلە "

– ٥ –

بۆ قژی کاڵ و سپی ڕووی
ڕووی سپی بێ کردگار
قەت نە نەخشاوە لە وێنەی ..
وا بەبیری یادگار

– ٦ –

ئەگەر هاتم
گوایە بە ناوی " چا " وە دێم
بۆ چا نایەم
بۆ بینینی ئەو چاوە دێم

– ٧ –

لەسەر لێوم زەردەخەنە نابینن
تا تریقەی جیهان دەنگ نەدەنەوە
ئەو گۆرانی و ئاوازانە شیرینن
کە دوای ئەشکی گشتی دڵ دەکەنەوە

– ٨ –

– مۆڵەت –
ماوەیەکە لە نەونیگای شیرینتا
لە ڕەهێڵەی بۆنی جوانی بارینتا
چۆلەکەکان بێ جووڵە و بێ جریوەن

فریشتەکان بێ زەوان و بێ میوەن
منیش تینووم بۆ دڵۆپێ تیشکی "ڕووت "
بۆ یەک دەنکە هەناری مێخۆشی "ڕوو "ت
کەی دێیتەوە چاوەڕێم چاو هەڵهێنیت
تا چەند دەنکە هەناریێ هەڵوەرێنیت

١٩٨٠

## باوکایەتی

هۆزاری دڵم لەناو قەفەزی
سینەمدا بەند بوو
سەردەمێکی زۆر ئاواز خوێنێکی
زۆر هونەرمەند بوو
نازانم لە کام کەلەبەرەوە لە من دەرباز بوو
خۆی دزییەوە
وتیان بۆیە ڕۆی بەرامبەر کەدەر
کز و لاواز بوو
وتم جا کەدەر کەی دەگاتە ئەو
لەو بەرزییەوە
وتیان بێ ناز بوو
زۆر بە ماتەمی و بە کزییەوە
بۆ دڵی ونبوم شارە و شار ماڵ ماڵ
گەڕام وەک عەوداڵ
گرد و هەرد و یاڵ
پرسیار و هەواڵ
نەمدۆزییەوە و نەمدۆزییەوە
****

لە خەو ڕاپەڕیم دەبینم " زریان "
دەگری و لە جێگە دوور کەوتۆتەوە
- وەرە دڵەکەم ، جەرگەکەم ژیان
وەرە باخەڵی باوکی خۆتەوە

١٩٨٠

# بۆ زۆر جوانێک

بۆ ئا

تۆ زۆر جوانی زۆر ناسک و قەشەنگی
ئەی کچەکەی دنیای هێمنی و مەنگی
یەکەم بینین هاتیتە هەڵبەستەوە
سەما و شنەت هێنایە ناو هەستەوە
هەر لە خۆت دێت پێکەنین و ڕووخۆشی
لێت شیرینە هەرچی بەرگێ دەی پۆشی
لەگەڵ هەموو ڕەنگێکدا شۆخ و شەنگیت
لەناو هەموو جوانانا خۆت پێشەنگیت
لە جوانیدا لەم شارەدا بێ وێنەیت
لە تۆ جوانتر کەس شک نابەم هەر تۆ هەیت
کە بە وشەی ناسکی لێو دەدوێی بۆم
بە هەزاران کاتژمێر لێت تێر ناخۆم
قژی زەردی درێژت وەک لاولاوە
لە گەردن و شان و بالآت ئالآوە
هەندێ جاریش لە پشتەوە دەیپێچیت
لە فریشتەی خەیاڵی شاعیر دەچیت
لەناو خونچەی خنجیلەی چەناگەتا
تیشکی جوانی باز ئەدا بە ڕومەتا
وەک قەڵبەزە لە ڕووم دەدا فێنکیت

هەموو لەشم دەگرێتەوە ، ناسکیت
****

هەتا بڵێی وردیلانە و خوێن گەرمی
لە دڵمایت و پارچەیەک لە جگەرمی
خۆشی دەوێیت مەلی دڵ لە ناخەوە
ئاخ بەجێمان دەهێڵیت بە داخەوە !
بەڵام بەخوا ڕوو بکەیتە هەر شوێنێ
یادگارت وێنە لام هەر دەمێنێ
هەرکاتێکیش بووم بە خاوەن دیوانێ
وێنەی چاوی گەشی تۆی تیا دەڕوانی

١٩٨٠

# بۆ شێخ زادە

ئەی شێخ زادەی پەریزادە
توو بی شیرت
توو بی لانە پیرۆزەکەی
باو باپیرت
ڕوویەک وەرچەرخێنە بەلای
منیشەوە
وەک پەپولە
بەسەر پەلی ڕوانینمدا
بنیشەوە
شەیدای خوێنە گەرمەکەتم
کوشتەی نیگای
چاوە مەیلە و نەرمەکەتم
****
ئەی شێخ زادەی گیان و دڵبەر
دەڵێن ئێوە بە پشتاو پشت
دەچنەوە سەر " پێغەمبەر "
دەڵێن ئەوەی لە ئێوە نەبێ ئۆمیە
مافی داخوازی و دڵخوازی و
ئاواتە خوازی بۆ نیە

قەدەغەیە بە شاتووی شێخدا
سەرکەوێت
نابێ تەنها دەنکە توویەکی
بەرکەوێت
نابێ توخنی ئەو باخچەیە بکەوێت
نابێ پەنجەی بەر خونچەیەک بکەوێت
****

گیانە توویی خواو پێغەمەر
توویی کاک ئەحمەد و غەوس
ئۆمیەکان مەدەنە بەر
تیری تانە و تەوری تەوس
بتانەوێ و نەتانەوێن
ئۆمیەکان خۆشیان دەوێن
ئۆمیەکان پەرژینتانن
هاوزبان و هاوژینتانن
****

ئەی شێخ زادە
منی ئۆمی منی سادە
نرخی جوانی تۆ دەزانم
من دەتوانم
لە باوشێ چەپکە جوانی ..
ڕەنگینی جۆراو جۆرەوە
لە شەپۆل و لە هێشووە کەفی تاڤگەی
بەرخۆرەوە
بۆڵە پرشنگی زێڕینت
دڵۆپ دڵۆپ بۆ بچنم
بە باڵاتیا هەڵ بچنم
من دەتوانم

بە کڵافەی ئاوریشمینی
وردەکاری سۆز و ژانم
وردە گوڵی تەختی رەفتەی
گەردن پۆشت بۆ بچنم
من دەتوانم
لە بن دەریای بەهرەی جوانیتا مرواری
دەر بهێنم
دەنکە دەنکە بیکەم بە ملوانکەی دیاری
بۆت بهێنم
چونکە نرخی زێڕ و گەوهەر
هەر ئەوەتا لای " زەڕەنگەر "
****
ئەی شۆخەکە ماوەیەکە
هەناسەت بۆ هەڵدەکێشم
تابلۆیەکت نەخشاندووە
لەناو هەستا
تۆ شێخم بەو
منیش هەر سۆفی و دەروێشم
چی دەفەرمووی
ئەوەتام وام لەبەر دەستا
هەر وشەیەک تۆ بیفەرموی
خۆی مووفەرکە
شێخ زادە گیان
ساتەکانی ژیانم پڕ پیت و فەڕ کە

# ڕازێکی نوێ

بۆ بێگەرد
تۆ چوویتە ناو
ناخی دڵ و خوێن و مۆخ و هەستمەوە
پەلت بەستووم
پەکت خستووم
کە نەتوانم هەستمەوە
ئەم تاوانە چی بوو کردت ؟
لەگەڵ هاوبیرێکی کوردت
شاعیرێکی سنگ فراوان
پەپولەیەکی بێ تاوان
****

تۆ وەک لاو لاو
لە درەختی عومرم ئالآیت و لە پاڵمایت
تۆ وەک سات و ڕۆژ و هەفتە و مانگ
لە ساڵمایت
ئەمە چەند ساڵە بیژمێرە
تۆ پێم دەکەیت کێشەو گێرە
دڵنیام کە بە ئا .. یان نا
نەک بەڵگەی بێ واتا ومانا

یان ئەوەتا وازم لێ بێنە و مەمناسە
یان سزا بەس بدە بەم ساوا کەساسە
بە ئەمڕۆ نا ، سبەینێ نا
ئەم هەفتەیە نا .. ئەوی تر
بەسە ئیتر .. نیشانم مەدە
شەوی تر
بە خەوی تر
****
گیانە ئارام .. لەمە زیاتر
هەرگیز بیستوتە و بینیوتە
لەوەتەی هەیت ؟
لەمە زیاتر خەم هیچ کەس پێی دراوە و
کەس پێی کراوە
تا تۆش بیکەیت
ئیتر بەسە وا تەواو بووم
وا پڕووکام وا لەناو چووم
ئەو دڵەت بۆ کێ داناوە
بۆ نامدەیتێ ؟
نزیکترین کەسم دوور نیم
تا نەمگەیتێ
من وام بەچاڵی لێژایی
ئەو گەردنە بێگەردەوە
هەناسەکەت ڕامدەژەنێ
بە مژەی ماچ و خەندەوە
من ئەوەتام لە مابەینی
جوتە مەمی ژیانتەوە
وەک ختووکە تەزوو دەخەمە ..
.. گیانتەوە

من وام بە میوەی سەر کوڵم و گۆناتەوە
لێوم دڵۆپە شەونمی شیرینی ڕووت ئەخواتەوە
من وام بە خاڵی نێوانی برۆتەوە
کە دەمی بۆ دەزووی نیگام کردۆتەوە

١٩٧٩

# دوای دە ساڵ

هەر بۆ بێگەرد

خۆشەویستیت چۆن دروست بوو
بۆ دروست بوو ؟
پرسیارێکە وەرامەکەی
هەستێکی ناسک و پوختەی
بیرێکی راست و دروست بوو
مەرامەکەی
دڵ و چاوی خۆشەویستیت
گەش دەبینێت
ڕەش دەبینێت
نیگای تیژی پاڵەوانی داستانەکان
نایانگاتێ
هیچ ئەڤینێ
لە هیچ کات و سەردەمێکدا
جێی ناداتێ
*****

مەگەر هەر ئەو داستانەی پێش
نۆ ساڵی پێش ئێستامەوە

که لە پەلەقاژەی نقووم بووندا دەستت
گەیاندمێ و هەڵسامەوە
جارێکی ترژیامەوە
****

بەڵام ئایا چۆن تۆ توانیت
نازدارێکی خنجیلانە
دەرپەڕینیت بێیتە سەر تەخت
تا ببیتە جێی پەژارە و جێی ئارام و
لێکدانەوەی منی بەد بەخت
****

ئەو چیرۆکەی هەرگیز ناگاتە کۆتایی
بە چەند جارە ناو بیستنێک
دەست پێ دەکات
لەگەڵ چەند کورتە بینینێک
بوونە سەرەتای شەیدایی
کسپە و سۆزی ئەڤینێکی ئاگرینێک
****

ئەوەی بینیم
جارێک بە ڕێکەوت وەستابوویت
لەبەردەرگا
منیش بەلاتا تێپەڕ بووم
تۆش وەک ماسییەکی سرکی
زۆر بە ئاگا
زوو خۆت کردەوە بە گۆمی
مەنگی ماڵدا و دەرگات داخست

ترسایت کە پرشنگی نیگام
لە پرشنگی نیگات بدات
نەک قولاپی بروسکەیەکی تروسکەی
کامێرای هەستم پێت بگات
****

جارێکی تر بە هەمان شوێندا ڕابوردم
گوێم لە دەنگی ئافرەتێکی
دەنگ قەیرەی زۆر
بە ویقار و بە لەزەت بوو
بانگی کردی بێگەرد ، بێگەرد
منیش هەنگاوی بە پەلەی
بۆ ماڵەوەی حەوانەوەی
دوای ماندوو بوونی فرمانم
سووک کردەوە
زۆر بە وردی
گوێم هەڵخست بۆ دەنگی بۆ یەکەمجار بیستووم
وەکو یەکێک وێڵی هەواڵێکی
نهێنی بێ بێت تا بیکات
بە ڕاپۆرتێ
تا پاداشتی ئافەرینێکی پێ بگات
نە جارێ بوو نە دوو نە سێ
بانگی دەکرد
بەقەد هەنگاوەکانی من
کە نیو کەوانی دروست کرد
لە سووچی بەردەرگای پێوە دراوەوە
بۆ پەنجەرەی بەرزی سەر کۆڵانی
تاکێ کراوەوە

دوای دوا بانگ گوێم لە دوو وشەی
پڕ لە گەشەی
پڕ لە نازی
پڕ ئاوازی
خۆشەویستن بوو
کچم هەستە ڕۆژ درەنگە
ئەوسا زانیم کە ئەو دەنگە
دەنگی بە سۆزی دایکت بوو
ئەوساش زانیم ناوت چی بوو
لە بێگەرد و نازەنین و جوانترین و
ناسکترین ناو بوو ناوت
****

کرێ نشین بووم وەک هەموو
کرێگرتە هەژارەکانی ئەم شارە
لە ژوورێکی بالاخانەی
ئەو خانووەی دەیڕوانیە
هەورەبان و سەربان و حەوشە خامۆش و
خۆشەکەتان
دیوارەکان لە نێواندا نەبوونایە
لە شەش هەنگاو تێ نەدەپەڕی دووریمان
کەچی بەرەو سالێک دەچوو
ئەوەندەی من لێت نزیک بووم
وەک هەزاران کیلۆمەتر
یەک لە یەکتر
دوور بین وابوو
بۆ نموونە کە بۆ یەکەمجار زانیم
دراوسێی تۆم
****

جار جارە کۆترم دەدین
سپی و ناسک
کە دەیاندا لە شەقەی باڵ و
دەفڕین و دەنیشتنەوە
پۆلە چۆلەکەشم دەدین
دەبوون بە میوانی ئازیزی کۆترەکان
پشیلەشم دەدی کە خۆی
قوتار دەدا لە کەمیندا
لە پڕ شاڵاوی دەهێنا
بۆ کۆتری نازدار و چۆلەکەی هەژار
گیانە خۆ من
نە پشیلە بووم ، نە داڵ ، نە دڕندە
منی ڕێبوار لێو بە خەندە
کاتێ بەلاتا ڕابووردم
بۆچی خۆت و دەرگاکەت لێ تووڕە کردم
تەنها نیگایەکی نەرمی
پڕ لە شەرمی
بێ تاوانم پێ دەبەخشیت
نەک بەردی پلار
نەک چڕنووک
نەک پەلامار
نەت دەزانی ؟
منێکی دڵشکاو تینووی دڵدانەوەم
نەت دەزانی ؟
منێکی بێ ناز بە دەرگا لێ داخستن
زامەکانم دێنەوە سوێ
ژانەکانم خۆی لە دیواری یادە
کوێر نەبووە کانمەوە

هەڵدەسوێ
****
تێم گەیاندیت خۆشم دەوێیت
تۆش پەیامی خۆشەویستیت
تێ گەیاندم
تۆش پەیمانی تا کۆتاییت
پێ گەیاندمم
ئەوەت سەلماند
بێ من ژیان بێ مانایە
خۆشەویستیم نادەیت  بە زێڕ
 بە سەرمایە
پلە و پایە
ئەم دنیایە هەرچی تیایە
بێجگە لە خاک
بەرامبەری خۆشەویستیت
بێ هاوتایە
بێگەردە و پاک
****

بێگەردەکەی شەست و نۆ تا حەفتا و نۆم
تەمەن وا پێی لە دە ساڵ نا شەیدای تۆم
زامەکانم هەتا ئێستاش هەر زامن
نزیکترین خزمن خاڵ و خوارزامن
لە سێ ساڵی یەکەمدا گزنگێ بوویت
لەو دیو ئاسۆم بۆ هیوام پرشنگێ بوویت
ساڵی چوارەم بە ئاشکرا هەڵهاتی
دڵت کردم بە خەندە ژمێر .. کاتی
ژینت کردم بە بەهەشتی عەشق و سۆز

عومرت کردم بە ساوایەکی پیرۆز
گیانت کردم بە تۆمارگەی ئاوازە
دەوڵەمەندت کردم بە شیعری تازە
نیشتمانم زیاتر خۆشدەویست چونکە
تۆی خوڵقاند و بۆمی کردیتە لوتکە
دەربەست نەبووم بمرم لە پێناویدا
چونکە نیگای تۆم دەدین لە ناویدا
دەربەست نەبووم ببمە گڕی گڕ گرتوو
چۆن پەپولەی عاشق نابێ بە سووتوو ؟
کەچی ئەوا تۆش خۆتت لێ تەراندم
تۆش دەفتەری دەساڵی دیت دڕاندم
بۆ خۆ دەربا زکردن و پەڕینەوە
لێم کەوتییە بەهانە دۆزینەوە
داوا دەکەی لەمەولا تۆم خۆش نەوێت
ئەی بۆ هێشتت
مەلی دڵم لە لانەتا ، بسرەوێت
چۆنت وێرا ئەوە بڵێیت
خۆشم نەوێیت
بۆچی خۆشەویستی کفرە ؟
بۆچی نرخی لای تۆ سفرە ؟
ئاخر بۆچی قینم لیت بێت ؟
وەک مرۆڤێکی شێت و وێت
چ کردارێک خوا نەکردە
ناپەسندە
ڕووی داوە لێت ؟
ڕقم لێت بێت
ئەگەر وا بێت
دەی فێری ڕق و قینم کە !

فێری پیشەی
نالەبار و ناڕەوا و ناشیرینم کە !
من ئەو کۆڵەم نە بەستووە
من فێر نەبووم قین هەڵگرم
باڵداری قین لانەی لەناو
هەستی مندا نە بەستووە
تەنانەت ئەو نەخۆشانەش
لە پەناوە
کە خڕکە بەرد دەهاوێژن
ڕقیان لە من نەبیستووە
ژیانم هەر بە خۆشەویستی هێناوە
وام ویستووە

# بێ ناونیشان

" هۆنراو " ێکم بۆ داناوی کچی کەش
هەر وەکو خۆت چاوی گەش و پرچی ڕەش
پەیژەیەکی لەبەردایە سەرکەویت
وەک ئاوێنە خۆتی تیا دەردەکەویت
خۆم لە یەکەم پلە دام ڕوو سەرەوژوور
لە منەوە تۆ پەنجا و یەک پلە دوور
****

بەڵام ناڵێم هۆنراوەکەم بۆ تۆیە
ئەگەر هەستی خوێندەواریش بۆی بچیت
دەڵێم نەء نا ، وای تێ مەگەن  درۆیە
تا ڕێ لە تۆ و لە هی تریش تێک بچێت
****

چیم گوت بەڕاست ؟! وتم تۆش ؟! نەء وا ناڵێم
لە ناخەوە پێم خۆشە پێ بزانیت
بەو مەرجەی بەس لە هەستی خۆتا بدوێم
کەس درکی پێ نەکات لامان میوانیت
****

نازەنینە ڕووخۆشەکە ، هەرچەندە
قەت قوم نادەم لەو لێوە شەربەتییە

هۆی زۆر جۆرە ، ئامار ناکرێ چەندە
بەس یەکێکیان بێ کۆشکی و دەست کورتییە
****

تۆ کچی ئەو خانەوادە سێ کۆشکەیت
ئەوەی کە وەک خۆی نەبێ ، بۆی ناڕوانێت
بەچی دەچێ بە بەستەیەک دڵ خۆش کەیت
خاوەنەکەی ، بە سەردانێک نەتوانێت
****

خاوەن بەستە هەژارە و لێی ناترسن
بێت بەوێدا پشتی ملی گیراوە !
لە مۆدێلی سەیارەکەی دەپرسن !
هەزار یەکی نرخی هەڵنەگیراوە
****

لەبەر ئەوە پەریزادە کچی خۆر
زۆری ماوە ، پەیڕەوی یەکسانی .. زۆر
زۆری ماوە کە هەژارێک بتوانێت
دەوڵەمەندێک لە لای خۆیەوە دانێت

# چەند تاڵە بیرێکی ئاڵۆزاو

– ١ –

حەزم دەکرد ببومایە
بە هاوڕێ ی نازی هەڵبەستێک
بێ جیا بوونەوە لێم بستێک

کاتێ بمویستایە بچم
بۆ دیدەنی خۆشەویستێک
من تێر بمگوشیایە دەستێک
ئەویش دەستێک
لەگەڵ دەستە خوشکەکانی
وەک پەپولە بفڕینایە
بۆ سەر لێوە سوورەکانی
منداڵە بێ نازەکانی
نزیکی شار
ببومایە ، بە گۆرانی و بە سروودی
شوان و جوتیار ،
جار لە دوای جار
بگوتراین و بگوتراین و بگوترایناپەوە ئێجگار
ئێجگار ، ئێجگار

زیاد .. لە هەزار
ببوینایە بە قەڵبەزە و خوڕەی ڕووبار
بە کانیلەی گیا شۆرەی سەوزایی بنار
بۆ ئارامی ڕێبواری ماندووی ڕاگوزار

— ٢ —

حەزم دەکرد باوکی هەڵبەستێک بوومایە
لە باوەشی دایکێکدا .. خۆم
بە دڵی خۆم
هەر خۆم هەڵمبژاردایە
نیگای بۆ سۆز ، خۆشەویستی
ساماڵ ، ئەستێرە ، سەربەستی
مەل چرۆ ، چڵ
پەپولە و گوڵ
بناردایە
شنینەوەی ، بزە و تریقەی بە گۆنا گەیاندایە
جارێک بیگوتایە بابە
دە جار بیگوتویە دایە
تێر باوەشم بگرتایە
هەناسەیم هەڵمژیایە
چەند بە تیلەی چاو بە ڕوومیا بڕوانایە
شەتڵی گەشەی لە ناو هەستا بڕوانایە
ئەم گرێ و گۆڵە ئاڵۆزکاوەی بەختەمی
کەمێ بڕەواندایەوە
ئەوسا دەبووم بە ئاوازێک
دەچوومە گەرووی " نای " ە وە
پەپولە ئاوارەکانم

\- ٣ -

حەزم دەكرد هۆنراوەیەكم هەبوایە
منداڵانی پەروەردەی باخچەی ساوایان
لە پەلكە زێڕینەی قژیان تێر بدایە
قردێلەیەكی ئاوریشمین و تەوقەیەك
دەركەوتایە
لەگەڵ هەموو بازدانێكدا نەكەوتایە
بە ڕەنگێكی پیرۆزەیی دروشمیان هەڵگرتایە
شیعر نانە ، شیعر گیانە
شیعر ژیانە ، ویژدانە
شیعر ژانە
جوانە ، ژوانە ، بارانە
دایكم ، باوكم ، نیشتمانە
خوشكە ، كچە ، دەزگیرانە

****

شیعر باخچەی ساوایانە
شیعر بڕوایە ڕێگایە
شەتڵ و نەمامی درەختی
سەوزی بەرزی زانستگایە
قوتابیە ، مامۆستایە
شیعر چرای شەوی هیوای
چەوساوەكانی كوردستان و دنیایە
هەرچی ئاوات و هیوایە
لەناو گلێنەی شیعرایە
شیعر خوایە

– ٤ –

حەزم دەکرد هۆنراوەیەکی ئاگرین
شاکارێکی کسپە و سۆز و ژان و ئەوین
بدەمە دەست فەرهاد و بیبات بۆ شیرین
مژدە و مزگێنی بداتێت
مادام زەوی نابێت لە ڕاوەستان دا بێت
هیچ مرۆڤێ نابێ لە ژێر دەستاندا بێت
بلێ شیرین
وا هیوای " ژیلوان " ی شەهید
شەفەقێکە لەسەر ئاسۆی سوور و ئاڵە
ڕووی خۆر بە بێژنگ ناگیرێت
شیرین ، شیرین
تاڵ هەر تاڵە
ئەویش مژدانە ماچێکی تەڕ و پاراوی بداتێ

– ٥ –

زۆر حەزم دەکرد شیعرێکم دابنایە
بۆ کچێکی شۆخ و شەنگم بنار دایە
ڕوون و بێگەرد
بیکاتە ئاوێنە و قژی لەبەردا دابهێنایە
بەڵام ئاخ ، داخی گرانم
کەبێ بەهرەم و ناتوانم
منێکی بێ دانیشتنێکی دوو قۆڵی
دەست گوشینێکی دوو قۆڵی

یان گەڕانێکی دوو قۆڵی
یان ژوانێکی دوو قۆڵی
یان گریانێکی دوو قۆڵی
ئەو سەر بکاتە سەر ئەژنۆم
منیش سەرم لەسەر قۆڵی

منێک ، تروسکەی باڵێکی
کەلێکی ڕووناکی نەدیو

منێکی وا داخ کراوی
پشکۆ بە پێدا چزاوی
هەناسە هەڵکڕوزاوی
پلیشاوە
لە دووکەڵ و بۆچرووک و
سووتوی ڕەشبینی بەو لاوە
من چی ڕیز کەم
چی پێشکەشی خۆشەویستێکی ئازیز کەم
لە خەزاندام و ناچارم
کە دەبێت ڕوو لە پایز کەم

– ٦ –

وتیان تۆ کێیت ؟
چیت و لە کوێیت ؟
من ئەوەتام
لەناو نەخۆشخانەیەکدام
نەء ببورن
من خۆم نەخۆشخانەیەکم

شێرپەنجە ، سیل ، گرانەتا
تاعوون ، پەتا
شەکر ، دڵ ، سنگ ، تەوژمی خوێن
یەک بەدوای یەکتریدا دێن

دەک بەخێر بێن !
لە هەموویان زیاتر شێتی
دێنێت شاڵاوی برسێتی
ئایا لە دەنگی ئازار و ناڵە و گریان
چی تر هەیە لەناو نەخۆشخانەیەکدا
چی دەبیستی بێجگە لە ژان ؟!

****

شیرینەکەم
بێگەردە نازەنینەکەم
لەپاڵ ئەمانەشدا من هەر خۆشم دەوێیت
وەکو ژیان
وەکوو پاکی ئەوینەکەم
خۆشەویستی تۆش یەکێکە
لەو نەخۆشی و شێتیانەی
کە هێرشیان هێناوە بۆ
کەلاوەی نەخۆشخانەکەم
من شەیدای تۆم
من هەر لای تۆم
ئەی تۆ لە کوێیت
ئەی تۆ کەی دێیت
تا فەرشی نازت بۆ ڕاخەم لە دیوەخانی گەردووندا
لەژێر سامانی دەروندا
هەر کاتێک هاتیت بەخێر بێیت

بەڵام حەزم دەکرد ئێستا
لام بوویتایە و لات بوومایە هەست لە هەستدا
وەک تیشکی ڕووناکی بڕۆیت
لەناو گلێنەی هەڵبەستدا

– ٧ –

شیرینەکەم
حەزم دەکرد هەموو تاڵێک لە قژی تۆ
بهۆنمەوە بە زەنگیانەی ڕەنگینی
هەڵبەستەکانم
حەزم دەکرد هەموو خاڵێکی گەردن و
گۆنا و سنگت
بکەم بە نوختەی وشەی ناو ڕستەکانم
حەزم دەکرد هەموو هەناسەیەکی زۆر
قووڵ مەنگت
بکەم بە بینی شمشاڵی گەرووی شوان و
لێوی " مەم " ی هەستەکانم
حەزم دەکرد هەموو پیتێکی ناوی تۆم
بکەم بە نۆتەی ئاوازی
تەلی کەمانی زیوینی
خاتوو زینی
بەستەکانم
حەزم دەکرد هەموو تیشکێکی چاوی " تۆ " م
بکەم بە هەتاوی وێنەی
پەردەی سینەمای دەروونی تاریکستان
هەر دڵۆپە شەونمێک لەو
فرمێسکانەش کە بۆت ڕشتووم

لەگەڵ مەرەکەبی بیرا تێکەڵیان کەم
بۆ نووسینەوەی چیرۆک و شیعر و داستان
****

زۆر حەز دەکەم ئەی شۆخ و شەنگ
جاو ئەبڵەقە نێرەمووکە چەپەڵەکەی
کەوا خۆی بۆ حەشار داویت
تەڵە و داوی
بۆ داناویت
هەتا بکەویتە ناوی
بکەم بە پەنگ
ریسوای هەتا هەتا ی مێژووی جیهانی کەم
لەعنەت لە ناوچەوانی کەم
بە خەڵووزی دارەبەنەکانی کەژی سەوزی نەدیو
بە دووکەڵی قرچە قرچی
جگەر سووتاوی دڵ تەزیو
بە قیری قینی تووارەی هەستی هەتیو
چاوی داگیر کەر بۆیاخ کەم
هاوپەیمانی پێ سواخ بدەم
تەما و ئاواتیان داخ بکەم

---

تێبینی : ئەم شیعرە لە زەمانی ڕژێمدا بڵاو کراوە ، دەبوو هەندێ وشە لە هەندێ جێدا دابنێم تا بڕوات ، ئێستا وا لێم کردنەوە .

# تاوان

ڕیسوایەک سەری لێ دەدان لە ناکاودا
لە سەرەتای چێشتەنگاودا
یان دوای تارمایی خۆر ئاوا
شەوی دەگەیاندە درەنگ
وەک ئەوانەی هەموو شەوێک
دەچن بۆ یانە یان ئاهەنگ
هەندێ جاریش لەوێ دەنوست
لە تاکە ژوورەکەیاندا
لەگەڵ خۆیاندا جێگایان بۆ ڕادەخست
لە " خانەخوێ " ش وایە بێ خەش و
دڵسۆز و خزم دۆستە
چونکە خزمە
نەیان دەزانی ئەوەندە ڕەووشت نزمە !
مایەی کۆستە
بۆ تێر کردنی هەوەسێک
چێژێک ، نەوسێک
بە رەفتارێکی ناڕەوای وا هەڵدەسێت
بۆ گشت کەسێک
ببێت بە پەندێک و دەرسێک
****

بەڵام لەخۆی پشت ئەستوور بوو
وەک وتراوە
" ئەگەر دز و خاوەن ماڵ یەک بن " یەکتری هەڵبژێرن
" مانگاش بە کڵاو ڕۆژنەدا هەڵدەگێڕن "
دوو دزەکەش
کوڕە پوور و کچە پوور بوون
مامزەکەش
بەو دوو دەستە بەرەو ژوور چوو !
سەرەو ژوور چوو
بەرەو دنیایەکی دوور چوو !
ئەم چەپەڵە داوێن پیسە بێ وێنەیە
لە پێشەوە دەیگوت ئەمە دیدەنییە
دڵیش دڵ بۆ دڵ ئاوێنەیە
کە سەو پشتە و جەردە نییە
دەبێ زوو زوو بچێ دەنا
ناحەوێتەوە و ناژی و نا
ئەی پوورزا وەک " دیدە " نیە !
لە نەخشەی ژین بەدەنا ..
کێ دەڵێ .. نا ؟!!
****

ئەم کابرایە بە قەڵافەت
پێی دەگوترا ئادەمیزاد
بەلام ئادەمیزاد نەبوو !
دڕندە بوو
کوشندە بوو
بێ کەم و زیاد
چونکە هەرچی مرۆڤایەتی و پیاوەتی و
دۆستایەتی بوو

کورتی بوو
ئەوەی دەیدی جانەوەری  دەهاتە یاد
ژیری : سفر
زانین ،  ڕۆشنبیری : سفر
بیرو باوەڕ و ئەمینی
لە کردار و هەڵوێستا کەس نەی دەبینی
تەشی ڕێسی دانیشتووی بەردەرگا و کۆڵان
کە دەیاندی دەیان بۆڵاند !
نزایان بوو کە نەچێتە
خەوی هیچ ئافرەتێکەوە
نەک بتۆقێت و بەیانی
بخرێتە دارمەیتێکەوە
****

ڕاستە  هەیە لە ڕوخساردا ، شێوە هەژار
بەڵام دەوڵەمەند ڕەوشتە
ڕەوشتی جوان مرۆڤ دەکات بە فریشتە
زستان دەگۆڕێت  بە بەهار
گوڵ دەکاتە بەری  وەکو پەری پۆشتە
بەڵام ئەم خۆ نەیکردبێت
کەسێک لە سەرزەنشت و زەم ..
بەولاوە ناوی بردبێت
فشەکەر و خۆ هەڵکێشان ڕێبازی بوو
گەلێ لە خۆی رازی و لە گشت نارازی بوو
فس فس پاڵەوان بۆ خۆی بوو !
مەلەوان و دارەوان و
ڕاوچی و شاخەوان بۆ خۆی بوو !
زۆر گەمژەش بوو .. بۆیە نازناو
پڕ پێستی بوو " کەتەی کەر پیاو " !

بەڵام دایکەی خوێش خۆشەویست
خۆش بڕوا بوو
هەرچی ئەولای باس کردایە لەلای وابوو
بۆیە گەلێک حەزی دەکرد بە زاوای بێت
خۆ بە ساقە و لە دەور گەڕی ساوای بێت !
****

دایە کاتێک سینی دێنم بۆی دادەنێم
بە چاوێکی نائاسایی بۆم دەڕوانێت
من دەترسم
یان کە پەرداخە ئاوێک ، چایەک
وەردەگرێت لێم
دەستێک دەهێنێ بۆ دەستم
من دەترسم ،
- نانا کچم لێی ئەمین بەو هیچ مەترسە
وابزانە کە دەستەکانی ماچ کردوویت
لەم ڕەفتارە بێ بایەخانە مەپرسە
لەمانە زۆر بەسەر خۆشمدا هاتووە
- دایە ڕۆژێک تۆ لە بازاڕ بوویت و منیش جلم دەشت
هات و دانیشت
منیش هەڵسام چووم بەخێر هاتنی بکەم
لە وەرامدا وتی بژیت شیرین گیانە شیرینەکەم
- کچم ئەوە زبانی شیرین و پاکە !
دڵنیابە کوڕی چاکە
- دایە ئێوارەیەکی دی کاتێک دەرگام لێکردەوە
چاوی چەپی لێداگرتم !
منیش لچم لێ هەڵقورچاند
لای خۆی لاساییم کردەوە
کەچی نقورچێکی تیژی لە قۆڵ گرتم

- نا کچم نا ئەوە هەر خۆی چاوی وایە
کەمێک خێڵ و خواری تیایە
ئەمری خوایە
تۆش لچت هەڵقورچاندووە
داخی دڵی خۆی بوو پێتی نواندووە
دەستی خۆش بێت
جێگە دەستی شین بێتەوە !
بەسەزمانە
ئەو هەر دڵی لە لای ئێمە دەکرێتەوە
کەچی دەچیت لچی لێ هەڵدەقورچێنی
ڕەزات خواتەوە ئەمەیە
مانای عازەبی و کچێنی ؟!
- دایە ڕۆژێک ووتی بچین بۆ سینەما !
فلیمێکی هیندی خۆشە
وتم نایەم لێم ببورە پێم ناخۆشە
کەچی توورە بوو خوای نەما !
نەڕەیەکی بە سەرمدا کرد و گوتی
ئای لەو بیرە پووچ و بۆشە !
قابیلە حەز نەکەم بچم بۆ سینەما
بەڵام چۆن حەزی ئەو دەکەم
بە " سینە " ما !
- کچم ، کچم
ئەمە چیە ئەچم بچم
ئەوە تاقیت دەکاتەوە
بلیمەتە و گوتوویەتی
بزانم شیرین چی دەڵێت !
غەریب نەبێت بەلاتەوە
ئەم وردە بابەتەش دەبێت

- دایە ڕۆژێک گوتەیەکی ئێجگار سەیری
دا بە گوێمدا
- چی پێ گوتیت
- گوتی دەمەوێ بتهێنم
تێ گەیشتیت؟
- ئەی تۆ چیت گوت ؟
منیش گوتم تۆ ئەو پێڵاوەی لە پێمدا
ئەی چی بڵێم ؟
کەچی ئەویش هەتا توانی
زللەیەکی کێشا پێمدا
منیش گریام گوتم دەبێت
بۆ باوکمی بگێڕمەوە
دوو سیخورمەی تری لێدام
هەڕەشەی لێ کردم ئەگەر
ئەم قسەیە ئاشکرا کەم
بمداتە بەر نووکی خەنجەر
- کچم جا بۆ پێت گوت پێڵاو ؟
هەی داوەشاو
بت گوتایە
لە دەست دایک و باوکمدایە !
- چۆن وا بڵێم
ئەگەر ئەوەم بگوتایە
مانای ڕازیم
ئەوە ڕوو بدات من نازیم ،
بۆچی ڕاست نەینێمە مشتی
ئاوا نەیشکێنم پشتی
- کچێ چەنە چەن ، دەم درێژ دەم چیکەنە
ئەو سەرینە ژێر سەر بنێ

ئەو بیرە پووچە هەڵکەنە
تێ بگە .. تێ !
خزمی خۆتە و زۆر چالاکە
لە ئەو زیاتر ناتدەین بە کەس
" پاروو ئەگەر لە دەم داکەوت بۆ کۆش چاکە "
بیبڕەوە بەسێتی و بەس !
پورزای خۆمە و تاقانە شە
لەوانەشە
سبەی ببێت بە ئەفەندی
ئەوسا ببیتە دیمەنی
ڕێک و پێکی و دەوڵەمەندی
- خوا بیبڕێت ، نامەوێت ، نا
بشمکوژن شووی پێ ناکەم
با خزمیش بێت
پێڵاوی وا لە پێ ناکەم !
- ڕازی بیت و ڕازی نەبیت دەبێ بیکەیت !
- بەو خوایە خۆم لەناو دەبەم
- چاوت دەرێت
- شکات دەکەم
- بەسە درێژەی مەدەرێ
دەی بۆ دەرێ
****

شیرین و فرمێسک و هەور و خەفەت و ژان
هاتنە دەرێ و سروشتیان خستە گریان
نمەی باران
دای لە یاران
دڵی گریاند

گوڵی پرواند
****

دیار بوو دایکە کەتەی هیوادار کردبوو
بەڵام لای باوکە شاراوە
ئەوی ئاگادار کردبوو
کە زۆر پیاوە !
هەر ئەو بە تەنگمانەوە دێت
بۆ گشت کارێک
هەر خۆی بە دەنگمانەوە دێت
هەموو جارێک
****

کەتەی کەرپیاو ئەمشەو خەوی لێ زڕاوە !
خەیاڵی " شیرین " لێی داوە
ئەوانی تر هەموو لە ژێر
باڵی فریشتەی شەودا بوون
لە نوێنی شڕی خەو دا بوون
باوکی شیرین پاسەوانی
ئێشک گری شەوگارە
پارێزەری قفڵی دوکان و دەروازەی
ناو گوزەر و ناو شارە
سەربازێکی نە ناسراوە !
دڵسۆزێکی نادیارە
****

" کەڵەشێر " پێش " فەقێ " و " مەلا "
بانگی دا
هێشتا سەرنجی ئەوەتا
لە دەم و لووت و ڕوومەتا
لە برۆیدا ، برژانگی دا

لە گەردن و لاجانگی دا
جووتە کەوی هەڵنیشتووی سەر
سنگی نەرم
هەڵدەکێشی هەناسەی زۆر
قووڵ و گەرم
هێشتا سرکن
لە ژێرکراس و کراس
دوگمەی سوخمەکەی بەولاوە
هیچ ڕاوچیەکی دەست نەوسن
هەتا ئێستا پەنجەیەکیان لێ نەداوە !
****
قژ پەخشانە بەسەر کوڵم و
بەرەو سینە کشاو تاڵ تاڵ
لە ژێر تارای گڵۆپی سفرا
تاڤگەیەک
لە کریستاڵ ، درەوشاوە
وێنەیەکی هونەرمەندانەی کێشاوە !
لێو گێلاسێکی دوو قۆشە
خۆی زۆر خۆشە
بەڵام ئێستا ئێجگار خۆشە
****
لنگەفرتێی منداڵی ژێر لێفەی خێزانی
ئاشکرای کرد لە شیرین دا
شلکەی ڕانی
کراس تەنک
گرمۆڵە بووی بەرەو ژووری
ناسکە شووشەی بلوورییە
دەری خست ئەو شوێنەی کە هۆی

دۆڕاندن یان ڕوو سووریە
****

ئاخ شیرین ئەی کچە جوانە هەژارەکە
بۆ مایتەوە !
بۆچ وەک دەڵێن
بەخت و ناوچەوان وەرامیان نەدایتەوە ؟!
ئەگەر کچە سەرمایەدارێک بوویتایە
ئاخۆ ئێستا لە چ نازێکدا بوویتایە !
لە باخەڵی چ دڵخوازێکدا بوویتایە ؟
لەگەڵ کام لاوی زۆر قۆزی
خاوەنی تەختی سەردەمدا
لە کۆشکێکدا لە نوستنگای
نەرم و شلدا
دەست لەناو گەردن و ملدا
لەسەر مەمدا
دەم لە دەمدا
شەوتان بەڕێ دەکرد و ڕۆژ بە شەوقەوە
بەرەوپیرتان دەهات لەگەڵ
چەپڵە و سەما
بە زەوقەوە
بەلام ئێستا گورگێک خۆی بۆ
سەرخۆش کردوویت !
پشیلەیەک وا مرخی خۆی
لێ خۆش کردوویت
کەتەی کەرپیاوی داوێن پیس
ڕووی لە باوەش و کۆش کردوویت
ئەو ناکەسە ڕەوشت نزمە
وەک مۆتەکە و مێردەزمە

خۆی دا بەسەر سنگ و مەمی شیرین دا
دەستی خەمی نا بە دەمی شیرین دا
تاکوو نووزە و هاوار و نارەزایی
نەگاتە گوێی پوورزا کەی و
هاوسێی نزمایی و بەرزایی
ژەهری ڕۆژانی ئارەزووی
ڕشت بە شەوی شیریندا
بوومەلەرزەی چاند لە خەوی شیریندا
هەرچەندە خۆی ڕاپسکان و
لە ژێرەوە هەوڵی دا
بێ هوودە بوو هێز و تین بەکار هێنان !
وەکوو بەرخی پەل بەسراوی ژێر چەقۆ
کۆڵی دا
خۆی دایە دەست خوای ویژدان ،
وەک دیلێک ، داماوێک
بە ئاستەم هەناسە تیا ماوێک
چاوەڕێی دەرچوونی گیانێتی
تازە کوا بە هیوای پاشماوەی مانێتی !
****
مام ڕەسووڵی کاروانی شەو
بەڕێ کردووی
هەست بێداری جەستە ماندووی
وێڵ و عەوداڵ
بۆ ژیان و گوزەران و
تێر و تەسەلی و پۆشتەیی
ژن و منداڵ
لە دوای نوێژ و پارانەوە و لالانەوە ی
بەر دووکان و

سەرجامانەی بۆ بووی بە مزگەوت و
بەرماڵ
وەکوو هەموو ڕۆژانی پێش گەڕانەوەی
بەرەو ساماڵ و پرشنگ و
ئارامگای ماڵ
سەلاو لە " نانەوا " کرا و
چارۆکەکەی پێچایەوە
گەرمە کولێرەی هەر ئێستە
لە دایک بووی
ڕوومەت ئاڵی خاڵ خرپنی هێنایەوە
****

ناڵەیەک هات ، نەء بوو بە دوو
وا بوو بە سێ
هەموو گەڕەک و دراوسێ
ڕاچڵەکین و ڕایان کردە
بەر دەروازەی ماڵە " تەقە "
- چی قەوماوە
- ئەو کابرا شێت و دڵ ڕەقە
سێ کەسی کوشت ، بەم سبایی ساڵحانە
- ئەی نەیان گرت
- با .. بردیان بۆ پۆلیسخانە
- ڕەسوڵ تۆ بۆ ئەو سیانەت کوشت
- بۆمان بدوێ بە وردی گشت
- گەورەم لەسەر شەرەفی خۆم
گەلێ ئازارم پێ گەیشت
کە بەم دوو چاوەی خۆم بینیم
دەتکێت ڕەوشت
دیم بەسەر کچەکەمەوە ، کچم ، کچم !

ئەی چی بکەم بۆ کوێ بچم
- دایکیت بۆ کوشت ؟
چونکە لای من لێی کردبووم بە برا و پشت
کەچی لە تەنیشتی ئەودا
کرا کاری وا بێ ڕەوشت
ئیتر فەرمان فەرمانی دادگا
بێ گومانم بە بەندی تا مردن دەگا

# پرشنگ

" لە زمان خوشکەکەیەوە "

بە سۆزی وشەی گەشاوەی گەرمت ..
بۆ دنیای خۆزگەی شادیت دەبردین
بە دەست و پەنجەی ناسک و نەرمت
سارێژی زامی بە سوێت دەکردین
****

یادم هەمیشە کامی تۆ دەکات
وەکوو شەونمی سەردەمی گزنگ ..
ئەی کێ تیماری زامی تۆ دەکات
خوشکە جوانەکەم .. گیانەکەم ، پرشنگ
****

لە باخی ژیندا .. دەگەشایتەوە
وەک زەردەخەنەی سەر لێوی پەری
داخەکەم تا سەر نە حەسایتەوە
گوڵی تەمەنت بە لاوی .. وەری
****

خەستەکان جەستە پڕ ژام و ژانن
وێڵی ژوانن ..
چاوەڕێی دەرزی و پەنجەی نیانن
بەڵام نازانن ..
کە وەک پەروانەی عاشق و شەیدا
گڕت لە گیانی بێ گەردت بەردا

# هەژدەی سێ

١٨ / ٣ / ٢٠٠١

لە حەفتا و سێدا تەمەنی دە ساڵان بوو
لەگەڵ کۆرپە شیعرەکانما دەست لە ملان بوو
ئەم سەرەتای ساڵی سەدەی بیست و یەکەش
نیوەڕۆی ئەمڕۆ یەک شەمە
ساڵڕۆژی چاو هەڵهێنانی "سیو هەشت " ە مە
لە ساتە پڕ لە گینگڵ و پڕ لە کسپە و سۆزەکانی
شەست و سێدا
لە نێوان دوو دراوسێدا
لە سلێمانی
دەرگەزین
نزیک ئەسحابەسپیدا
چوار دەستی برسی بۆ یەکتر هەڵگلۆفین
چوار لێوی تینووی خۆشاوی ..
.. هەناساوی
یەکتر مژین
چوار مەلی دیدەی جووت باڵی
برژانگ کراوەی تاساوی
لە یەکدی ڕامان تێر نەبوو

چوار گوێی ناخ تامەزرۆی چپەی
بۆ یەکتر دوو ..
دوو دڵی پڕ لە ژان و ژووری پێشتری
هۆگری نزیک بوونەوە
لە ژوانگەی هەژانێکدا
لە ئانێکدا
بەڵێنێکی نەگۆڕی .. تا ..
گۆڕیان پێکتر گۆڕییەوە ..
تا پێکەوە .. لە یەکتردا بتوێنەوە
شیعر و ئاواز و گۆرانی بۆ دوارۆژیان
داهێنن و بنووسن و بڵێنەوە
****

لە کوردستانە جێ داستان و دیوانەکەماندا
– مارت – ی
پڕ لە بۆنەی شیرین و مێخۆش و بۆن خۆش و
هەندێ جاریش تفت و تاڵە ..
یەکێ لەو بۆنانە "کارت "ی
هەژدەی هەمیشە قەشەنگ و گۆنا ئاڵە
****

لەو ڕۆژەدا ساوایەکی خنجیلانە و
نەرم نیان
ساوای پەیمان
وەک مەسیحێک لە مریەم بوو
لەو چرکە پڕ لە مووچڕکە و چریکەدا
مەلی باڵ ڕەنگینیی هیوای من و پەری
بەرەو ئاسۆی
بەهەشتێکی پڕ لە ئاسودەیی فڕی
نەورۆزە پیرۆزەکەمانی بۆ کردین

بە دوو جەژن و بە دوو خەون
خاک و زمان و نەتەوە و شار و گوندی
شاد و ئاشنا کرد بە من .
بۆ زیاتر خۆبەخت کردن ،
****
بەڵام ئاخ ساڵی هەشتا و هەشت ..
کە تەمەنی پەیمان خان بوو بە بیست و پێنج
ئەو یادەمان لێ بوو بە شیوەن و پرسە
هەر مەپرسە
خۆت لە خۆم زۆر هەسیتار تری
بەزەیی و سۆز باڵا تری
دەزانیت چەند پڕ لە ئەندیشە وترسە
دڵنیام هەرگیز لە یادت ناچێتەوە
لانەی لە دایک بوونەکەت
بە مەرگەسات
چی بەسەرهات
بۆیە لێم مەگرە کە دەڵێم : بەداخەوە
نۆزدە ساڵە وا بوو بە بیست
باڵای شیعرێک ڕاگوزاری نە کردووە
دیدە و گەرووی ساڵڕۆژی شوومی کارەسات
لە شانزە و هەڤدە و هەژدە دا
بۆ فرمێسک و هەنیسک نەبێت گۆیان نەکردووە
ساتێ کە یادی پێنج هەزار فریشتە مان دەکەمەوە
ساتێ ئاور لە دۆستە ئازیزەکانی هەردوکمان
دەدەمەوە
بەو گەورەترین خەمەوە
سڵ لە هەرچی پیرۆزییە دەکەمەوە
****

ئەی پەری هاوپەیمانەکەم
ئەوسا و ئێستاش ، هەر گیانەکەم !
بەخشین لە خۆت و لە خۆم و
بیسەرانیش داوا دەکەم
کە نەمتوانی دوای مەرگەساتی هەڵەبجە و
مەرگی دایک
گەردانەیەک وەکوو ساڵی ..
هەفتا و سێت بۆ بهۆنمەوە
کە دەست دەبەم بۆ تێنوسێک
تیا بنووسم
هەزار ئەفسوس
دەلەرزن پەنجە و پێنووسم

٢٠٠١/٣/١٨
ئینگلتەرە - هۆڵ
Hull

# دایکی دڵسۆز

ئەی شەونمی فرمێسکی قەتیس ماوی شەوبۆی چاو
بەس بلەرزە .. بە کڵپەی گڕی دەروونی قرچاو
ئەی هەناسەی پڕ تاسەی هاڵاوی سینەی گەرم
بەس بیتاسێنە گەرووی وشەی ناسک و نەرم
ئەی ئەموستی ژێر چەنەی ئەنیشکی سەر ئەژنۆی خەم
بەس گوێ شل کە بۆ ناڵە و قوڵپی هەنیسکی ستەم
ئەی خونچەی کاڵی لێوی دەمی گۆپکە پەمەیی
بەس بێ مژینی گەردی ماتەمی و بێئۆقرەیی
ئەی قژی زەردی خاوی پەخشی فریشتە شێوە
بەس بژاکێ و داپپۆشە ئەو ڕوخسارە پەشێوە
ئەی ساوای وەک ئەستێرەی باوەشی هەوری پەستی
بەو نیگا ورشەدارەی .. پڕن لە خۆشەویستی
بەو تریفەی خەنینەی ناخی هەست ئەبزوێنێ
بەو گڕو گاڵەی کە بۆی باخی شادی ئەهێنێ
تەمی ئاسمانی دڵی دایکی داماو .. ساماڵ کە
ڕووی گوڵی زەردبووی ژاکاو بە شنەی شەماڵ ئاڵ کە
ئەی خوشکی خاوەن دڵی پڕ لە سۆز و بەزەیی
منیش خوێنی ئارامم پژا بە شپرزەیی
وەک تۆ بەڵکو زۆر زیاتر بوومە هاوڕێی خەمگینی

کە شێوەی کڵۆڵیتم لە کۆشی ژینا بینی
****

ئەی هێلانەی ژیانی بەختیاری لێ شێواو
دایکی ساوای نۆبەرەی تاقانەی باوکی کوژراو
ئەزانم دڵی زاری نائومێد و زامدارت
ناتوانێ خۆی راگرێ و سارێژ نابێ ئازارت
ئەزانم کانی بیرت سەرچاوەی یادگارە
مانگی سامانڵی دڵی ڕابوردووتی تیا دیارە
چونکە هەردو نموونەی پاکی و خۆشەویستی بوون
سەردەمێکی زۆر بتی یەکتری پەرستی بوون
لە دوای دڵداریەکی پڕ لە هیوا و خەو بینین
کە بنچینەی پەیمان و وەفا بوو نەک دەست بڕین
بەیەک گەیشتن .. گوڵی هەردوو دڵ گەشایەوە
نەمامی خۆشەویستی چرۆکەی پەخشایەوە
ئاوات و خۆزگەی دڵی لاوی هەردوو هاتە دی
هەتا ساوای بەرهەمی خەوی هیواتان تیا دی
سۆزی ئاوازی شادی و ژیانی بەختیاری
ساوای خرپنی ڕووخۆش هەمووی هێنا بە دیاری
****

بەڵام بێگومان سۆزی خۆشەویستی نیشتمان
بە نرخ و پیرۆز ترە لە خێزان و ماڵ و گیان
هێشتا " دڵسۆز "ی ساوای خونچەی تازە پشکوتو
تازە میوانی دنیای شەشەم مانگی تەمەن بوو
شەهید بو شەهیدی ڕێی سەربەرزی سەرفرازی
ناوی هاتە ناو ڕیزی نەمری و جێی شانازی
ئەستێرەی ناوی گەشی لە سامانڵی خەباتا
ورشەدار و بڵند و پیرۆزە هەتا هەتا

تۆش دایکی کۆرپەی ساوا توخوا مەکڕوزێرەوە
سروودی نەبەزین و تێکۆشان بڵێرەوە
بە ئاوازی ناسکی ناو گەرووی خنجیلانە
بیکە بە لایەلایەی خەوی ساوای ناو لانە

---

تێبینی : ئەم شیعرە زۆر درێژە کاتی خۆی لەبەر ڕژێمی بەسەر چوو ، ئەم نەختەم بۆ دەربازکرا ، هەرچەندە هەوڵم دا ئەو ژمارەی ڕۆژنامەیەم دەست نەکەوت کە ئەم شیعرەی هەموو بڵاو کردبوەوە.

# درکاندنێک

ئەی تریفەی خۆزگەی ڕۆژ و شەوگارم
نیگاری ناو ئەلبوومی .. یادگارم ..
ئەوەی جار جار کە خەندەی دەدامێ .. ڕۆی ..
ئەوەی ئەمڕۆ ختووکەی دڵ دەدات تۆی ..
ئەم دەروونەی تۆی تیا دەژی .. ئەمجارە..
زۆری مژی .. تەمومژی .. پەژارە..
گەلێک هەنگاو پێشێلی کرد و ڕۆیشت ..
لە زامداری بەولاوە پێم نەگەیشت ..
هەر هەناسە و تاسە و لێو کرۆشتن بوون
هەرچیم ناسی بازاڕ و فرۆشتن بوون
بە سەرزاری دۆست و بەڵام .. لە دڵا
قوڵپی فێڵ و تۆڵەی لێ هەڵدەقولا
بەلام گیانە هەزار ئۆخەی وا ئێستا
وێنەکەی تۆ لەناو چوارچێوەی هەستا
لەگەڵ ڕەگ و دەماردا گرێم داون ..
هەرچی جامی کۆن هەنە .. فرێم داون ..
وا ئێستا تۆ .. تۆ فریشتەی شادیمیت
سوپاس بۆ ئەو کاتە زێڕینەی دیمیت ..
بۆ ئەو ساڵ و مانگ و ڕۆژەی بەروارە

ڕووناکترین بەهەشتی یادگارە ،
پێشکەشت بێت تروسکایی هەڵبەستم
بۆن خۆشترین گوڵی بێگەردی هەستم
بەری باخچەی سروەی ئیلهامی خۆتە ..
دیمەنیشی وەک شێوەی ڕەنگ و بۆتە
منیش شەیدای وشەی دڵتم بۆ هەست بێت
وەکوو پەری شۆخ و شەنگی هەڵبەست بێت
خۆشەویستیم .. باوەش بکا و ڕایژەنێت
وەکوو ساوا .. بنیشێتەوە و پێکەنێت
ئای چەند خۆشە .. ئاکامی خۆسەویستی
گڕوگاڵی .. ئارامی خۆشەویستی

# گوندێک و کچێک و یادێک و شیعرێک

شۆخەکە ، من هەستم بۆ لای تۆش دەبزوێت
من چرۆم بە سروەی بزەی تۆش دەپشکوێت
بۆیە ژێر سێبەری .. شۆڕەبی بەر مزگەوت
بەرنادەم  چاوەڕێم .. بۆ ڕەوتێک بە ڕێکەوت
دەرکەوە ، شاپەری وەنەوشەی باخی دێ !
لە ناخا گیاندارێک هێرشی ئاخی دێ !
لە چاوی حەزمەوە .. پەپولەی خوای نیگا
ئامادەی فڕینە بە ماچی ڕووت بگا
ئەی لانەی ، شەپۆلی مۆسیقای هەمەڕەنگ
من شەیدام بۆ هەموو جوانێکی شۆخ و شەنگ
کە شێوەی تۆزقاڵێک ، لە شێوەی ئەو بچێت
گەردنی وەک هی ئەو لە سنگی کەو بچێت
یان چاوی ، چەناگەی ، ڕوومەتی ..
یان قژی ..
بە ئاستەم لە ڕەنگ و دیمەنی ..
تیا بژی ..
دەرکەوە فریشتەی سەرنجم دەرکەوە ..
لەسەرخۆ بە پلەی بناردا سەرکەوە..
با تێر تێر هەڵمژم بەرامەی یادگار ..

لە هەستا چاپی کەم .. هەڵوێستی پڕ ئازار ..
هەرچەندە گەلێک جوان گورزی خۆی پیا داوم
زۆر پەچەی هەوری ڕەش .. گرتوویە هەتاوم ..
پەنجەم زۆر بە پشکۆی هی تردا چزاوە ..
نازانم ئەم دڵە بچووکەم چۆن ماوە ؟ !
بۆ ؟ :- چونکە من کوڕی عاتیفە و خەیاڵم
هەر ئەوەش هۆ بوە .. دراوە لە باڵم ..
ئەمڕۆش تۆ بۆ گیانم وابوویتە دوو ، یاداشت
دوو چڵت لە باخچەی خەیاڵ و یادا ، ناشت
بەڵام ئاخ سبەینێ من ئێرە جێ دێڵم
بەرەو شار شاری ژار .. شارە زەردەواڵە
شاری ژان شاری داخ  شاری گوڵ ، هی ژاڵە ..
ئەو شارەی کە فێڵ و تاوان و دەست بڕین ..
تاک و جووت لە مەزاتخانەدا .. دەیکڕین ..
ئەو شارەی بازاڕی گەڕەکی شەقامی
بۆ گیانم بریتین لە  ئاهی ناکامی ..
بۆ ؟: - چونکە ڕووی وێڵم دەکەمە کام جێگام
وێنەیەک لە یادێک دەگەنە بەر نیگام
شۆخەکە ئەی لانەی ئومێدی داهاتوو
تروسکەی لە ئاسۆی گیانەوە هەڵهاتوو
سڵ دەکەم هەتاکوو دێمەوە خوا نەناس ..
دەسکەنەی تۆش بکات بە زەبری دەمەداس

## هۆنراوه بۆ منداڵ
## ١٠ تا ١٢ ساڵانه

# پشیله

چاو بز ، گوێ قوت
فس خت ، فس خت
بەس بێ و بچۆ
بڕۆ ، لاچۆ
تۆم خۆش ناوێت پشیله
تاوانبارەی بی بارەی فێڵ بازیله
هەرچەند جوان و نەرم و نیان و خەپەیت
بەڵام هەتا بڵێیت چڵێسی ، چڵپەیت
نمەک بە حەرام .. نافام
تۆ هەر وەکوو قیر و خەڵووز ڕەش بوویت لەلام
بە گشت بارێک .. من تۆم تاقی کردەوە
سپڵە دەرچوویت بە رەفتار و کردەوە
من دۆستێکم ناوێت نانی نانی بێت
نەوس و هەڵپە ڕەوشت و ئیمانی بێت
****

هەتا هەم بوو چیزەم دایتێ دۆستم بوویت
کاتێ نەم بوو کە نەمدایتێ کۆستم بویت
من دۆستێکم دەوێت .. تەنگانەشم بێت
با نەشمبێت هاودەم و هاوبەشم بێت
نەک هەرکاتێ بووم ڕووم تێکات بڵێ میاو

کە نەشم بوو خۆی بکا بە نەناسیاو
من دۆستێکم دەوێت وێنەی بەشدار بێت " ١ "
لە خۆشیم و ناخۆشیمدا بەشدار بێت
چاو بز .. گوێ قوت
وسکوت .. وسکوت
بەس جرت و فرت
فس خت .. فس خت
خەیاڵ نەکەیت بۆت بکەم پشی پشی
تۆ لە لای من تاڵ و تاریک و ڕەشی
نا ، ناتناسم .. نا ناوت نابەم .. حاشا
ناوت بچێ بەناو .. کۆڵەکەی ئاشا ..
تۆ بەزەییت بە گیانداراندا نایە
چنگ و کەڵبەت لەناو گەروویاندایە
شەش باڵندەی ئەوینی کالا نەخشین .. " ٢ "
سنگان بخۆیت هەموویانت هەڵ لووشین
دوو کۆتری " پەڕلەپێ " و دوانی " پەری " ت
دوای خنکاندن خواردن دەک پێی شەق بەریت
بلبلێکم بەرەڵاکرد سەربەست بێت
بە ئاوازی ناسک شاد و سەرمەست بێت
کەچی تومەز چووبویتە کەمینەوە
ژەهرت کردە هەنگوینی ئەڤینەوە
بڕۆ لاچۆ .. لا .. لاچۆ لەبەر چاوم
من بێزراوی میاو میاوم هەتا ماوم
من بێزراوی ئەوەشم کەوا دژی .
گیان لەبەرە و ناهێڵێت سەربەست بژی

---

" ١ " بەشدار : سەگ
" ٢ " باڵندەی ئەوین : طیر الحب

# لاوکێکی قەڵادزەیی

ئەی شارەکەی جەستە زامدار
دەستە خوشکەکەی هەڵەبجە و
پێنجوێن و
چوارتای
هاو ئازار
ناوچەوانی خانەقینی
جێ قینی
بینی
بەد کردار
چاوی دووز و
کفری و کەلار
ئەبرۆ و برژانگی
شێخان و
مێرگەسوور و
بەدرە و شەنگار
ڕانی رانیە و
ڕەاندوز و
کۆیە و شەقلاوە و
خەلەکان
گەردنی بەرزی بێتواتە و

مەرگە و دوکان
لاملی ماوەت و چۆمان
لالووتی ئاسۆس و گمۆ و
گۆیژە و قەیوان
ڕوومەتی هەر چوار دەربەند و
چەناگەی چەمچەماڵ و شوان
دڵی دهۆک و کەرکوک و
ئەربابیلۆ
جەرگی گەرمیان
سی و هەناسەی
سنگی سەختی
جێ ژوانی
هەورامان و هەندرێن و
سپیلک و ماکۆک و سەفین ،
قەندیل و خواکورک و دابان
سەرشانەکانی کۆسرەت و
پیرەمەگرون و ژیلوانی
کەمەر گوڵدان
پرچی ڕێزان و
لاجانگی
ئاکۆ و ئالان
باسک و دەست و
پەنجە و نینۆکی گوندانی
جوتیارانی
سووتەمەنی
بڵێسەی هەردوو شۆڕش و
نیسان و مارتی ڕاپەڕیو
شاری چەندان جار زامدار و

گوڵ هەڵوەریو
ئەی شاری خۆ بۆ حەشاری
دوا پیلانی دوا وێرانە
قەڵا دزێی بووکی باشوور
قەڵای هەڵۆی چاونەترسی
قەندیلاوی
جی ئومێدی نزیک و دوور
بۆ ئەوەی دوورت خەنەوە
لە سەقز و بانە و خانە
بۆ ئەوەی داتبڕن لە
گشت
ڕۆژهەڵات و
لە گشت باکوور
بۆ ئەوەی زامی سەرشانمان
تا سەربێخ قووڵ بێت و
قووڵتر
ویستیان بەڵام
لە هەموویان ناماقووڵ تر
زێمان نەڕژێتە زێ و
ژێمان
نەپرژێتە
گوێ و
هەستی یەکتر
دەنگمان نەگا بە یەکتر و
نەمان پەرژێتە سەر یەکتر
بە زامداریشت هەر
لێ نەگەڕان
کەوتنە پارچە پارچەت و

هەر پارچەیەکیان هەڵدایتە
دۆڵ و بنار و
دەشتێکی
ناو مشتێکی
جێگە گاز و
قەپی خۆیان
تا ئاسانتر
قووت چیت
بۆیان
بەڵام پەسەند ترین
پەیام
ڕاپەڕین بو هاتە وەرام
سارێژی زام و برین بوو
کردیەوە بە
هێلانە و
بێشکەی ئارام
بۆ ساوا و هیوای
داهاتووی
گەشەکردووی

نیسان ١٩٩٢ سلێمانی

# ئافرەت

ئەفرۆدێت ..
خوێن و گەرمی و
دڵ نەرمی و
نیانی و سیمای داد پەروەری
بە تەنها لە تۆ دێت

**********

ئەگەر من ڕابەری ..
پشتێنەی کەمەری
دەڤەری ..
خۆرئاوا و خۆرهەڵات بوومایە
پێوەری ..
جەمسەری
دەسەڵات بوومایە
نەمدەهێشت ( ئادەم ) ێک
بۆ کەمێک
بگاتە سەر کورسی
هەمیشە بە تەنها
هەر ئێوەم دەکردە بەرپرسی

هەر ئێوەم دەکردە
وەزیر و سەرکردە
لە پاشدا
لە دانی پاداشدا
هەر ئێوەم دەکردە
سەرۆک و پادشا

# کتێبە چاپکراوەکانی
# مەڵبەندی گشتی- یەکێتیی نووسەرانی کورد

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر |
|---|---|---|
| ١ | وێستگە سەرەکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد | |
| ٢ | بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نووسەرانی کورد | |
| ٣ | انطولوجیا الشعر الکردي | د. هیمداد حسین |
| ٤ | انطولوجیا القصة الکردیة | د. هیمداد حسین |
| ٥ | غمنوای کوهستان – داستان کردی | دکتر همیداد حسینی |
| ٦ | ڕەنگدانەوەی کەلەپور لەڕۆمانی کوردیدا | د. ئیبراهیم حەسەن |
| ٧ | ڕەنگدانەوەی لەیلاو مەجنون لەئەدەبی کوردیدا | د. خانزاد عەلی قادر |
| ٨ | شارێك لە پێشوازی عەشقێکی نامۆدا – چیرۆك | سەبا ئەحمەد |
| ٩ | ڕۆژنامەوانی کوردی شاری هەولێر– ١٩٣٥–١٩٧٥ | عەبدوڵڵا ئەنوەر (سمکۆ) |
| ١٠ | قصائد من غناج الطاووس و شرارة الغرنوق | ترجمة المهندس: محمد حسین رسول |
| ١١ | هونەری ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی کوردیدا | نیعمە قەرەنی |
| ١٢ | بولێڵ – کۆمەڵە چیرۆك | سەردار گەردی |
| ١٣ | بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدی–دا | د. فەرهاد قادر کەریم |
| ١٤ | شیوەهای روایت در داستانهای کوتاه – جلال ال احمد و حسین عارف | ڕۆژگار محمد صابر |
| ١٥ | تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەراجدا | ڕێزان ڕەحمان خدر |
| ١٦ | فەلسەفەی شیعرو شیعری فەلسەفی بەنموونەی شیعرەکانی ڕەفیق سابیرو کەریم دەشتی | د. سەنگەر قادر شێخ محمد |
| ١٧ | بنیة المکان في روایتیي الجحیم المقدس و هیلانة | سالار تاوگوزی |

| | | |
|---|---|---|
| ١٨ | الاديب ابن المستوفي وزير اربيل | د. عثمان امين صالح |
| ١٩ | بنياتی هونەریی حەیران | ئەحمەد قەندیل |
| ٢٠ | الرحيل الدامی – حمەکریم عارف– روایه | ت: جلال زنگابادی |
| ٢١ | لەتێ پیاو – چیرۆك | مەهاباد قەرەداغی |
| ٢٢ | زوجات (خليفة) الفاتنات – مجموعة قصصية | ترجمة: مكرم رشيد الطالباني |
| ٢٣ | شێواز لە کورتە چیرۆکی نوێی کوردیدا | د. سەلیم رەشید |
| ٢٤ | الفضاء الروائي عند سليم بركات | د. شاكر سابير |
| ٢٥ | سی ساڵ شیعر– دوو بەرگ | سەباح رەنجدەر |
| ٢٦ | سترانی شەپۆلەکان – شیعری نوێی فارسی | و: ئەمین گەریگلانی |
| ٢٧ | دیوانی کەریم دەشتی– کۆ شیعر– سێ بەرگ | کەریم دەشتی |
| ٢٨ | رۆمانە شیعر مێژوو سەرهەڵدان | عەبدوڵڵا رەحمان |
| ٢٩ | سکاڵا لە پایز ئەکەم | و: ئاوات حەسەن ئەمین |
| ٣٠ | سترانێن پەلا– دوو بەرگ | عارف حیتۆ |
| ٣١ | شەبەنگی شینی ژمارەکان – شیعر | هاشم سەراج |
| ٣٢ | خوێندنەوەی پەراوێزی خوێندنەوە | عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا |
| ٣٣ | ئەزموون لەنێوان شکست و داهێناندا | فەرەیدون سامان |
| ٣٤ | الطبيعة بين السياب و گۆران | د. لطيف محمد حسين |
| ٣٥ | فنارات نقدية في الرواية الكردية | د. عادل گەرمیانی |
| ٣٦ | کۆی کورتە چیرۆکەکانم | د. عەبدوڵڵا ئاگرین |
| ٣٧ | چیرۆك و نامەی راڤەکردن | و: سەنگەر زراری |
| ٣٨ | ژمارەو رەنگەکان – شیعر | پەسار فایەق |
| ٣٩ | هەولێر – رۆمان | شێرزاد هەینی |
| ٤٠ | فەرهەنگی زمانی شیعر و چەند خوێندنەوەیەکی دیکە | زانا خەلیل |
| ٤١ | کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی کورد لەسەر یەکتریدا | د.عەبدوڵڵا خدر مولود |
| ٤٢ | کتێبی سەر دەریا– شیعر | نەوزاد عەلی ئەحمەد |
| ٤٣ | کۆمەڵە شیعر (٨) قەسیدە | فەرید زامدار |
| ٤٤ | Rewnama Or The Book of Migration - Abdullah Sarraj | و: محمد حسين رسول |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٥ | Bi Pê Şopa Azadiya xwe Dikevim | لقمان محمود |
| ٤٦ | رامانی پاك له تەنیاییدا– شەش دەقی شانۆیی | موحسین محەمەد |
| ٤٧ | فیستیڤاڵی نەتەوەیی شیعری کوردی | لێژنەی رۆشنبیری |
| ٤٨ | The Elegy of The Mountain – By Kurdish Authors Selection and Introduction By: Dr.Hemdad Hussen | Tr: A.Ne'mati- Huda M. Sailh- J. Azodi- Luqman Asih- Shamal Akrayi |
| ٤٩ | کرێمستی – رۆمان | کەریم کاکە |
| ٥٠ | مذکرات میت قصص – اسماعیل هاجانی | ت: سامي الحاج |
| ٥١ | یادداشتەکانی پیاوێکی لەبیرکراو – کۆ چیرۆك | حەسەن جاف |
| ٥٢ | رەهەندی دەروونی لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا | د. هاوژین صلیوه |
| ٥٣ | تێکست و دیدگا | شوان سەرابی |
| ٥٤ | پیرشالیار – رۆمان | حەمەکەریم هەورامی |
| ٥٥ | دیوانی مەهاباد قەرەداغی | مەهاباد قەرەداغی |
| ٥٦ | از کجا تا بەکجا؟ هیمن مکریانی | ت: محمد سعید نجاری (ئاسۆ) |
| ٥٧ | مه چ دڤێت وان نەڤێت – هوزان | ئەحمەدێ زەرۆ |
| ٥٨ | سەما و ژڤانەکێ نه چاڤەرێکری – کورتە چیرۆك | عصمەت محەمەد بەدەل |
| ٥٩ | له بەرزایی یەکانی مەزرا بۆتانەوە... – شیعر | ئازاد کەریمی |
| ٦٠ | گومان و بەدگومانی | و: عەبدولڕەحمان مەعرووف |
| ٦١ | مەتارە – چیرۆك | و: د. هیمداد حسین |
| ٦٢ | کلاوی با بردوو – تێکستی ئەدەبیی میللەتان | د. ئیدریس عەبدوڵلا |
| ٦٣ | زمانی گڕ – دیوانی عەبدوڵلا پەشێو بەفارسی | و: رەزا کەریم موجاور (تاپۆ) |
| ٦٤ | سەرپەڕەکانی هیچ – شیعر | م. سامال ئەحمەد |
| ٦٥ | Kurê safa re'nayê | Enwer Mihemed Tahir |
| ٦٦ | راسپاردە – شیعر | جەعفەر شێخولیسلامی |
| ٦٧ | دیوانی ستار ئەحمەد – شیعر | ستار ئەحمەد |
| ٦٨ | Gulistan and the Night - Hasan Slivani | T: Ahmed Khalis Al- Shalan and Ghayda Ali Al-Faisal |
| ٦٩ | هندەك ژ وه و هەموو ژ من – شیعر– دوو بەرگ | هزرڤان |
| ٧٠ | هاوماڵەکان– ئەحمەد مەحموود– رۆمان | و: حەمەکەریم عارف |

| | | |
|---|---|---|
| ٧١ | لەبەردەم جوانیدا | و: ئا: حەمە عەباس |
| ٧٢ | هاورێی حکومەت | و: تاهیر عوسمان |
| ٧٣ | پشوو لە لێوارەکانی تەمەنا | ئاوات حەسەن ئەمین |
| ٧٤ | نەوەیەك بەتەنیشت نیگەرانی و گوناه و خەونەوە | بەرزان هەستیار |
| ٧٥ | نە تۆ مایتەوە، نە باران | ژاوێن شاڵی |
| ٧٦ | پێنج سەفەر، وێنەیەك | فەرۆخ نێعمەتپوور |
| ٧٧ | گەڕان بەدوای ئەفسانەدا | پیرداود مەخمووری |
| ٧٨ | هندەك ڤەكۆلین ل دۆر فولكلۆرێ كوردی | حجی جعفر |
| ٧٩ | تایبەتمەندیێن شعرا كوردی ل ئێكەتییا سۆفییەت | كۆڤان خانكی |
| ٨٠ | بەڵێ، هەڵەیەك رووی داوە | تێكۆشەر خالید |
| ٨١ | سەمای سەفەری پیاوێك | كەریمۆك |
| ٨٢ | عەبدولقادر قرگەیی.. رووناكبیرێكی رابەر..! | زانیار سەردار قرگەیی |
| ٨٣ | دەقاوێزان لە رۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی (بەختیار عەلی)دا | د. هەڵمەت بایز |
| ٨٤ | بررسی و جایگاه فرهنگ عامه در دیوان نالی | كژال فداكار |
| ٨٥ | گۆشەنیگا لە رۆمانەكانی سەبری سلێڤانی دا | د. بەیان ئەحمەد حسێن ئامێدی |
| ٨٦ | تەكنیكی گۆشەنیگا لە رۆمانەكانی (بەختیار عەلی)دا | د. مستەفا ساڵح مستەفا خرواتانی |
| ٨٧ | هەڤوەغەرێ بای | محەمەد عەلی یاسین |
| ٨٨ | كەسێك لازۆی دیبێ؟ (رۆمان) | محەمەد فەریق حەسەن |
| ٨٩ | Uldûz û Qijik | Wergêr: Şilêr Emrahnijad |
| ٩٠ | جامانەی خوێناویی پێشمەرگەیەك | هەڤاڵ ئەحمەدی |
| ٩١ | لا قمامة في هذه المدينة | إبراهيم محمود |
| ٩٢ | كورتیلە چیرۆكی كوردی لە باشووری كوردستاندا (١٩٧٠ — ١٩٧٩) | ئازاد محەمەد سەعید |
| ٩٣ | اطفال محلة حسام | اكو كريم معروف |
| ٩٤ | طائر الفينيق | نواف خلف السنجاري |
| ٩٥ | قاضي محمد — التاج الذهبي | احمد اسماعيل اسماعيل |
| ٩٦ | نوێژی روناهی | ئاسۆ حەسەن |
| ٩٧ | توانەوەی كات — شیعر | فەهد شوانی |

| | | |
|---|---|---|
| ٩٨ | کتێبەکەم — کتێبی منداڵان | حەمە ساڵح فەرهادی |
| ٩٩ | بارش عشق — شعر | ترجمە: نسیم مروت جوو |
| ١٠٠ | دیالۆگ — دوو بەرگ | ئازاد عەبدولواحێد |
| ١٠١ | منداڵ و فیلم کارتۆن (ئۆپەرێت بۆ منداڵان) | عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی |
| ١٠٢ | منداڵ لە هەندێ بواری رۆشنبیریدا | دارا محەمەد عەلی |
| ١٠٣ | شاعیرێ وێنە دەکێشێ — کۆبەرهەم | عەبدولقادر سەعید |
| ١٠٤ | کۆ شیعری جەمال شارباژێری (دوو بەرگ) | جەمال شارباژێری |